# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە ( ٣ ) ساڵی یەکەم، ئازاری ٢٠٢٤



- هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا؛ جێگیرکردنی سەنگی پارتەکان
- ڕۆژئاوای کوردستان و ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا
- داهاتووی ململانێکانی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان
- قەییوم؛ پەڵەیەکی ڕەش لە سیستەمی ئیدارەی خۆجێیی تورکیادا
- چاوپێکەتن لەگەڵ ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغڵۆ

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، ئازاری ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد صاڵح
بەڕێوەبەری نووسین: ئەحمەد سیروانی

بۆردی ڕاوێژکاران:
د.یوسف گۆران
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان
هەڵەگر: گرووپی زەنوێر (هەژیر عەبدولڕەحمان)

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

وەرزنامەی
# تورکیاناسی

تورکیاناسی؛ گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوە و شیکاری سیاسەت و ستراتجی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات. دەرکردنی گۆڤارێکی لەم شێوەیە ئەگەر بۆخۆی پێدانی مەعریفەی گشتی بێت، ئەوا لە ئاستە تایبەتیەکەیدا ئەرکێکی وردتری هەیە کە هەوڵدەدات شرۆڤەو بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرس و بڕیار و سیاسەتانە بکات کە تورکیای نوێ وەک پاشماوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژویی بەرامبەر گەلان و وڵاتانی جیهان دەیانگرێتەبەر، لەناویشیاندا بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەهۆی بوونی کومەڵێک فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کەلتورییەوە کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاویشەکانی بۆسەر ئێمەی کورد زیاترەو ئەستەمە نادیدەیان بگرین و خۆمانی لێ بەدوربگرین. هەروەها تورکیای نوێ وەک کارەکتەرێکی هەرێمایەتی و ئەندامی بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی (ناتۆ) وایکردوە بەردەوام جوڵەو کاروکردەوەکانی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونی ناوەندەکانی لێکۆلینەوە بێت. لەم روانگەیەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەرکردنی گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بە تورکیا بە پێویست و گرنگ زانیوە. تورکیاناسی کار دەکات لەسەر ئەوەی کە تورکیا وەک خۆی بناسێت بە بێ هیچ جۆرە پێش داوەرییەک تا بتوانێت ئەو دەرفەت و هەڕەشانە بخوێنێتەوە کە تورکیا دەتوانێت دروستی بکات لە پرسە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و پرسی کورد بەتایبەتی.

# ناوەڕۆك


**سەروتار**

◇ **هەڵبژاردنەکان و گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی لە تورکیا**.........................................ئەحمەد سیروانی | ٥

**توێژینەوە**

◇ **پارتە کوردییەکانی تورکیا و بڕیارەکانی دادگای دەستووری(داخستنو هەڵوەشاندنەوە بە نموونە)**.م.ی.رابەر سیوەیلی | ٩

◇ **هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا؛ جێگیرکردنی سەنگی پارتەکان**.................................ئەحمەد سیروانی | ٢٥

◇ **ڕۆژئاوای کوردستان و ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا**.......................................................کەیوان هەڵەبجەیی | ٤٧

◇ **پەیوەندییەکانی تورکیا و یۆنان (لە هەڵگیرساندنی جەنگەوە بۆ دانوستان و دۆستایەتی)**...ئیسماعیل حاجی زەڵمی | ٦٣

◇ **داهاتووی ململانێکانی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان**.............................بەختیار ئەحمەد ساڵح | ٧٩

**وەرگێڕان**

◇ **قەییوم؛ پەڵەیەکی ڕەش لە سیستەمی ئیدارەی خۆجێیی تورکیادا**...............................وەرگێڕانی: لاڤە ڕەسوڵ | ٩٥

◇ **کێ ئیسلامییە کوردەکان لەئامێزدەگرێت؟**...........................................وەرگێڕانی: سەرکۆ عەلی عەبدولقادر | ١١١

◇ **بۆچی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تاوانکارییەکان دێنە تورکیا؟**...........................وەرگێڕانی: سامان مستەفا | ١١٩

**چاوپێکەوتن**

◇ **چاوپێکەتن لەگەڵ ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغلۆ**......................................................ئامادەکردنی: تورکیاناسی | ١٢٧

**خوێندنەوەی کتێب**

◇ **سەحەر: ڕۆژنەیەك لە بەندیخانەوە بەرەو خۆرەتاو**..........................................................مەزهەر ئیبراهیمی | ١٣٩

**چەمکناسی**

◇ **هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا**..............................................................ئامادەکردنی: تورکیاناسی | ١٥١

# سەروتار

## هەڵبژاردنەکان و گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی لە تورکیا



ئەحمەد سیروانی

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا و باکووری کوردستان هاوکاتە لەگەڵ هاتنە پێشەوەی چەند هێزێکی نوێی سیاسی و دیاریکردنی سەنگی حیزبەکانی ئەو وڵاتە. ئەم هەڵبژاردنە کە بڕیارە لە ٣١ی ئازاری ٢٠٢٤ ئەنجام بدرێت یەکەم هەڵبژاردنە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا سەرجەم حیزبە سیاسییەکان بە جیا و بەبێ بەستنی هاوپەیمانی بەشداری تێدا دەکەن.

هاوپەیمانی کۆمار بەجۆرێک لە جۆرەکان هەڵوەشاوەتەوە و تەنها پارتی داد و گەشەپێدان (ئاک پارتی) و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکەدا بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، هاوپەیمانی میللەت و مێزی شەش قۆڵی بە تەواوەتی هەڵوەشاوەتەوە و پارتە بەشدارەکانی بۆ ئیستەنبوڵ و شارە گەورەکان و تەنانەت زۆربەی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان هەریەکەو بەجیا کاندیدیان بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی و ئەنجوومەکان دیاریکردووە، بە جۆرێک ئەوانەی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩ پشتیوانیان لە ئەکرەم ئیمام ئۆغلو کاندیدی جەهەپە و هاوپەیمانی میللەت بۆ سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ دەکرد، کەوتوونەتە هەڵدانەوەی مەلەفەکانی ناوبرا و دژایەتی سەختیشی دەکەن. هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادیش کە بە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ پێهێنرا، هەڵوەشاوەتەوە و پارتەکانی ناوی لە تورکیا و باکووری کوردستان بەجیا دەچنە هەڵبژاردنەوە. لە هەمانکاتدا پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلان (دەم پارتی)

کە درێژکراوەی هەدەپە-یە، جگە لە دوو ناوچە لە ئیستەنبوڵ لە سەرجەم شارەکانی تورکیا کاندیدی دیاریکردووە و پشتیوانی لە کاندیدی جەهەپە ناکات.
لەلایەکی دیکەوە کشانەوەی پارتی ڕەفاهی نوێ (یەڕەپە)بە سەرۆکایەتی فاتیح ئەربەکان لە هاوپەیمانی کۆمار، ئاماژە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانێکی قووڵ و ئاڵۆزی سیاسی لە ناوخۆی تورکیادا دەکات، بەجۆرێک کۆتایی قەیرانەکە بە پووکانەوەی ئاک پارتی و کرانەوەی ئەستێرەی بەختی فاتیح ئەربەکانی کوڕی نەجمەدین ئەربەکانی دامەزرێنەری "بیری نەتەوەیی/ ئیسلامی Milli Görüş" کۆتایی بێت.
یەڕەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ پشتیوانی لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کرد، بەڵام حزبەکەی بە لیستی سەربەخۆ لە چوارچێوەی هاوپەیمانی کۆماردا توانی ٥ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، ئەم سەرکەوتنە چاوەڕوان نەکراوە هێزێکی وای بە فاتیح ئەربەکان داوە، خۆی بە بەدیلی بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش بزانێت. هەربۆیە یەڕەپە تەواوی هەوڵی خۆیی خستووەتە گەڕ، بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنی چاوەڕواننەکراو بکات بە دیاری بۆ خەڵکی تورکیا و لێرەشەوە ئامادەکاری بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٨ بکات.
یەڕەپە وەک پێنجەم پارتی سیاسی "بیری نەتەوەیی/ ئیسلامی" لە دوای پارتی سەعادەت، ئاک پارتی، پارتی دەڤا و پارتی ئایندە دامەزراوە. هەریەک لە سەعادەت و دەڤا و ئایندە بەهۆی ڕێککەوتنیان لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) و پشتیوانیان لە کەمال کلیچدارئۆغڵو کاندیدی هاوپەیانی میللەت بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لەلایەن دەنگدەرەوە سزا دراون و خەریکە لە نەخشەی سیاسی تورکیادا دەسڕێنەوە. ئاک پارتی-ش کە تا ئێستا ڕکابەرێکی نییە قۆڵی با بدات و بیخاتە زەوی، وەک پرۆژەیەکی ئیسلامی مۆدێرن لە کۆتاییەکانی تەمەنیدایە و پێدەچێت هەناسەکانی لەگەڵ هەناسەکانی ئەرۆغاندا بێت.
یەڕەپە سەرەڕای پشتیوانی لە ئەردۆغان لە ساڵی ٢٠٢٣، بەردەوام بوو لە ڕخنەگرتن لە دەسەڵاتەکەی، بەجۆرێک تا ئێستاش ناتوانرێت ئەم پارتە بخرێتە بەرەی دەسەڵات یاخوود ئۆپۆزسیۆن. هەر ئەمەیشە وایکردووە لە شەقامی تورکیادا پێشوازییەکی باشی لێ بکرێت و وەک بەدیلی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیش تەماشا بکرێت.
لەلایەکی دیکەوە پشتیوانی هەدەپە/ دەم پارتی بۆ کەمال کلیچدارئۆغڵو لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣، نزیکبوونەوەی پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) لە ئاک پارتی و بەدەستهێنانی پشتیوانی خودی ئەردۆغان لێی، هەروەها کرانەوەی بەرپرسانی پارتەکە و بایەخدان بە بیری نەتەوەیی کوردی/ ئیسلامی لە تورکیادا و هاتنەپێشەوەی ژمارەیەک کەسایەتی وەک سەرکان ڕامانلی کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیایە و لە هەانکاتدا کاندیدی هوداپارە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی باتمان، دۆخێکی نوێی سیاسی لە باکووری

کوردستان هێناوەتە کایەوە. بە جۆرێک ئیدی هەدەپە/ دەم پارتی ناتوانێت بە تەنها خۆی بە خاوەنی دۆزی کورد بزانێت، تەنانەت ئێستا لەلایەن ئەردۆغانەوە هوداپار وەک نوێنەری کورد لە تورکیا وێنا دەکرێت و دەزگا میدیاییەکانی نزیک لە ئاک پارتیش ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە ئاراستەکردنی ئەم وێنایە بۆ ڕایگشتی تورکیا و باکووری کوردستان.

هوداپار هەرچەندە بە درێژکراوەی حیزبولڵای کوردی دادەنرێت، بەڵام بەرپرسانی ئێستای تاڕادەیەکی باش بە شێوازی مۆدێرن و گونجاو لەگەڵ دۆخی سیاسی تورکیا و جیهاندا هاتوونەتەوە مەیدان. بەرپرسانی ئەم پارتە هەردوو بابەتی ئیسلامەتی و کوردایەتییان وەک دوو کارتی بەهێز بەدەستەوەیە و هەم دژی ئاک پارتی و هەم دژی هەدەپە/ دەم پارتی بەکار دەهێنن.

دواجار بەشداریکردنی حیزبەکان بەبێ هاوپەیمانی لەم هەڵبژاردنەدا دەرفەتێکە بۆ زانینی سەنگی هەریەکەیان، بۆیە لە دوای ئەم هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسی تورکیا چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورەی لێدەکرێت.

هەموو ئەم پێشهاتانە ئاماژەن بۆ هاتنەکایەی دۆخێکی نوێی سیاسی لە تورکیا و باکووری کوردستان. بەجۆرێک سەنگی هێز هەم لەناو دەسەڵات و هەم لەناو بەرەی ئۆپۆزسیۆندا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت. باکوری کورستانیش بەدەر نابێت لەو گۆڕانکارییانە، بۆیە ئەم هەڵبژاردنە بۆ تورکیا و باکووری کوردستان زۆر هەستیارە و دەرەنجامەکانی وەرچەرخان لە پێگەی هێزە سیاسییەکاندا دەهێنێتە کایەوە.

توێژینەوەکان

تورکیاناسی

# پارتە کوردییەکانی تورکیا و بڕیارەکانی دادگای دەستووری

## (داخستنو هەڵوەشاندنەوە بە نموونە)

م.ی. ڕابەر سیوەیلی

دەروازە

هەورازو نشێوی پەیوەندیی نێوان پارتە کوردییەکانی تورکیاو دادگای دەستووریی ئەو وڵاتە، کاریگەریی قووڵو بەرچاوی لە سەر کایەی سیاسی، یاساییو پێکەوەژیانی نەتەوایەتی دروستکردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بوونی کوردو نوێنەرە سیاسییەکانی، لە لایەك گوزارشتە لە پێکهاتەیەکی فرەکولتوورو فرەڕەهەندی تورکیا، لە لایەکی دیکەشەوە چالاکی پارتە کوردییەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گەشەسەندنی دیموکراسیی تورکیاو کاریگەرییەکانی لە سەر دۆزی کورد هەیە.
دادگای دەستووریی کۆماری تورکیا، یەکێکە لە ئۆرگانە باڵاکانی دادوەریی ئەو وڵاتەو ڕۆڵێکی سەرەکیی لە پێکهاتەی یاسایی کۆماری تورکیادا هەیەو بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بناغەی سیستەمی یاسایی تورکیا دادەنرێت، تاوەکو ئێستا چەندین بڕیاری چارەنووسسازی سەبارەت بە پارتە کوردییەکان دەرکردووە، بە تایبەتی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندیدارن بە پرۆسەی داخستن یاخود سنووردارکردنی چالاکییەکانیانەوە.

## دادگای دەستووری وەک دامەزراوەیەکی کۆماری تورکیا

ئەم دادگایە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢، لە ڕێگەی دەستووری نوێی تورکیاوە ڕەوایەتیی وەرگرتووەو بە گوێرەی ماددەی ١٤٨ی دەستوور دەسەڵاتەکانی دیاریکراوە. ئەرکی سەرەکییشی بریتییە لە لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لە سەر ئەو کەیسانەی کە گومانی نایاساییبوونیان لە سەرە، هاوکات بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە دەکات کە گوایە نادەستوورین‌و پابەندبوونیان بە بنەماکانی دەستوور هەڵدەسەنگێنێت‌و بڕیاری کۆتاییان لە بارەوە دەدات(١). گرنگترین دەسەڵاتەکانیشی بریتین لە وردبینیکردن لە دەزگاکانی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری. هەروەها ئەرکی پاراستنی مافە دەستوورییەکانی تاکەکان دەگرێتەئەستۆو سەرپەرشتیی چالاکییەکانی یاسادانان دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا دەسەڵاتی یاسادانان بە گوێرەی دەستوور یاساکان دەردەکات یاخود بە شێوازی دیکە(٢).

دادگای دەستووری لە مێژووی دەستبەکاربوونیەوە تاوەکو ئێستا کۆمەڵێک بڕیاری گرنگی دەرکردووە، لەوانە: دۆسیەکانی تایبەت بە داخستنی پارتە سیاسییە کوردییەکانی وەکو "پارتی کرێکاریی گەل، پارتی ئازادی‌و یەکسانی، پارتی ئازادی‌و دیموکراتی، پارتی دیموکراتی، پارتی دیموکراتی گەل، پارتی گەلی دیموکرات، پارتی کۆمەڵگەی ئازاد، پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی‌و پارتی ئاشتی‌و دیموکراتی"(٣). لە ڕاستیدا ئەو بڕیارانە کە تایبەتن بە داخستن یاخود هەڵوەشاندنەوەو سنووردارکردنی چالاکیی پارتە کوردییەکان، هەمیشە مشتومڕی یاسایی‌و سیاسیی بە دوای خۆیدا هێناوە، هەندێك لایەن پشتگیریی لێ دەکەن‌و وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی یەکگرتوویی‌و یەکپارچەیی وڵات لەقەڵەمیدەدەن، هەندێکی دیکەش لەو بڕوایەدان کە ئەم بڕیارانە پاکتاوی سیاسییەو پێچەوانەی بنەماکانی ئازادیی ڕادەربڕین‌و پاراستنی مافە دیموکراسییەکانە.

## ڕوانینی دەستووری کۆماری تورکیا بۆ پارتی سیاسی

ئەگەر بمانەوێت پارتی سیاسی لە تورکیا بناسین، هۆکارەکانی داخستنی پارتە کوردییەکان تێبگەین‌و دواجار ئەنجامێکی لۆژیکی لە بارەی ئەم بابەتەوە بخەینەڕوو، زۆر گرنگە بزانین کە پێگەی پارتی سیاسی لە دەستووری کۆماری تورکیادا لە چ ئاستێکدایەو یاساکانی ئەو وڵاتە چۆن ئەدای کاری سیاسیی پارتەکانیان دارشتووە!

دەستووری کۆماری تورکیا پارتە سیاسییەکان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی ژیانی سیاسی‌و دیموکراسی دەناسێنێت.

لەو بڕوایەدایە سیستەمێک کە پارتەکان بە شێوەیەکی ئازادانە تێیدا دامەزراون، بەڵام ئەگەر دەرفەتی بەشداریکردنیان لە کێبڕکێی دەسەڵاتدا پێ نەدرێت، ناتوانرێت بە سیستەمێکی دیموکراسی لەقەڵەمبدرێت(٤)! هەر بۆیە دەبینین کە دەستوور هانی بەشداریکردنی لایەنە سیاسییەکان دەدات لە پرۆسەی دیموکراسیدا. لە بەرانبەریشدا چاوەڕوانیی لە پارتە سیاسییەکان هەیە کە بە پێی دەستوور کاربکەنو داوایان لێ دەکات ڕێز لە پرەنسیپەکانو یەکگرتوویی کۆماری تورکیا بگرن، نابێت هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانو کارکردنو چالاکیو بڕیارەکانیان پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بێت. هەروەکو لە ماددەی ١٤ی دەستووردا هاتووە، کە پارتە سیاسییەکان دەبێت یەکپارچەیی کۆماری تورکیا بە خاکو نەتەوەکەیەوە بپارێزنو تایبەتمەندییەکانی کۆماری دیموکراتیو عەلمانی بگرنەبەرو پابەندبن بە بنەماو چاکسازییەکانی ئەتاتورکەوە. هاوکات زنجیرەیەك بەرپرسیاریەتییش بە سەر ئۆرگانەکانی دەوڵەتدا دەسەپێنێت، کە بەرپرسیارن لە پاراستنی دەستوورو دەستەبەرکردنی ئارامیو ئاسایشی کۆمەڵگە(٥).

لە لایەکی دیکەوە، لە ماددەی سێو چواری یاسای پارتە سیاسییەکاندا کە بە ژمارە ٢٨٢٠ لە ڕێکەوتی ٢٢ی نیسانی ١٩٨٣دا دەرچووە، ئاماژە بەوە کراوە کە پارتە سیاسییەکان بە گوێرەی دەستوور ئەو ڕێکخراوانەن کە چوارچێوەیەکی یاساییان هەیەو ئامانجیان گەیشتنە بە ئاستی گەشەسەندنێکی هاوچەرخ لە ناو دەوڵەتێکی دیموکراسیدا. هەروەها کاردەکەن لە پێناو دەستەبەرکردنی پێکهێنانی ئیرادەی نیشتیمانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیو ئیدارەی ناوخۆییەوە، بە مەرجێك هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە لە پەیڕەوو بەرنامەکانیاندا دیاریکراون(٦).

**دادگای دەستووریی کۆماری تورکیا یەکێکە لە ئۆرگانە باڵاکانی دادوەریی ئەوولاتەو ڕۆڵێکی سەرەکیی لە پێکهاتەی یاسایی کۆماری تورکیادا هەیەو بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بناغەی سیستەمی یاسایی تورکیا دادەنرێت**

### دەستوورو داخستنی پارتە سیاسییەکان

بە گوێرەی دەستوورو یاساکانی کۆماری تورکیا، دۆسیەی داخستنی پارتە سیاسییەکان لەلایەن سەرۆکی داواکاری گشتیو دادگای باڵای تێهەڵچوونەوەوە لە دادگای دەستووری تۆماردەکرێن. بۆ بڕیاردانیش لە سەر داخستنی پارتێکی سیاسی، پێویستە لە کۆی پازدە ئەندام، دەنگی یازدە ئەندام مسۆگەربکرێت.

جێگەی باسە، سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لە فەرمانکردن بە دادوەرانی لێکۆڵینەوە، بە مەبەستی بەدواداچوونی هەر دۆسییەیەک کە بنەمای تۆمەتبارکردنی پارتێکی سیاسی یان ڕێکخراوێک پێکدەهێنێت(٧). هاوکات سەرۆکی داواکاری گشتی دەتوانێت داوای هەر بەڵگەنامەیەك لە لایەنە سیاسییەکان بکات، کە بەپێویستبزانرێت بۆ پێداچوونەوە، لایەنە سیاسییەکانیش دەبێت لە ماوەی پازدە ڕۆژدا وەڵامی داواکارییەکان بدەنەوە. هەروەها سەرۆکی داواکاری گشتی دەتوانێت هەر دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی جێگری سەرۆکی داواکاری گشتی یان یاریدەدەرەکانیەوە بکاتەوە(٨).

لە لایەکی دیکەوەو بە گوێرەی ماددەی ١٠٩ لە یاسای پارتە سیاسییەکاندا، دۆسیەی داخستنی پارتێکی سیاسی بە کۆنگرەی گەورەی پارتەکە یەکلاییدەبێتەوەو بە دەنگدانی نهێنی بڕیاردەدرێت. ئەگەر بڕیاری داخستنی پارتێکی سیاسییش درا، دەستبەجێ هەریەکە لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا (پەرلەمان)، سەرۆکایەتیی دادگای دەستووری، دیوانی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیو وەزارەتی ناوخۆ ئاگاداردەکرێنەوە کە فلان پارتی سیاسی داخراوەو ئەنجامدانی هەر چالاکییەك لە ژێر ناوی پارتی داخراودا، لێپرسینەوەی یاسایی بە دوای خۆیدا دەهێنێت(٩).

هەروەها لە ماددەی ١١٠ی هەمان یاسادا ئاماژە بەوە کراوە کە دەتوانرێت سەروەتو سامانی پارتێکی سیاسیی هەڵوەشاوە بگوازرێتەوە بۆ پارتێکی سیاسیی دیکە، کە مەبەستی بێت لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی پارتی داخراودا یەکبگرێت. بە پێچەوانەوە، لە نەبوونی بژاردەیەکی لەو شێوەیەدا، سەروەتو سامانی پارتی داخراو دەگوازرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت. هاوکات لایەنێکی سیاسی، کە سکاڵایەکی یاسایی لە دژی تۆمارکراوە بۆ داخستنی، بە هیچ شێوەیەك مامەڵە بە سەروەتو سامانەکەیەوە ناکرێت تا ئەو کاتەی داوا یاساییەکە کۆتاییپێدێت(١٠).

## داخستنی پارتە کوردییەکان: هۆکارو مێژوو

ئەگەر بەراوردێکی لۆژیکی بکەین لە نێوان پێگەی پارتی سیاسی لە ناو بەندو ماددەکانی دەستووری تورکیا لەگەڵ هۆکارەکانی داخستنی پارتە کوردییەکاندا، زۆر بە ڕوونی هەست بە دژیەکیو نادروستیی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بوارە دەکەین! چونکە بڕیاری داخستنی پارتە کوردییەکان، زیاتر ململانێو کێشمەکێشمی سیاسی بە سەریدا زاڵە، تا ئەوەی لە هەناوی دەستوورو بنەما دیموکراسییەکانەوە سەرچاوەیگرتبێت.

بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە، بریتییە لە کۆمەڵێک هۆکاری باو، کە زۆر جار لە داخستنی پارتە کوردییەکاندا پەنای بۆ دەبرێت:

- پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا (پەکەکە): حکومەتی تورکیا بەشێک لە پارتە کوردییەکانی داخستووە، بە بیانووی ئەوەی پەیوەندییان بە پەکەکەوە هەیە.

- چالاکییە پێچەوانەییەکانی دەستوور: هەندێک جار پارتە کوردییەکان تۆمەتباردەکرێن بەوەی کە پێچەوانەی دەستوورو یاساکانی تورکیا دەجوڵێنەوە، وەکو هاندانی کردەوەی توندوتیژی، یاخود هەوڵدان بۆ تێکدانی ئەمنیەتو ئاسایشی وڵات.

- چالاکیی جوداخوازی: هەندێک جار پارتە کوردییەکان بە بیانووی ئەوەی کە دژی یەکپارچەیی خاکی تورکیا چالاکیی جوداخوازی دەکەن، دادەخرێن. بە تایبەت ئەو جۆرە چالاکییانەی کە تورکیا پێی وایە زیان بە یەکێتیو یەکپارچەیی نەتەوەیی دەگەیەنێت.

- ململانێی نەتەوەییو سیاسی: ڕەنگە هەندێك جار بە بیانووی ئەوەی کە پارتە کوردییەکان دەبنە هۆی پەرەسەندنی ململانێ نەتەوەییو سیاسییەکان، دابخرێن! بە تایبەت ئەگەر حکومەت بگاتە ئەو بڕوایەی کە لایەنێك بەشدارە لە تێکدانی شیرازەو ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە ناو وڵاتدا.

بە ڕەچاوکردنی ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێ دان، لە مێژووی نیو سەدەی ڕابردووی تورکیادا زۆرێک لە پارتە سیاسییە کوردییەکان، کە وەک "هەڕەشە" سەیردەکران، داخران. پشکی گەورەی ئەو پرۆسەیەش بەر پارتە کوردییەکانو ئیسلامییەکان کەوت، چونکە ئەمانە هەمیشە جێگەی سەرنج بوون. کەواتە ئاشنابوون بە مێژووی داخستنو هەڵوەشاندنەوەی پارتە کوردییەکان، هەنگاوێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی سیاسیی تورکیا.

**گرنگترین دەسەڵاتەکانی دادگای دەستووری بریتین لە وردبینیکردن لە دەزگاکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری. ئەرکی پاراستنی مافە دەستوورییەکانی تاکەکان دەگرێتە ئەستۆو سەرپەرشتیی چالاکییەکانی یاسادانان دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا دەسەڵاتی یاسادانان بە گوێرەی دەستووریاساکان دەردەکات یاخود بە شێوازی دیکە.**

**پارتی کرێکاریی گەل (هەپ) ((HEP**
**Halkın Emek Partisi**

هەپ، وەکو پارتێکی سیاسیی کوردی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە تورکیا

دامـەزراوە. ئامانجی سـەرەکییشی بریتی بـووە لـە نوێنـەرایەتیکردنی جۆراوجۆریی نـەتـەوەیی و کولـتـووری لـە تـورکـیـا. ئـەم پارتە هەر لە سەرەتاوە بە بەرگریکردن لە مافە سیاسییەکانی کوردو بەشداریکردن لە خەبات بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایـەتی نـاسـراوە، بـەڵام دادگـای دەستووری لە ١٤ی تەممووزی ١٩٩٣ بە کۆی دەنگی ١١ ئەندام بڕیاری داخستنی پارتەکەی دەرکرد، بە بیانووی "هەبوونی ئامانجی لەناوبردنی یەکپارچەیی دەوڵەت". لـە کاتێکـدا هـەپ شــازدە ئـەنـدامـی لـە پـەرلـەمـانـی تـورکـیـا هـەبـوو، هـاوکـات بڕیاریشیدا کە بەشێک لە وتەکانی فەهمی ئیشکلاری سەرۆکی پارتەکەو کارەکانی ئەو پارتە ڕاستەوخۆ پێشێلکردنی دەستووری تورکیایە(١١).

### پارتی ئـازادی و دیموکراسی (ئـۆزدەپ) ÖZDEP)Özgürlk ve Demokrai) Partisi

ئـۆزدەپ، پارتێکی سیاسیی کوردییە، لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ لە سەردەمی بـزوتـنـەوەی کۆمـەڵـگـەی دیـمـوکـراسـی، وەکــو بــەرپــەرچــدانــەوەی داخـسـتـنـی هــەپ لـە تـورکـیـا دامـــەزراوە. ئـەم پارتە هـەر لـە سـەرەتـاوە کـەوتـەبـەر سـەرنجی دەسـەڵاتـدارانـی ئـەو کاتـەی تورکیاو هەر زوو لـە دادگــای دەسـتــووری دۆسـیـەی داخستنی بۆ کرایەوە، بەڵام بەرپرسانی پارتەکە دوای شەش مانگ لە ڕاگەیاندنی، لـە ٣٠ی نیسانی ١٩٩٣ لـە نـاو خـۆیـانـدا بـڕیـاری هـەڵـوەشـانـدنـەوەی پـارتـەکـەیـان دا، بـەبێ ئـەوەی چـاوەڕێی کۆتـایـیـهـاتـنـی دۆسـیـەکـە بـکـەن. هــاوکـات دادگــای دەسـتـووریـیـش لـە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٩٣ بـە فـەرمـی داخستنی پـارتـەکـەی ڕاگەیاند، بە بیانووی ئەو بڕگانەی کە لە بەرنامەکەیدا "دژی یەکپارچەیی دەوڵەت بوون لەگەڵ خاکو نەتەوەکەیدا"، بەڵام دواتـر دامـەزرێنـەرانی پارتەکە لە دادگای مافی مرۆڤ لـە ئەوروپا؛ داوای یاساییان لـە سـەر تـورکیا تـۆمارکـرد، دادگـای مافی مرۆڤی ئەوروپاش دوای چەند دانیشتنێکی تایبـەت بـەو پرسـە، سـەرئـەنجام بڕیاریدا کـە مــاددەی ١١ی ڕێـکـکـەوتـنـنـامـەی مـافـەکـانـی مـرۆڤ پێـشـێـلـکـراوەو بـڕی ٣٠ هەزار فرانکی فەڕەنسی وەکو سزا بە سەر کۆماری تورکیادا سـەپاند، کە ڕادەستی "مەولود ئیلیک"ی سەرۆکی ئـەو کاتـەی پارتەکەی بکات(١٢).

### پارتی دیموکراسی (دەپ) Demokrasi Partisi (DEP

دەپ، وەک سـێـیـەمـیـن پـارتـی سـیـاسـیـی کوردی، لـە سـەروبـەنـدی داخـسـتـنـی پـارتـی ئــازادی و دیـمـوکـراسـی لـەلایـەن دادگــای دەسـتـووریـی تـورکـیـاوە، لـە ٧ی ئـایـاری ١٩٩٣ دامەزرا. ئامانجی سەرەکیی پارتەکە بریتی بـوو لـە زیـادکـردنـی مـافـی سیاسیی و نـوێـنـەرایـەتـیـی کــورد لـە تــورکـیـا، بـەڵام بـە هـۆی چـالاکـیـیـەکـانـیـیـەوە هـەر زوو

لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی تورکیاوە دووچاری ئاستەنگیی جۆراوجۆر کرایەوەو تەنانەت ئەندامەکانیشی ڕووبەڕووی فشارو دەستبەسەرکردن بوونەوە. پاش نۆ مانگ لە دامەزراندنی، لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣دا دۆسیەی داخستن لە دژی پارتەکە کرایەوە، سەرئەنجام لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا داخرا. هاوکات بەشێک لە نوێنەرانی پەرلەمانی سەر بە پارتەکەش لە کارەکەیان دوورخرانەوەو هەندێکیشیان سزای ١٥ ساڵ زیندانییان بە سەردا سەپێنرا(١٣).

## پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا، چالاکییە پێچەوانەییەکانی دەستووروو چالاکیی جوداخوازیو ململانێی نەتەوەییو سیاسی؛ گرنگترین ئەو هۆکارو بەهانانە بوون بۆ داخستنی پارتە سیاسییە کوردییەکان لەلایەن دادگای دەستوورییەوە.

## پارتی دیموکراسیی گەل (هادەپ HADEP)Halkın Demokrasi Partisi)

هادەپ، یەکێکی دیکەیە لەو پارتە کوردییانەی کە وەکو نارەزایی دەربڕینێك لە بەرانبەر دەستپێکردنی پرۆسەی داخستنی پارتی دیموکراسیدا، لە ١١ی ئایاری ١٩٩٤ لەلایەن هەمان تەوژمی سیاسیی ئەو کاتەی کوردانی تورکیاوە دامەزرا. ئەم پارتە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵانی ١٩٩٥و ١٩٩٩دا نزیکەی (٥٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناو کەوتە جموجوڵو چالاکیی سیاسی، بەڵام چالاکییەکانی لەلایەن دامەزراوە سیاسییەکانی ئەو کاتەی تورکیاوە پەسەندکراو نەبوونو لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ داوای یاسایی دژی پارتەکە تۆمارکرا، بە بیانووی ئەوەی "ناوەندی چالاکیی نایاسایی" بووەو پەیوەندیی لەگەڵ پەکەکەدا هەبووە. سەرئەنجام لە ١٣ی ئازاری ٢٠٠٣ هادەپ داخراو ٤٦ کەس لە ئەندامانی کە "موراد بۆزلاک"ی سەرۆکی پارتەکەیشی تێدا بوو، بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەموو جۆرە چالاکیو بەشدارییەکی سیاسییان لێ قەدەغەکرا(١٤).

## پارتی گەلی دیموکرات (دەهاپ DEHAP)Demokratik Halk Partisi)

دەهاپ یەکێکی دیکەیە لە پارتە کوردییەکانی تورکیا، کە لە سەروبەندی داخستنی پارتی دیموکراسیی گەلدا، لەلایەن هەمان گرووپی سیاسییەوە لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ دامەزرێنرا. ئامانجی سەرەکیی پارتەکە بریتی بوو لە پارێزگاریکردن لە مافو داواکارییەکانی کورد لە تورکیا، بەڵام تەمەنی سیاسیی ئەم پارتە زۆر درێژەینەکێشاو دوای ئەوەی پارتی دیموکراسیی گەل لە ١٣ی ئازاری

٢٠٠٣ داخرا، دۆسیەی داخستنیش لە دژی ئەم پارتە تۆمارکرا، بەڵام بەر لەوەی دادگای دەستووری بڕیاری کۆتایی بدات، پارتەکە لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ خۆی هەڵوەشاندەوە(١٥).

### پارتی کۆمەڵگەی ئازاد (Özgür Parti) Özgür Toplum Parisi

پارتی کۆمەڵگەی ئازاد، پارتێکی دیکەی سیاسیی کوردییە، کە لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ لەلایەن ٣٣ کەسەوە دامەزراوە. دەستەی دامەزرێنەران لە هەمان ڕۆژی دامەزراندنی پارتەکەدا "ئەحمەد توران دەمیر"یان بە کۆی دەنگ وەک سەرۆک هەڵبژارد، کە ناوبراو یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی پێشووی هادەپ. ئەم پارتە بۆ یەکەم جار لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی تورکیای ساڵی ٢٠٠٤دا، لە ژێر ناوی "هاوپەیمانیی دیموکراسی" لەگەڵ هەریەکە لە "پارتی گەلی دیموکرات، پارتی چەپ، پارتی کرێکاران‌و پارتی دیموکراسیی سۆسیالیست" لە زۆرێک لە ناوەندەکانی هەڵبژاردندا ئەندامانی خۆی کاندیدکرد، بەڵام پارتی ناوبراو لە ئەنجامی فشارەکانی دادگای دەستووری‌و سیاسەتی دەمارگیرانەی تورکیادا لە ٢٦ی ئایاری ٢٠٠٧ خۆی هەڵوەشاندەوە.

### پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (دەتەپە) DTP)Demokratik Toplum Partisi)

دەتەپە وەک بەشێک لە بزوتنەوەی سیاسیی کوردی لە تورکیا بە ئامانجی داکۆکیکردن لە ماف‌و داخوازییە سیاسییەکانی کورد‌و زیادکردنی نوێنەرایەتیی سیاسیی دانیشتوانی کورد لە ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ دامەزرا. هەروەها جێگرتنەوەی پارتە سیاسییەکانی دیکەی کورد، کە پێشتر داخرابوون، یاخود هەڵوەشابوونەوە، بەڵام زۆری نەخایەند ئەم پارتەش دووچاری کێشە‌و گرفتی سیاسی بووەوە‌و حکومەت بە بیانووی "پەیوەندییان بە تیرۆرەوە"، بەشێک لە ئەندامانی پارتەکەی کردە ئامانج‌و ڕێوشوێنی یاسایی دژیان گرتەبەر(١٦). پاشان سەرۆکی داواکاری گشتی‌و دادگای باڵای تێهەڵچوونەوە بە تۆمەتی ئەوەی "پارتەکە بووەتە چەقی چالاکی دژی یەکپارچەیی دەوڵەت‌و هەروەها داواکاریی خوێندنی بە زمانی دایک لە سەرکردەی زیندانیکراوی پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجالانەوە وەرگرتووە"(١٧)، لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ دۆسیەی داخستنی لە دژی دەتەپە تۆمارکردو سەرئەنجام بە بڕیاری دادگای دەستووری لە ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک داخراو بەشێک لە ئەندامانی پارتەکەش مافی بەشداریکردنیان لە چالاکیی حیزبیدا لێ قەدەغەکرا. تەنانەت هاشم کلچی سەرۆکی دادگای دەستووری ڕایگەیاند، "هیچ جیاوازییەک لە نێوان پەکەکەو دەتەپەدا نییە‌و ڕێکخراوێکی تیرۆریستی

مافی ئەوەی نییە لە هیچ شوێنێکی جیهان بە ئازادی گوزارشت لە خۆی بکات"(١٨). بەم شێوەیە پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک بوو بە شەشەمین پارتی کوردیی قەدەغەکراو لە تورکیا(١٩).

### پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە BDP)Barış ve Demokrasi Partisi)

بەدەپە، وەک پارتێکی چالاکو ئەکتەرێکی گرنگ لە سەر شانۆی سیاسیی کورد لە تورکیا، لە ٢ی ئایاری ٢٠٠٨ دامەزرا. ئامانجی سەرەکیی پارتەکە بریتی بوو لە داکۆکیکردن لە مافەکانی کوردو پێشخستنی چاکسازیی دیموکراسی لە تورکیا. ئەم پارتە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠١٢ی تورکیا، سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناو ژمارەی ئەندامانی لە پەرلەمان زیادیکرد. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی داخستنی دەتەپەوە ١٩ پەرلەمانتارو سەرۆکشارەوانیی ئەو پارتەو پەرلەمانتاری سەربەخۆی ئەستەنبوڵ؛ محەمەد ئوفوک ئاراس، لە مەراسیمێکدا لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ لە ئامەد پەیوەندییان بە بەدەپەوە کرد. پاشان لە کۆنگرەی نائاسایی بەدەپە لە ١ی شوباتی ٢٠١٠ هەریەکە لە سەڵاحەدین دەمیرتاشو گوڵتان کشاناک وەک هاوسەرۆکی پارتەکە دەستنیشانکران، بەڵام ئەم پارتەش وەک پارتە کوردییەکانی دیکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە رووبەڕووی کێشەو گیروگرفت بووەوەو بەشێک لە ئەندامەکانی بە تۆمەتی پەیوەندییان بە تیرۆرەوە دادگاییکراونو سزای زیندانیکردنیان بە سەردا سەپێنراوە. لە ڕاستیدا ئەم دۆخەش بووە هۆی فشارو سنووردارکردنی کارو چالاکییەکانی پارتەکە، هەر بۆیە دوای دوو ساڵ لە دامەزراندنی هەدەپە وەک پارتێکی جێگرەوەی ئەم پارتە، لە ١١ی تەمموزی ٢٠١٤ بەدەپە ناوی خۆی گۆڕی بۆ پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (دەبەپە Demokratik Bölgeler Partisi (BDP)).

**لە مێژووی نیو سەدەی ڕابردووی تورکیادا زۆرێک لە پارتە سیاسییەکان کە وەک "هەڕەشە" سەیردەکران، داخران. پشکی گەورەی ئەو پرۆسەیەش بەرپارتە کوردیو ئیسلامییەکان کەوت، چونکە ئەمانە هەمیشە جێگەی سەرنج بوون.**

### پارتی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە HDP)HalklarınDemokratik) Partisi

هەدەپە پارتێکی سیاسییەو لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢ لەلایەن سیاسەتمەدارانی پارتی ئاشتیو دیموکراسییەوە دامەزراوە. ئامانجی سەرەکیی پارتەکەش

بریتییە لە نوێنەرایەتیکردنی گرووپە ئیتنیکیی و کولتووری و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و گەیاندنی دەنگی کورد، هەروەها زامنکردنی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری و ئاشتی لە تورکیا، بەڵام ئەم پارتە لە ژینگەی سیاسیی تورکیادا بەردەوام مشتومڕی لە سەرەو تۆمەتی "بوونی پەیوەندیی بە پەکەکەوە" دراوەتەپاڵ. تەنانەت دەوڵەت باخچەلیی سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) زۆر بە ڕوونی لە ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠دا ڕایگەیاند: "دوژمنایەتی و خیانەت بە ناوی هەدەپەوە ئاڵنگارییە لەگەڵ تورکیادا، بە شاردنەوەی لە پشت دیموکراسی و هێلانەکردن لە پەناگەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤدا. هەدەپە کێشەی تیرۆرە، ماڵی جوداخوازییە، پیلانی ناتەباییە، چەکێکی خراپەو مەترسییە بۆ ئاسایشی دیموکراسیمان. نابێت بەم شێوەیە بڕوات. بە دڵنیاییەوە دەبێت دادپەروەری و یاسا بێتە گۆڕەپانەکەوە، دەرگای هەدەپەش بە جۆرێک دابخرێت، کە جارێکی دیکە نەکرێتەوە. پێویستە ئەم قەڵەمە گەرمەی تیرۆرو جوداخوازی دابخرێت." تەنها سێ مانگ دوای قسەکانی باخچەلی، لە ١٧ی ئازاری ٢٠٢١، بەکر شاهین؛ سەرۆکی داواکاری گشتیی تورکیا، دۆسیەیەکی داخستنی تۆمارکردو داوای داخستنی هەمیشەیی پارتی دیموکراتی گەلانی کرد، بە بیانووی ئەوەی کە ئامانجی تێکدان و نەهێشتنی یەکپارچەیی دەوڵەتە لەگەڵ خاک و نەتەوەکەیدا(٢٠).

ئەو تۆمەتانەی بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو بۆ داخستنی هەدەپە ئامادەکراوە، خۆی دەبینێتەوە لە دۆسیەیەکی ٨٤٣ لاپەڕەییدا، یەکێک لە گرنگترین تۆمەتەکانیش بریتییە لە "کارکردنی ئەم پارتە بە گوێرەی ئامانجەکانی پەکەکەو کەجەکە"، هەر بۆیە دەبینین کارکردن لە سەر دۆسیەی داخستنی هەدەپە بەردەوامەو تەنانەت ئێستا لە بەشێکی زۆری شارەوانییەکانی سەر بە هەدەپە قەییوم دانراون(٢١).

هەر بە هۆی مەترسی لە سەر داخستنیەوە، هەدەپە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٢٣دا لە ژێر چەتری پارتی چەپی سەوز (یەسەپە) (YSP) بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کرد. دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانیش هەدەپە کۆنگرەی سازکردو بە ناچاری هاوسەرۆکان و بەرپرس و ئەندامەکانی بە فەرمی چوونەناو یەسەپەوە. تەنانەت یەسەپەیش لە ترسی داخستن لە کۆنگرەی ئاسایی خۆیدا لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ ناوی خۆی گۆڕی بۆ پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (هەدەپ) (HEDEP)، بەڵام ئەنجومەنی دادوەریی تورکیا (Yargıtay) بە بەهانەی ئەوەی (HEDEP) هەمان ناوی (HADEP) بە بیر خەڵکی دەهێنێتەوە، کە پێشتر بە هۆی "پشتیوانی لە تیرۆر"ەوە داخراوە، بۆیە کورتکراوەی (HEDEP)ی

پەسەندنەکرد. لە کۆتاییدا بەرپرسانی پارتەکە وشەی دەمپارتی (DEM Parti) یان وەک کورتکراوەی پارتەکە دیاریکرد. ئێستا بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان لە ژێر چەتری دەمپارتیدا بەردەوامە لە خەبات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پارتەو بەرپرسەکانی لە ژێر سێبەری ڕەحمی داواکاری گشتیو دادگای دەستووریی تورکیادا چالاکی ئەنجامدەدەنو لە هەر ئانوساتێکدا دەکرێت ڕووبەڕووی داخستنی پارتەکەو دەستگیرکردنی ئەندامەکانی ببێت.

**یاساو پرەنسیپەکانی تورکیا، شێوازی مامەڵەو ئەنجامدانی چالاکیی پارتە سیاسییەکانی بەراورد بە وڵاتانی دیموکراسی پێچەو انەکردووەتەوە، بە تایبەتی دەستوەردان لە دیاریکردنی ئەدای کاری پارتەکان، ئاڕاستەکانو ئەو وردەکاریيانەی کە لەلایەن پارتەکانەوە بە گوێرەی ئایدۆلۆژیای فەرمیی خۆیان پێکدەهێنرێن.**

### ئەنجام

سەرەڕای جەختکردنەوەی یاساو بەندەکانی دەستووری تورکیا لە سەر کارکردنی پارتە سیاسییەکان لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراسیدا، هاوکات بە کۆمەڵێك ماددەی دیکەشەوە پەیوەستدەکرێن، کە پەیوەندیدارە بە داخستنی خودی ئەو پارتانەوە، چونکە لە دەستووردا دەرفەتی داخستنی پارتەکان بۆ داواکاری گشتیو دادگای دەستووری ڕەخسێنراوە. لە ڕاستیدا یەکێك لە خاڵە نەرێنییەکانی یاسای پارتە سیاسییەکان ئەوەیە، بە کۆمەڵێک بڕگەی زۆر وردو سنووردارەوە سیمای پارتە سیاسییەکانی لە چوارچێوەی ژیانی سیاسی دیموکراسیدا کاڵکردووەتەوە، بە تایبەت ئەو یاسایەی کە پارتە سیاسییەکان تەنیا لەلایەن دادگای دەستوورییەوە دەتوانرێت دابخرێنو هیچ دەسەڵاتێک مافی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی دادگای دەستووریی نییە(٢٢).

لە لایەکی دیکەوە، یاساو پرەنسیپەکانی تورکیا، شێوازی مامەڵەو ئەنجامدانی چالاکیی پارتە سیاسییەکانی بەراورد بە وڵاتانی دیموکراسیدا پێچەوانەکردووەتەوە، بە تایبەتی دەستوەردان لە دیاریکردنی ئەدای کاری پارتەکان، ئاڕاستەکانو ئەو وردەکاریيانەی کە لەلایەن پارتەکانەوە بە گوێرەی ئایدۆلۆژیای فەرمیی خۆیان پێکدەهێنرێن، تەنانەت هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی پێچەوانەی بڕیارو ڕێنماییەکانی، وەک هۆکارێک بۆ داخستنی پارتەکە لەقەڵەمداوە. ئەم تێگەیشتنەش بە ڕوونی ڕەتکردنەوەی فرەیی سیاسییە! چونکە لەوانەیە زیاتر لە پارتێک لە تورکیا

دابمەزرێت، بەڵام دەبێت هەموویان بەرگری لەو سیاسەتانە بکەن، کە بە گوێرەی یەک ئایدۆلۆژیا دارێژراون، هەر بۆیە لە یاسای پارتە سیاسییەکاندا، پارتەکان وەک دامەزراوەیەکی نزیک لە دەوڵەت وێنادەکرێن.

ئەم بارودۆخە سیاسییەی تورکیا لە کاتێکدایە کە بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، قەدەغەکردن یان داخستنی پارتە سیاسییەکان تەنیا لەو کاتەدا ڕەوایەتی پێ دەدرێت کە لایەنەکان بانگەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی بکەن بۆ تێکدانی ئاسایشی وڵاتو مەترسیی دروستکردن لە سەر پرۆسەی دیموکراسی، یاخود توندوتیژی وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاربهێنن، بە شێوەیەک کە ئەو مافو ئازادییانەی دەستوور گرەنتییکردوون، لەناوببات. بە واتایەکی دیکە، یاسا نێودەوڵەتییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کاتێك پارتێکی سیاسی بانگەشە بۆ گۆڕینی ئاشتیانەی دەستوور دەکات، نابێت ئەو داواکارییە وەکو هۆکارێك بۆ قەدەغەکردن یان داخستنی ئەو پارتە لێی بڕوانرێت، بەڵکو بەر لەوەی هەر دامەزراوەیەکی دەوڵەت داوا لە دەزگای دادوەری بکەن کە چالاکیو جموجوڵی پارتێکی سیاسی قەدەغەبکات یان دابخات، پێویستە بیر لەوە بکەنەوە ئایا ئەو پارتە مەترسییەکی ڕاستەقینە لە سەر دۆخی سیاسیو بنەماکانی دیموکراسی دروستدەکات؟ ئایا جگە لە پەنابردن بۆ داخستنو هەڵوەشاندنەوەی پارتێك، دەزگا پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت دەتوانن لە ڕێگەی پیادەکردنی چ میکانیزمێکی دیکەوە ڕێگری لە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان بکەن؟(٢٣).

کەوایە هەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەندو یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە، دەتوانرێت میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی داخستنی پارتەکان بە گشتیو پارتە سیاسییە کوردییەکان لە تورکیا بە تایبەتی بدۆزرێتەوە، ئەویش بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەم دوو خاڵە لەلایەن تورکیاوە:

- پارتە سیاسییەکان تەنیا لەو کاتەدا دابخرێن کە توندوتیژی وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاربهێنن.

- بۆ کۆتاییهێنان بە چالاکیو جموجوڵی پارتێکی سیاسی، پێویستە ڕێوشوێنی داخستن دوا ڕێگەی پاراستنی سیستەمی دیموکراسی بێت. ئەو حیزبەی کە بڕیارە دابخرێت، دەبێت مەترسییەکی ڕاستەقینەی بۆ سەر سیستەمی دیموکراسی دروستکردبێت، ئەوکات بڕیاری داخستن یاخود هەڵوەشاندنەوەی بدرێت، واتە هەر بە تەنها دەستنیشانکردنی بۆچوونو ئەدای سیاسی پارتێك، کە پێچەوانەی سیستەمی دیموکراسیی بێت، نابێت بە هۆکار بۆ داخستنی، بەڵکو دەبێت جموجوڵی ئەو پارتە ئێستا یان داهاتوویەکی زۆر نزیک مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر سیستەمی

دیموکراسی دروستبکات، ئەو کاتە بڕیاری یەکلاییکەرەوە سەبارەت بە داخستنی دەدرێت(٢٤).

**ئێستا بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان لە ژێر چەتری دەمپارتیدا بەردەوامە لە خەبات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پارتەوبەرپرسەکانی لە ژێر سێبەری ڕەحمی داواکاری گشتیو دادگای دەستووریی تورکیادا چالاکی ئەنجامدەدەنولە هەرئانوساتێکدا دەکرێت ڕووبەڕووی داخستنی پارتەکەو دەستگیرکردنی ئەندامەکانی ببێت.**

## کۆتایی و ڕاسپاردەکان

پرۆسەی داخستنی پارتە کوردییەکان لە ڕابردوو و ئێستای تورکیا پرسێکی ئاڵۆزو هەستیارە. داخستنی ئەم پارتە سیاسیانە دەتوانێت پرۆسەی دیموکراسی تێکبداتو ببێتە هۆی گرژیی کۆمەڵایەتی. کۆماری تورکیا دەتوانێت لە ڕێگەی کۆمەڵێك میکانیزمی دیکەی جودا لە داخستنو هەڵوەشاندنەوە، ڕەوتی ڕوداوە سیاسییەکانی وڵاتەکەی، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە هەیە، بە ئاقاری چارەسەرخوازیدا ببات. گونجاوترین ئەو میکانیزمانەش بریتین لە:

- کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردو نوێنەرەکانیدا، چونکە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك بەر لە هەموو شتێك پێویستی بە پەیوەندییەکی بونیادنەرانەو دڵسۆزانە هەیە لە نێوان لایەنە دژیەکەکاندا.
- دانانو پاراستنی مافەکانی کورد لەلایەن تورکیاوە، بە تایبەت بابەتی زمان، پەروەردە، چالاکیی کولتووریو بەشداری لە کایەی سیاسیدا.
- بۆ هاندانی بەشداریی زیاتری کۆمەڵگەی کوردی لە پرۆسەی سیاسیدا، ئاستەنگەکان لاببرێنو دەرفەتی یەکسان لە گۆڕەپانی سیاسیدا بڕەخسێنرێت. پێویستە چاکسازیبکرێت بۆ بەهێزکردنی نوێنەرایەتیی سیاسیی کورد لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا.

## پەراوێزەکان

(1)Kuruluşundan Günümüze Anayasa Mahkemesi, https://www.anayasa.gov.tr/tr/mahkeme/tarihi, 15.02.2024.
(2)Anayasa Mahkemesi Nedir, https://www.haberturk.com/tubitak-ansiklopedi/anayasa-mahkemesi-nedir, 18.02.2024.
(3)Türkiye Cumhuriyeti Anayasa Mahkemesi (AYM),https://tr.wikipedia.org/wiki/T%C3%Bcrkiye Cumhuriyeti_Anayasa_Mahkemesi, 16.02.2024.
(4)Doç. Dr. Oktay Uygun: Siyasi Partilerin Kapatılması Rejiminin Avrupa İnsan Hakları Sözleşmesi Çerçevesinde Değerlendirilmesi, S. 256.

(5)Dr. Öğr. Üyesi Ferhat USLU - Av. Arb. Sevtap ANGUN: Türkiye'de Siyasi Parti Kapatma Nedeni Olarak "Devletin Ülkesi Ve Milletiyle Bölünmez Bütünlüğü İlkesi, Anadolu Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, S. 39.

(6)Siyasi Partiler Kanunu,https://tr.m.wikisource.org/wiki/SiyasiPartilerKanunu/BirinciK%C4%B1s%C4%B1m, 19.02.2024.

(7)Siyasi Partiler Kanunu, Değişik 1. Fıkra: 12/8/1999 — 4445/15 md, 13.02.2024.

(8) Siyasi Partiler Kanunu, Değişik 4. Fıkra:12/8/1999 — 4445/15 md, 13.02.2024.

(9)Siyasi Partiler Kanunu,https://tr.m.wikisource.org/wiki/SiyasiPartilerKanunu/BirinciK%C4%B1s%C4%B1m, 18.02.2024.

(10)Siyasi Partiler Kanunu,https://tr.m.wikisource.org/wiki/SiyasiPartilerKanunu/BirinciK%C4%B1s%C4%B1m, 18.02.2024.

(11)turkiyede siyasi parti kapatmalar: gecmiste hangi partiler yasakland,https://tr.euronews.com /2021/06/21/ turkiye-de-siyasi-parti-kapatmalar-gecmiste-hangi-partileryasakland, 23.02.2024.

(12)Berfin Bayır (12.10.2023), Kürt siyasi partileri,1991'den bugüne 11 parti kuruldu 5 partiyi AYM kapattı, Yeşil Sol Parti yönünü arıyor,https://medyascope.tv/2023/10/12/kurt-siyasi-partileri-1991den-bugune-11-parti-kuruldu-5-partiyi-aym-kapatti-yesil-sol-parti-yonunu-ariyor, 21.02.2024.

(13) HEP'ten HDP'ye Kürt partileri: 1990'dan günümüze kadar kapatılan Kürt partileri, https://ensonhaber.express/hepten-hdpye-kapatilan-kurt-partileri, 22.02.2024.

(14)Berfin Bayır (12.10.2023), Kürt siyasi partileri,1991'den bugüne 11 parti kuruldu 5 partiyi AYM kapattı, Yeşil Sol Parti yönünü arıyor,https://medyascope.tv/2023/10/12/kurt-siyasi-partileri-1991den-bugune-11-parti-kuruldu-5-partiyi-aym-kapatti-yesil-sol-parti-yonunu-ariyor, 21.02.2024.

(15) HEP'ten HDP'ye Kürt partileri: 1990'dan günümüze kadar kapatılan Kürt partileri, https://ensonhaber.express/hepten-hdpye-kapatilan-kurt-partileri, 22.02.2024.

(16) HEP'ten HDP'ye Kürt partileri: 1990'dan günümüze kadar kapatılan Kürt partileri, https://ensonhaber.express/hepten-hdpye-kapatilan-kurt-partileri, 22.02.2024.

(17)DanielSteinvorth:11.12.2009,Gefahr für Erdogans Kurdeninitiative,https://www.spiegel.de/politik/ausland/dtp-verbot-in-der-tuerkei-gefahr-fuer-erdogans-kurdeninitiative-a-666667.html, 23.02.2024.

(18) Turkey: Kurdish Party Banned, 11.09.2009, https://www.hrw.org/news/2009/12/11/turkey-kurdish-party-banned, 23.02.2024.

(19)turkiyede siyasi parti kapatmalar: gecmiste hangi partiler yasakland,https://tr.euronews.com /2021/06/21/ turkiye-de-siyasi-parti-kapatmalar-gecmiste-hangi-partileryasakland, 23.02.2024.

(20)HEP'ten HDP'ye Kürt partileri: 1990'dan günümüze kadar kapatılan Kürt

partileri, https://ensonhaber.express/hepten-hdpye-kapatilan-kurt-partileri, 22.02.2024.

(٢١) قەیوم: زاراوەیەکی یاساییە، کە تێیدا مافی خاوەندارێتیو بەڕێوەبردنی کەسێک یان دامەزراوەیەک بە شێوەیەکی کاتی دەگوازرێتەوە بۆ کەسێک یان دامەزراوەیەکی تر. بۆ زیاتر بڕوانە: https://sanayigazetesi.com.tr/) (/kayyum-nedir ٢٣,٠٢,٢٠٢٤..

(22) Doç. Dr. Oktay Uygun: a.d.e, S. 256.

(23) Doç. Dr. Oktay Uygun: a.d.e, S. 257.

(24) Doç. Dr. Oktay Uygun: a.d.e, S. 257.

# هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا؛ جێگیرکردنی سەنگی پارتەکان

ئامادەکردنی: ئەحمەد سیروانی

**پوختە**

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیاو باکووری کوردستان لە کاتێکدا دەکرێت کە دۆخی ناوخۆییو دەرەوەی تورکیا لە قۆناغێکی پڕ لە کێشمەکێشمدایە.

ئەردۆغانو پارتەکەی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدایە، لە کاتێکدا هاوپەیمانیی کۆمار بە هەموو هێزی خۆی هەوڵی دووبارەکردنەوەی سەرکەوتنەکەی ساڵی ١٩٩٤ دەدات، هاوپەیمانیی میللەت هەڵوەشاوەتەوەو پارتەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن هەریەکە کاندیدی خۆی بۆ شارە گەورەکان هەیە. کوڕەکەی ئەربەکان دەیەوێت خەونی باوکی زیندووبکاتەوەو درێژە بە هێڵی "بیری نەتەوەیی/پارێزکار" بدات. دوای شکستە گەورەکەی کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمارو پەرلەماندا بەسەریداهات، جەهەپە کۆنگرەی سازداوەو سەرۆکێکی نوێی گەنجی هەڵبژاردووە. هەدەپە/دەمپارتی[i] دەیەوێت بە دیاریکردنی پێگەی خۆیو سەندنەوەی شارەوانیی شارەکانی باکووری کوردستان لە دەستی قەییومەکان شکستی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو بسڕێتەوەو دڵی دەنگدەرانی بەدەستبهێنێتەوە. لە بەرانبەردا ئاکپارتی هەم لە ڕێگەی گواستنەوەی

شوێنی دەنگدانی هێزە ئەمنییەکانەوەو هەم بە پشتیوانیی هوداپار لە هەوڵی کەمکردنەوەی سەرۆکشارەوانییەکانی دەمپارتیدایە.

هۆکاری ئایدۆلۆژی، نەتەوەیی‌و سیاسی لە بریی هۆکاری خزمەتگوزاری، ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان ڕۆڵی یەکلاییکەرەوە دەبینن لەم هەڵبژاردنەدا، هەر بۆیە پارتە سیاسییەکانیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی تواناو لێهاتووی کاندیدی پارتەکانی دیکە، لە سەر بنەمای دیدی ئایدۆلۆژی‌و بەرژەوەندیی سیاسی‌و نەتەوەیی‌و تەنانەت فاشیزمی بڕیار لە سەر هاوپەیمانی‌و پشتیوانیی کاندیدێک دەدەن.

ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، کە وا بڕیارە لە ٣١ی ئازاری ٢٠٢٤ بکرێت، کاریگەریی گەورەی دەبێت لە سەر نەخشەی سیاسی‌و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان‌و ئایندەی پرسی کورد لەو وڵاتە. لەم توێژینەوەیەدا تیشکخراوەتەسەر ئەو سەرباسە گرنگانەی ئاماژەی پێ دراوەو کاریگەریی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە سەر دۆخی ناوخۆیی تورکیا بە گشتی‌و پرسی کورد بە تایبەتی ڕاڤەکراوە.

بەشداریکردنی زۆربەی هێزە سیاسییەکان لەم هەڵبژاردنەدا دەرفەتی هەڵسەنگاندنی ئەو هێزە سیاسییانەو دیاریکردنی قورساییان لە شەقامی تورکیادا دەهێنێتەکایەوە.

**هەڵبژاردنی شارەو انییەکان لە تورکیا**

یەکێکە لە هەڵبژاردنە گرنگەکان لە پرۆسەی دیموکراسیدا، بە تایبەت لە تورکیادا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە سەر نەخشەی سیاسیی ئەو وڵاتەو دەرفەتی چەسپاندنی دیموکراسی دەهێنێتەکایەوە. لە بەشی چەمکناسیی ئەم ژمارەیەدا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان (Yerel Seçim) بە پوختی خراوەتەڕوو.

هەڵبژاردن بە گشتی‌و بە تایبەتییش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسی‌و کارگێڕیی تورکیا دادەنرێت، بە جۆرێک ڕێژەی بەشداریکردن نزیکدەبێتەوە لە (٩٠٪). لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ی سەرۆکایەتیی کۆمارو پەرلەمان ڕێژەی (٨٧.٤٠٪)ی دەنگدەران بەشداریانکردووە[ii]. ئەم ڕێژەیەش ئاستێکی بەرزەو ناتوانرێت بەراوردی هیچ وڵاتێکی ئەوروپی یاخود خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت. لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣١ی ئازاری (٢٠١٩) یشدا (٨٤.٦٧٪)ی دەنگدەران بەشداریانکردووە[iii].

بەشێک لە سەرکردە سیاسییە کاریزمییەکانی تورکیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە دەرکەوتوون، لەوانەش: ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری ئێستای تورکیاو ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو؛ سەرۆکی ئێستای شارەوانیی ئەستەنبوڵ.

**پارتە بەشداربووەکان**

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕێگەی بە ٣٦ پارتی سیاسی داوە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن. پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانو پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) بە سەرۆکایەتیی دەوڵەت باخچەلی، پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بە سەرۆکایەتیی ئۆزگور ئۆزێل، پارتی باش بە سەرۆکایەتیی مێراڵ ئاکشەنەر، پارتی خۆشگوزەرای نوێ (یەرەپە) بە سەرۆکایەتیی فاتیح ئەربەکانی کوڕی نەجمەدین ئەربەکان، پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی) بە سەرۆکایەتیی تونجار باکرهانو تولای هاتیم ئۆغوڵاری، پارتی داوای ئازاد (هوداپار) بە سەرۆکایەتیی زەکەریا یاپیچی ئۆغلو بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. جگە لە ئاکپارتیو مەهەپە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی کۆماردا بەشداردەبن، هیچ هاوپەیمانیەتییەکی فراوان لە نێوان پارتەکانی دیکەدا نییە[iv]. دەمپارتیو هوداپار وەک دوو پارتی کوردی بەشداریدەکەنو چەقی ڕکابەریان هەم لە نێوان خۆیانو هەم لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا باکووری کوردستانە.

**ژمارەی دەنگدەر و کاندیدان**

٦١ ملیۆن و ٤٤ هەزار دەنگدەر هەیە. لەم ژمارەیە یەک ملیۆن و ٣٢ هەزارو ٦١٠ کەس بۆ یەکەمجارە دەنگ دەدەن. درێژترین پسوڵەی دەنگدان ٩٧ سانتیمە و کورتترینی ٤.٥ سانتیمە. لە ئسیتەنبوڵ ٢٢ کاندیدی سەربەخۆ و ٢٧ کاندیدی پارتە سیاسییەکان بۆ سەرۆکی شارەوانی هەیە. لە ئەنقەرە ٥ کاندیدی سەربەخۆ و ١٩ کاندیدی پارتە سیاسیەکان هەیە. غازی عەنتاب ٢٩ کاندید و لە مەلاتیا ٢٨ کاندید هەیە. لە ٣٢ پارێزگای خۆرهەڵاتی تورکیا کە تەواوی باکووری کوردستانیشی تێدایە پرۆسەی دەنگدان لە کاتژمێر ٧ی بەیانی تا ٤ی ئێوارە بەردەوام دەبێت. بەڵام لە ناوەڕاست و خۆرئاوای تورکیا پرۆسەکە لە ٨ی بەیانی تاوەکو ٥ی ئێوارە بەردەوام دەبێت.

**کەمیی ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان**

سەرەڕای ئەوەی ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگەی تورکیا پێکدەهێنێت، بەڵام بەشدارییان لە کایەی سیاسیو بە تایبەت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانو شارەوانییەکاندا هێشتا نەگەیشتووەتە یەک لە سەر پێنج. بە گوێرەی نوێترین داتای دەزگای ئاماری تورکیا ٤٢ ملیۆنو ٧٣٤ هەزارو ٧١ کەس لە دانیشتوانی دانیشتوانی تورکیا لە ڕەگەزی نێرە، کە دەکاتە ڕێژەی (٥٠.١٪)و ٤٢ ملیۆنو ٦٣٨ هەزارو ٣٠٦ کەس لە ڕەگەزی مێیە، کە دەکاتە ڕێژەی (٤٩.٩٪)ی دانیشتوان[v]، بەڵام لە کۆی ٦٠٠ پەرلەمانتاری تورکیا تەنها (١١٩)یان ئافرەتن، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٩.٨٣٪)ی پەرلەمان[vi]. هەروەها

لە کابینەی حکومەتەکەی ئەردۆغانیشدا لە کۆی سەرۆککۆمارو جێگرێکو ١٧ وەزیر، تەنها یەک ئافرەت هەیە، ئەمەش ڕێژەی (٥.٢٦٪)ی کابینەکە پێکدەهێنێت .[vii]

لەبەرئەوەی سیستەمی کۆتا[viii] لە هەڵبژاردندا پەیڕەوناکرێتو زۆرێک لە پارتەکانی ئەو وڵاتەیش لە ناو خۆیاندا ئەو سیستەمە جێبەجێناکەن، بۆیە ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە کایەی سیاسیو بە تایبەت لە پەرلەمانو پۆستە باڵاکانی وڵاتدا کەمە. ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی بە سەر کابینەی نوێی حکومەتیشەوە هەبووە، بە جۆرێک لە کۆی ١٧ وەزیری کابینەکەی ئەردۆغان؛ تەنها یەکێکیان ئافرەتە[ix].

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣ی ئازاری (٢٠١٩)یشدا لە کۆی ٨ هەزارو ٢٥٧ کاندیدی شارەوانییەکان، تەنها ٦٥٢ ئافرەت هەبووە، کە ڕێژەی (١.٢٦٪) بووە، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیشدا لە هەزارو ٣٨٩ شارەوانیدا تەنها ٤٥ کاندید سەرکەوتوون، کە دەکاتە ڕێژەی (١.٤٤٪) ی کاندیدی ئافرەت[x]. لەم هەڵبژاردنەیشدا پێشبینیناکرێت ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لەوەی ٢٠١٩ سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

ئەوەی تێبینیدەکرێت، هەروەک چۆن لە پەرلەمان دەمپارتی بە ڕێژەی (٥٠٪) زۆرترین پەرلەمانتاری ئافرەتی هەیە، بە هەمان جۆر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیشدا زۆرترین کاندیدی ئافرەتی دەبێتو زۆربەشیان سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، دیارترین نموونەی ئەمانەش مێرال بێش دانش؛ کاندیدی پارتەکەیە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ، کە ناوبراو سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو حیزبەیشە لە پەرلەمانی تورکیا. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، بە هۆی لابردنی سەرۆکشارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی هەدەپە/دەمپارتییەوە لە ماوەی ڕابردوودا، ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە کایەی شارەوانیو بەڕێوەبردنی خۆجێییدا زۆر کەمبووەتەوە.

## ئایندەی ئەستەنبوڵ لە نێوان بەرەی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا

لە کاتێکدا پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) لە سەر ئاستی تورکیا وەک ڕابەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەردەکەوێت، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٩)وە سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵی لە دەستدایە. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩دا ئەکرەم ئیمام ئۆغلوی کاندیدی جەهەپە بە پشتیوانیی پارتی باشو هەدەپە توانیی سەرکەوتنی گەورە بە سەر بینالی یەڵدرم؛ کاندیدی ئاکەپەو مەهەپەدا بەدەستبهێنێت، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا هاوکێشەکان تەواو گۆڕاون، پارتی باشو دەمپارتیو سەرجەم پارتەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن کاندیدی خۆیان بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانی هەیە.

هەرچەندە پرۆژەکانی خزمەتگوزاریو ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان ڕۆڵی

سەرەکی دەگێڕن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، بەڵام ئەو دابەشبوونە ئایدۆلۆژی، نەتەوەیی و سیاسییەی تەواوی تورکیا و ئەستەنبوڵی گرتووەتەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە یەکلاییکردنەوەی ئاڕاستەی دەنگدەران بۆ پشتیوانی لە کاندیدەکان.

لە کاتێکدا کاندیدەکەی هاوپەیمانیی کۆمار؛ موردا کوروم، پشتیوانیی تەواوی ئاکپارتی و مەهەپەی مسۆگەرکردووەو بە گوێرەی نوێترین ڕاپرسی کە لە ٢١-٢٤ی شوبات بە بەشداریی ٣ هەزار دەنگدەری ئەستەنبوڵ کراوە، (٤١.٧٪)ی دەنگەکانی ئەستەنبوڵ بەدەستدەهێنێت، لە بەرانبەردا بە گوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکەی ناوەندی توێژینەوەی ئۆپتیمار (OPTİMAR)، ئەکرەم ئیمام ئۆغلوی کاندیدی جەهەپە ڕێژەی (٤١٪) ی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت[xi].

ئەوەی ڕوونە، ئەستەنبوڵ بۆ کاندیدی ئاکپارتی و جەهەپە یەکلاییبووەتەوە، بەڵام پێشبینیی بردنەوەی کاندیدی ئەو دوو پارتە سەختەو مەحاڵە هیچ کەسێک بتوانێت بڕیاری لە سەر بدات. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت مورات کوروم بتوانێت هەڵبژاردنەکە بباتەوە.

**هەڵگەڕانەوەی هاوکێشەی "بردنەوەی ئەستەنبوڵ یەکسانە بە بردنەوەی تورکیا"**

تاوەکو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو بۆچوونێک لە تورکیادا بڵاوبووبووەوە، کە پێی وا بوو "ئەوەی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ بکات، سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیایش دەکات". ئەم بۆچوونە لە دوای هەڵبژاردنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە سەرۆکی شارەوانیی ئەستەنبوڵ لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٤و پاشان بردنەوەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠١ بە دواوە بۆ چەند جارێک تۆختربووەوە، بەڵام هەڵبژاردنەکانی ١٤/٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣ کەلێنی لەو بۆچوونەدا دروستکردووە، ئەمەش بە هۆی شکستی کەمال کلیچدار ئۆغلو؛ کاندیدی جەهەپەو هاوپەیمانیی میللەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار لە بەرانبەر ئەردۆغاندا وەک کاندیدی ئاکپارتی و هاوپەیمانیی کۆمار. هەرچەندە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩ ئیمام ئۆغلو سەرکەوتنێکی گەورەی بە سەر بینالی یەڵدرم بەدەستهێنا.

**هەڵبژاردن بە گشتی و بە تایبەتیش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسی و کارگێڕیی تورکیادا ناوزەددەکرێت، بە جۆرێک ڕێژەی بەشداریکردن نزیکدەبێتەوە لە (٩٠٪).**

ئەوەی جێگەی سەرنجە، جیاوازیی

کاندیدەکانە، ئیمام ئۆغڵو بەرانبەر بە یەڵدرمو کلیچدار ئۆغڵو بەرانبەر بە ئەردۆغان، بۆیە دەگوترێت جیاوازیی کەسایەتییەکان ڕۆڵی لە سەرکەوتنیاندا هەبێت، هەر بۆیە هەڵبژاردنی ئەم جارەی شارەوانییەکان بۆ ئەستەنبوڵ ئەو بۆچوونە یەکلاییدەکاتەوە کە ئایا براوەی شارەوانیی ئەستەنبوڵ؛ براوەی سەرۆکایەتیی کۆمار دەبێت یاخود بە پێچەوانەوە.

بە دڵنیاییەوە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بە تایبەت لە ئەستەنبوڵ کاریگەریی لە سەر هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٨ی سەرۆکایەتیی کۆماریش دەبێت. لەبەرئەوەی بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ کەمال کلیچدارئۆغڵو ڕێگر بوو لە بەردەم کاندیدکردنی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار، بەڵام بۆ ساڵی ٢٠٢٨ تاکە ڕێگر لە بەردەم ئیمام ئۆغڵو دەرنەچوونیەتی لەم هەڵبژاردنەدا، لەبەرئەوەی ئەگەر ئیمام ئۆغڵو لەم هەڵبژاردنەدا سەربکەوێت بە سەر ڕکابەرەکەیداو بۆ ٤ ساڵی دیکە سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ بکات، بە دڵنیاییەوە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٨ کاندیددەکرێت بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمارو ئەگەری بردنەوەیشی بەهێزە. بە پێچەوانەوە، شکستی لەم هەڵبژاردنەدا دڵنیایی تەواو دەدات بە هاوڵاتیان، کە سەرکەوتنەکەی ٢٠١٩ی جگە لە دەنگی ئەندامو لایەنگرانی جەهەپە بە تەواوی ئەنجامی دەنگدانی ئەندامو لایەنگرانی پارتی باش‌و دەمپارتی/هەدەپەو پارتەکانی دیکەی هاوپەیمانی میللەت بووە.

ئەم هەڵبژاردنە یەکلاییدەکاتەوە کە ئەوەی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ بکات، سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیایش دەکات یاخود بە پێچەوانەوە.

## هەڵوەرینی هاوپەیمانی میللەت/بەرەی ئۆپۆزسیۆن

بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی مێزی شەشقۆڵی (Altılı Masa) بەشداریی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٢٣دا کرد. هەدەپە/دەمپارتییش بۆ پۆستی سەرۆککۆمار پشتیوانیی لە کاندیدەکەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن کەمال کلیچدار ئۆغڵو کرد.

شکستی کلیچدارئۆغڵو، لەدەستدانی ٣٠ کورسیی پەرلەمانی جەهەپە بۆ پارتەکانی دەڤا، سەعادەت‌و ئایندە، بێباکیی جەهەپە لە پشتیوانیی هەدەپە بۆ کلیچدار ئۆغڵو، ململانێ ناوخۆییەکانی هەریەک لە جەهەپە، پارتی باش‌و دەمپارتی بووە هۆی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی میللەت‌و مێزی شەشقۆڵی‌و نەمانی پشتیوانیی دەمپارتی بۆ بەرەی ئۆپۆزسیۆن.

لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩دا دەنگدەرانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە

هەموویان ئەکرەم ئیمام ئۆغڵوی کاندیدی جەهەپە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵیان بە ڕێژەی (٥٤.٢١٪) بەرانبەر بە بینالی یەڵدرم کاندیدی ئاکەپە بە ڕێژەی (٤٤.٧٩٪) سەرخست[xii]. لەم هەڵبژاردنەدا پارتە بەشداربووەکانی مێزی شەشقۆڵی و دەمپارتی کاندیدی خۆیان بۆ شارەوانیی ئەستەنبوڵ و زۆربەی شارەوانییەکانی دیکە بەربژێرکردووە، ئەمەش مۆتەکەیەکی گەورەی بە سەر ئیمام ئۆغڵووەوە دروستکردووەو پێناچێت بە ئاسانی بتوانێت بەرانبەر بە مورات کوروم سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. هەرچەندە لە هەندێک پارێزگاو شارۆچکەکاندا ڕێککەوتنی ئاشکراو نهێنی لە نێوان جەهەپەو پارتی باش و دەمپارتی کراوە بۆ پشتیوانیکردن لە بەربژێری یەکدی، بەڵام لە شارە گەورەو ستراتیژییەکان هیچ ڕێککەوتنێک نییە، لەبەرئەوە ئەم هەڵبژاردنە تا ڕادەیەکی زۆر هێزی زۆربەی پارتە سیاسییەکان بە تایبەت پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان ئاشکرادەکات.

## پارتی باش، یەرەپەو دەمپارتی؛ گرێکوێرەی ئاکپارتی و جەهەپە

لەم هەڵبژاردنەدا ئاکپارتی و جەهەپە وەک بەهێزترین پارتی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنی تورکیا ململانێیەکی ئێسقانشکێن دەکەن، بە تایبەتی لە شارە گەورەکانی ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، بورسا، ئەنتالیا، ئەدەنەو مێرسین هەموو هەوڵەکانی خۆیانیان چڕکردووەتەوە بۆ بردنەوەی کورسیی سەرۆکی شارەوانی.

ئاکپارتی بە پشتیوانیی مەهەپەی هاوپەیمانی دەیەوێت تۆڵەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩ لە جەهەپەو تەواوی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بکاتەوە، بۆ ئەمەش پەرتەوازەیی ئۆپۆزسیۆن و کاندیدکردنی چەندین کەس لەلایەن پارتەکانی دیکەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەختی کاندیدەکانی ئاکپارتی و مەهەپە-ی لەو شارانە بەهێزکردووە، بەڵام کشانەوەی یەرەپە لە هاوپەیمانیی کۆمارو بەشداریکردنی وەک پارتێکی سەربەخۆ ئاڵنگارییەکی گەورەیە لە بەردەم ئاکپارتی و بە تایبەت ئەرکی مورات کوروم؛ کاندیدی ئاکپارتی بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ، قورسکردووە.

**ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری ئێستای تورکیاو ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو؛ سەرۆکی شارەوانیی ئێستای ئەستەنبوڵ، لەو سەرکردانەن کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە دەرکەوتوون.**

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩ جەهەپە، پارتی باش و دەمپارتی/هەدەپە لە بەرانبەر ئاکپارتی و

مەهەپەدا یەکیانگرتو ئەکرەم ئیمام ئۆغلویان سەرخست، بەڵام بۆ ئەم هەڵبژاردنە هاوکێشەکە تەواو گۆڕاوە، ئاکپارتیو مەهەپە مورات کورومیان کاندیدکردووە، لە بەرانبەردا جەهەپە، پارتی باشو دەمپارتی هەریەکە کاندیدی خۆی هەیە، بۆیە ئەگەری سەرکەوتنی ئەکرەم ئیمام ئۆغلو بۆ جاری دووەم نزیکە لە مەحاڵەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا کشانەوەی یەرەپە لە هاوپەیمانیی کۆمار مورات کورومی توشی دڵەڕاوکێ کردووەو دەترسێت شکستبهێنێت لە هەڵبژاردنەکەدا. ئەم هاوکێشەیە بۆ زۆرێک لە شارە گەورەکانی دیکەیش ڕاستە.

## پارتی ڕەفاهی نوێ (یەرەپە)، قۆناغێکی نوێی سیاسی لە تورکیا

یەرەپە لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ لەلایەن فاتیح ئەربەکانی کوڕی نەجمەدین ئەربەکانی دامەزرێنەری پارتی ڕەفاهیی تورکیاوە دامەزراوە. یەرەپەو فاتیح ئەربەکان خۆیان بە میراتگری نەجمەدین ئەربەکانو پارتەکەی دەزانن، لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ وەک یەکەم ئەزموون لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی کۆمار پشتیوانی لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ کاندیدی هاوپەمانیەتییەکە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار، کرد، بەڵام بە لیستی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمان کردو توانیی ٥ کورسی بەدەستبهێنێت[xiii].

ئەمەش بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئەو پارتە هەژماردەکرێتو لە دوای ئاکپارتی، جەهەپە، مەهەپە، دەمپارتیو پارتی باش، ڕیزبەندیی شەشەم پارتی سیاسی لە تورکیادا مسۆگەرکردووە.

هاوپەیمانیی ئاکپارتیو یەرەپە ساڵێکی پڕنەکردەوە، ئەردۆغان وەک هاوپەیمانەکانی دیکەی دەیەوێت فاتیح ئەربەکانیش لە پشتیەوە دەربکەوێت، بەڵام ئەربەکان ئامادە نییە لە سێبەری خوێندکارەکەی باوکیدا درێژە بە سیاسەت بداتو خەون بە زیندووکردنەوەی دەسەڵاتەکەی باوکیەوە (نەجمەدین ئەربەکان) دەبینێت، هەر بۆیە لە هەندێک بارودۆخدا فاتیح ئەربەکان نەک وەک هاوپەیمانەکانی ئەردۆغان ملکەچنابێت، بەڵکو لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن توندتر ڕەخنە لە حکومەتەکەی ئەردۆغان دەگرێت.

سەرکەوتنەکەی ٢٠٢٣ی ئەربەکانو حیزبەکەی شانازییەکی لە لا دروستکردوون کە خۆیان بە جێگرەوەی ئاکپارتی بزانن، هەر بۆیە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان وەک بنەماو پلەی یەکەمی پەیژەی گرتنەدەستی دەسەڵات لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٢٨ی تورکیا دادەنێن.

بە هۆی ڕێکنەکەوتنی ئاکپارتیو یەرەپەوە بە دوو شێوە مەترسی لە سەر کەمبوونەوەی دەنگو لەدەستدانی چەند شارەوانییەک بۆ ئاکپارتی

دروستبووە. لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەنبوڵ، ئەنقەرەو ئەنتالیا؛ یەرەپە کاندیدی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەنگی کاندیدی ئاکپارتیو پێدەچێت بەرانبەر بە کاندیدی جەهەپە گورزێکی کوشندەی بەربکەوێت. هەروەها یەرەپە لە ئورفا، کە بە قەڵای ئاکپارتی لە باکووری کوردستان دادەنرێت، قاسم گولپناری کاندیدکردووە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانی، ناوبراو لە سەر لیستی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ وەک ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردراوە، لە هەمان کاتدا ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەو ڕاوێژکاری خودی ئەردۆغان بووە، بەڵام لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دەستیلەکارکێشاوەتەوەو لەلایەن یەرەپەوە کاندیدکراوە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئورفا. هەروەها لە بورسا، کە بە یەکێک لە شارە گەورەکانی تورکیا دەدانرێت، سەدات یالچن؛ بەرپرسی پێشووی لقی بورسای ئاکەپە، لەلایەن یەرەپەوە کاندیدکراوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی، بە گوێرەی زانیارییە بەدەستهاتووەکانو ڕاپرسییەکان سەرکەوتنی کاندیدەکەی ئاکپارتی لە بورسا زۆر قورسە[xv].

دەستلەکارکێشانەوە لە ئاکپارتیو پەیوەندیکردن بە یەرەپە تەنها لە ئاستی بەرپرساندا نییە، بەڵکو باس لە دەستلەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵی چەندین لقو ناوچەی ئاکپارتیو پەیوەندیکردن بە یەرەپەوە دەکرێت.

هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ سەرەتای قۆناغێکی نوێی سیاسی لە تورکیادا، بە جۆرێک ڕەوتی هزری نەتەوەیی (Milli Görüş) بە هێزەوە دێتەوەمەیدانو ئالای پێشڕەویی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا لە دەستی خوێندکارەکەی نەجمەدین ئەربەکان (ئەردۆغان)ەوە دەکەوێتەدەستی فاتیح ئەربەکانی کوڕی.

## ڕکابەری دەمپارتیو ئاکپارتی لە باکووری کوردستان

باکووری کوردستان وەک بەشێک لە خاکو دەوڵەتی تورکیا بووەتە مەیدانی ململانێیەکی توندی پارتە دەسەڵاتدارەکانو دەمپارتی، کە پشتیوانی زۆرینەی کوردەکانی هەیە. ئێستا ڕکابەرییەکانی ئاکپارتی، کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە فەرمانڕەوایی تورکیا دەکات، لەگەڵ دەمپارتیدا، کە درێژکراوەی سەرجەم ئەو پارتە کوردییانەیە کە زۆرینەی کوردەکانی باکوور پشتیوانیدەکەنو هەر ماوەیەکو بە هۆکارێک دادەخرێت، لە شارەکانی ئامەد، ئورفا، وان، ماردینو باتمان ڕکابەرییەکی سەخت لە نێوان هەردوو پارتەکەدا هەیە.

دەمپارتی بە پشتبەستن بە بڵاوکردنەوەی ستەمەکانی دەوڵەتو سوپاو هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ناوەوە دەرەوەی تورکیا هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین

دەنگی کوردەکان دەدات، ئاکپارتییش بە پشتیوانیی گرووپە ئاینییە کوردەکانو ڕەوتی پارێزکارو دژەچەپ هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین سەرۆکی شارەوانی دەدات.

**هەرچەندە پڕۆژەکانی خزمەتگوزاریو ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، بەڵام ئەو دابەشبوونە ئایدۆلۆژی، نەتەوەیی و سیاسییەی تەواوی تورکیاو ئەستەنبوڵی گرتووەتەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە یەکلاییکردنەوەی ئاراستەی دەنگدەران بۆ پشتیوانی لە کاندیدەکان.**

هەرچەندە بەدەستهێنانی کورسیی سەرۆکایەتیی شارەوانیی شارە گەورەکانی باکووری کوردستان لەلایەن ئاکپارتییەوە جگە لە ئورفا، بە کارێکی سەخت دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دانانی قەییوم لە جێگەی سەرۆکشارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی دەمپارتی/هەدەپە لە ساڵانی ڕابردوودا لە لایەکو گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری شوێنی دەنگدانی هێزە ئەمنییەکانو فەرمانبەر بۆ باکووری کوردستان، ئومێدێکی بە ئاکپارتی بەخشیوە کە دەنگدەرانی دەمپارتی بێزاربووبن لەو دۆخەو بەشداریی هەڵبژاردنەکان نەکەن، بەم جۆرە ئاکپارتی دەیباتەوە.

لە بەرانبەردا بەشداریکردنی کاندیدانی هوداپار جیاواز لە ئاکپارتی بەشێکی باش لە دەنگی ئیسلامییە کوردەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە سیاسەتی ئاکپارتی دڵرەنجاون، دەبات بۆ خۆی، بەم جۆرە کەلێنێکی دیکە لە ڕێژەی دەنگی ئاکپارتی لە باکووری کوردستاندا دروستدەبێت. هەڵبەت کاندیدانی هوداپار تەنها مەترسی نین بۆ ئاکپارتی، بەڵکو دەنگی بەشێک لە کوردە نەتەوەپەرستە پارێزکارو ڕاستڕەوەکانیش بۆ خۆی مسۆگەردەکات، ئەمە لە کاتێکدایە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەشێک لەو کەسانە دەنگیان بە دەمپارتی/هەدەپە داوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا جگە لە ئورفاو شرناخ، هیچ شارێکی دیکەی گەورەی باکووری کوردستان ناکەوێتە چوارچێوەی ئەو پێشبینیانەی بۆ بردنەوەی ئاکپارتی دەکرێن.

## گواستنەوەی شوێنی دەنگدانی هێزە ئەمنییەکان بۆ شارە کوردییەکان

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان، گواستنەوەی شوێنی دەنگدەران بە تایبەت هێزە ئەمنییەکان، دەبێتە یەکێک لە ڕۆژەڤە گەرمەکانی میدیای ئۆپۆزسیۆنو بە تایبەت ڕاگەیاندنەکانی نزیک لە دەمپارتی.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی لقەکانی دەمپارتی، تاوەکو ٢٨ی شوبات ٥٤ هەزارو ٦٠

دەنگدەر لە هێزە ئەمنییەکانو کارمەندی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، کە دەنگ بە ئاکپارتی دەدەن، شوێنی دەنگدانیان گوێزراوەتەوە، زۆرینەشیان بۆ پارێزگاکانی باکووری کوردستان بووە[xvi].

بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی میزۆپۆتامیا، ژمارەیەکی زۆری دەنگدەر بۆ ٢٤ پارێزگاو قەزا، کە زۆرینەیان دەکەونە باکووری کوردستانەوە، گوازراونەتەوە، بە گشتی لە مانگی ئایارەوە تاوەکو تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی ڕێژەی دەنگدەر لە نێوان (٢٪) بۆ (٥٪) بووە، بەڵام لە ئامەد، شرناخ، هەکاری، ئێلیە، ئاگری، موش، ئیغدر، قارس، ئورفا، سیرت، ماردینو دەرسیم لە ماوەی تەنها ٦ مانگدا ڕێژەی دەنگدەر لە (٧٪)ەوە بۆ (٢٢٪) بەرزبووەتەوە. لە ١١ شوێن لەو ناوچانەی کە بە ڕێژەیەکی زۆر دەنگدەری بۆ گوێزراوەتەوە، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩ هەدەپە/دەمپارتی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لە ٧ ناوچەی دیکەش ئاکپارتی بە پشتیوانیی دەنگی گوازراوەو دەنگدەری پارتەکانی دیکە بردوویەتیەوە[xvii].

بە گوێرەی هەواڵێکی (DW/Türkçe)، لە پارێزگای سیرتی باکووری کوردستان تەنها لە دوو بینای سەربازیدا ٤ هەزارو ٨٨ کارمەندی هێزە ئەمنییەکان جێگیرکراون[xviii]. ئەمە لە کاتێکدایە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩دا، کاندیدەکەی هەدەپە تەنها بە جیاوازیی هەزارو ٦١٦ دەنگ سەرکەوت بە سەر کاندیدی ئاکپارتیدا[xix].

**گەشەکردنی بەردەوامی پارتی ڕەفاهی نوێ ئاماژەیە بۆ سەرەتای قۆناغێکی نوێی سیاسی لە تورکیادا، بە جۆرێک ڕەوتی هێزی نەتەوەیی (Milli Görüş) بە هێزەوە دێتەوەمەیدانو ئاڵای پێشڕەویی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا لە دەستی خوێندکارەکەی نەجمەدین ئەربەکان (ئەردۆغان) دەکەوێتە دەستی فاتیح ئەربەکان.**

حکومەت ١٠ هەزارو ٨٣٢ دەنگدەری گواستووەتەوە بۆ ناوەندی پارێزگای هەکاریو چەند قەزایەکی دەوروبەری، زۆرینەیان ئەندامی هێزە ئەمنییەکانن، هەروەها باس لە گواستنەوەی شوێنی دەنگدەر بۆ پارێزگای مێرسینیش دەکرێت. گواستنەوەی بەشێک لەم دەنگدەرانە تەنها بۆ ڕۆژی دەنگدانە، بە جۆرێک بە گوێرەی ڕاپۆرتی لیژنەی هەڵبژاردن لە لقەکانی دەمپارتی "لە خانوویەکدا (شوقەیەکدا) زیاد لە ١٠٠ کەس جێگیرکراوە"[xx]. لەم پارێزگایەشدا لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا، کاندیدی هەدەپە بە جیاوازیی ٨ هەزارو ٥٥٥ دەنگ سەرکەوتووە بە سەر کاندیدی ئاکپارتیدا[xxi].

| شار | هەدەپە - ٢٠١٩ | ئاکپارتی - ٢٠١٩ | جیاوازیی دەنگ |
|---|---|---|---|
| قارس | 12192 | 10954 | 1245 |
| ئیغدر | 22227 | 20713 | 1514 |
| ئامەد | 490571 | 241633 | 241938 |
| وان | 260495 | 196040 | 64455 |
| ماردین | 208854 | 143060 | 65794 |
| باتمان | 120014 | 51902 | 68112 |
| ئورفا | 174103 | 516202 | 342099 |
| شرناخ | 11194 | 19718 | 8524 |
| بیتلیس | 7691 | 10194 | 2503 |
| موش | 15391 | 15919 | 528 |
| ئاگری | 17240 | 25799 | 8559 |
| بینگۆل | 14948 | 18954 | 4006 |
| ئێلازغ | 5023 | 72908 | 67885 |
| ئەرزرۆم | 23167 | 241742 | 218575 |

**خشتەی ژمارە (١):** ڕێژەی دەنگی هەدەپەو ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩و جیاوازیی دەنگەکانیان دەخاتەڕوو.

| شار | هەدەپە١٩ | ئاکپارتی١٩ | جیاوازیی دەنگ | دەنگی گوازراوە بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ |
|---|---|---|---|---|
| سیرت | 33227 | 31611 | 1616 | 4088 |
| هەکاری | 19199 | 10644 | 8555 | 10832 |
| ئێگیل | 5757 | 4914 | 843 | 1531 |
| هازرۆ | 3856 | 3332 | 524 | 1145 |
| کوڵپ | 8866 | 7109 | 1757 | 3217 |

**خشتەی ژمارە (٢):** ڕێژەی دەنگی هەدەپەو ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩و جیاوازیی دەنگەکانیان لەگەڵ دەنگدەری گوازراوە بۆ چەند پارێزگاو قەزایەکی باکووری کوردستان دەخاتەڕوو[xxii].

پەرلەمانتاری مێرسینی جەهەپە ڕایگەیاندووە: "بەشێک لە دەنگدەرە گوازراوەکان لە فەرمانگەی نیشتەجێبوون بەبێ ڕەزامەندیی خاوەن ماڵەکان، لەو ماڵانەی کە چۆڵن، جێگیرکراون."[xxiii]

ناجێگیریی دۆخی ئەمنی بە هۆی پێکدادانەکانی سوپاو گەریلاکانی پەکەکەوە وەک بەهانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەسەربازیکردنی ئەو ناوچانە، بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانداو بۆ پاراستنی ئارامیی رۆژی هەڵبژاردن ژمارەیەکی زۆر کارمەندی هێزە ئەمنییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیاوە، کە لە بنەڕەتدا دەنگدەری پارتی دەسەڵاتدارن، دەگوێزرێنەوە بۆ ئەو شارانە. بەم جۆرە لە لایەکەوە ئارامیی ناوچەکە مسۆگەردەکرێت، لە لایەکی دیکەوە جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ لە لای هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەو بە تایبەت دەنگدەرانی دەمپارتی دروستدەکرێت، لە سەرووی ئەمانەشەوە ئەو ژمارە زۆرەی دەنگدەر کاریگەریی لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە سوودی ئاکەپەو زیانی دەمپارتی دەبێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک پەرلەمانتاری ئاکپارتی باس لەوە دەکەن کە "لەو شارانەی کە دەمپارتی کاندیدی بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانی نییە، لیستی ناوی بەشێک لە دەنگدەران گوازراونەتەوە بۆ شارەکانی دیکە".

سەرەڕای سکاڵای بەرپرسانی دەمپارتیو بەرەی ئۆپۆزسیۆن، لایەنە پەیوەندیدارەکانو دادگا بێدەنگن لە ئاست ئەو هەنگاوانەی دەسەڵاتو تەنها گواستنەوەی شوێنی ٢٢٢ کەس بە نایاسایی لەقەڵەمدراوە. لەبەرئەوەی گواستنەوەی شوێنی دەنگدەران تاوەکو ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بووەو سکاڵاکان لە سەرەتای ٢٠٢٤ تۆمارکراون، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش ئەو سکاڵایانەی ڕەتکردووەتەوە[xxiv].

بە گوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩ ئاکپارتی شارەوانییەکانی شرناخ و ئورفا دەباتەوە، لە ڕێگەی گواستنەوەی دەنگدەرانیشەوە تا رادەیەک بردنەوەی شارەوانییەکانی سیرت و هەکاریی مسۆگەرکردووە، بەڵام بە هۆی جیاوازیی زۆری دەنگی دەمپارتییەوە، مەحاڵە ئاکپارتی شارەوانییەکانی ئامەد، ماردین، باتمان و وان بباتەوەو هەریەک لە شارەوانییەکانی ئیغدرو قارسیش هێشتا ڕوون نییە کامیان دەیباتەوە.

**بە گشتی ڕێژەی بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا لاوازە، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩ لە کۆی ٨ هەزارو ٢٥٧ کاندیدی شارەوانییەکان، تەنها ٦٥٢ کاندیدی ئافرەت هەبووە، کە ڕێژەی (٪١.٢٦) بووە، لەو ژمارەیەش تەنها ٤٥ کاندید سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، کە دەکاتە ڕێژەی (٪١.٤٤)ی کاندیدی ئافرەت.**

## قەیوم؛ هۆکارێک بۆ ساردکردنەوەی کوردەکان لە دەنگدان

تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئاکپارتیو هەدەپە، بە دوایدا لەبارچوونی پرۆسەی ئاشتی، ئاڵۆزبوونی دۆخی سیاسیو ئەمنیی باکووری کوردستانو دواجار هەڵگەڕانەوە سەربازییە شکستخواردووەکەی ١٥ی تەممووزی ٢٠١٦ بوونە هۆی دەستپێکردنەوەی فشار لەلایەن دەسەڵاتو حکومەتەوە بۆ سەر پەرلەمانتار، سەرۆکشارەوانی، بەرپرسو ئەندامانی هەدەپە/دەمپارتی.

لەگەڵ هەڵگرتنی پارێزبەندیو دواتریش زیندانیکردنی چەندین پەرلەمانتارو هاوسەرۆکانی هەدەپەو چەند ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو ئەندامو لایەنگری، چەندین سەرۆکشارەوانیی هەڵبژێردراوی هەدەپە لە باکووری کوردستان بە تۆمەتی "پشتیوانیو پەیوەندیو ئەندام لە ڕێکخراوی تیرۆریستیو بەکارهێنانی پۆستو ئامرازەکانی شارەوانی بۆ گرووپی تیرۆریستی" بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی تورکیا لابراونو لە جێگەیان کەسێک دانراوە، کە بە قەیوم (Kayyum) ناسراوە[xxv].

دوای هەڵگەڕانەوە شکستخواردووەکەی ١٥ی تەمموزی ٢٠١٦ لە ڕێگەی دەرکرنی بڕیارنامە لە بریی یاسا (Kanun Hükmünde Kararname)وە، چەندین سەرۆکشارەوانیی هەدەپە لە سەر داوای سەرۆککۆمارو بە فەرمانی سولەیمان سۆیلو؛ وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی تورکیا، لابراون[xxvi].

ئەم بڕیارانە جۆرێک لە دوودڵیو ساردکردنەوەی لە لای هاوڵاتیانی کورد دروستکردووە، بە جۆرێک کوردەکان پێیان وایە دوای سێ مانگ لە هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی لەلایەن دەوڵەتەوە، بە تۆمەتی "پشتیوانیی ئەندامیەتی لە ڕێکخراوی تیرۆریستی"، سەرۆکشارەوانیی هەڵبژێردراو لادەبرێتو لە جێگەی قەییوم دادەنرێت.

بە گوێرەی توێژینەوەیەکی ناوەندی سپێکترووم هاوس بۆ بیرو توێژینەوە (SpectrumHouse Düşünce ve Araştırma Merkezi)، دانانی قەییوم جۆرێک لە شڵەژانی لە خزمەتگوزاریی گشتی دروستکردووە، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ دوودڵیی هاولاتیان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانو دەنگدان بە کاندیدانی دەمپارتی/هەدەپە[xxvii].

## ململانێ ناوخۆییەکانی دەمپارتیو کاندیدنەکردنی باشاک دەمیرتاش

دەمپارتی وەک هەر پارتێکی دیکە خاڵی نییە لە ململانێ ناوخۆییەکان. هەر لە زیندانیکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپەوە، ململانێکانی باڵی دەمیرتاش (کاریزما)و باڵی ناوەندی (دامەزراوەیی)و باڵی قەندیل سەریهەڵداوە. بەو مانایەی سەڵاحەدین

دەمیرتاش وەک سەرکردەیەکی دیاری گەنج لە باکووری کوردستان ئەستێرەی بەختی دەرکەوتبوو، تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش وەک سەرکردەیەکی مەزن لێی دەڕوانرا.

بەرپرسانی دیکەی هەدەپەو باڵی قەندیلیش لە ناو پارتەکەدا هەستیان بە مەترسییەکانی بەهێزبوونی دەمیرتاش و پشتیوانانی دەکرد. بە جۆرێک باڵی دامەزراوەیی دەترسان تەواوی جومگە هەستیارەکانی پارتەکە بکەوێتە دەستی دەمیرتاش و کەسایەتی کاریزمایی ئەو پیاوە ڕێگە لە دامەزراوەییبوونی پارتەکە بگرێت. بەو واتایەی لە بریی دامەزراوە فەرمییەکانی پارتەکە، خەڵکی زیاتر گوێ بۆ دەمیرتاش بگرن. لە لایەکی دیکەوە، بەرپرسانی پەکەکە لە قەندیل پێیان وایە دەرکەوتنی دەمیرتاش بەو جۆرە لە کەسایەتی کاریزمایی عەبدوڵلا ئۆجەلان؛ ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە، کەمدەکاتەوەو پێدەچێت لە ساڵانی ئایندەدا دەمیرتاش جێگەی ئۆجەلان بگرێتەوە وەک سەرکردەیەکی سیاسی کورد.

ئەم ململانێیانەی دەمیرتاش و ڕکابەرەکانی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٢٣ گەیشتە لوتکەو بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ڕێگەی باشاک دەمیرتاشی خێزانی سەلاحەدین دەمیرتاشەوە بۆمبەکە تەقێنرایەوە.

دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣، دەمیرتاش لە راگەیەنراوێکدا ڕەخنەی توندی لە بەرپرسانی هەدەپە گرت و تۆمەتباریکردن بەوەی ڕێگر بوون لە بەردەم خۆکاندیدیکردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار وەک کاندیدی هەدەپە، هەر لەبەرئەوەش بوو بڕیاریدا واز لە "سیاسەتی ئەکتیڤ" بهێنێت[xxviii]. لەو کاتەوە زۆر بە کەمی تەنها لە تویتەر بۆچوونی خۆی لە سەر پێشهاتەکان بڵاودەکاتەوە. بەدەر لەوە، تەنها یەک چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیی کردووە.

**بەشداریکردنی زۆربەی هێزە سیاسییەکان لەم هەڵبژاردنەدا دەرفەتی هەڵسەنگاندنی ئەو هێزە سیاسییانەو دیاریکردنی قورساییان لە شەقامی تورکیادا دەهێنێتەکایەوە.**

بۆ ئەم هەڵبژاردنەش سەلاحەدین دەمیرتاش هەوڵیدا لە ڕێگەی باشاک خانمی خێزانییەوە کەسایەتیی کاریزمی خۆی بە سەر دەمپارتی/هەدەپەوە ڕابگرێت و نەهێڵێت شکۆی بەشداریی کارای سیاسیی خێزانەکەی بە تایبەت لە ناو بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە تورکیاو باکووری کوردستان بڕوخێت، هەر بۆیە دوای گفتوگۆی باشاک

خانمو سەلاحەدین دەمیرتاش لە زیندانی ئەدیرنە، خێزانەکەی دەمیرتاش ڕایگەیاند، ئەگەر دەمپارتی بەرێزێریبکات، ئامادەیە بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ خۆی کاندیدبکات. لێدوانەکەی باشاک خانم لە ڕێگەی ڕۆژنامەنوسێکی نزیک لە بنەماڵەکەوە بووە، هەر بۆیە بەرپرسانی دەمپارتی شکۆدار بەو هەواڵە. جگە لەوەش، بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە هاوکات بوو لەگەڵ گفتوگۆکانی دەمپارتیو جەهەپەدا بۆ ڕێککەوتن لە سەر کاندیدی ژمارەیەک شارەوانی، کە ئەستەنبوڵ لە سەرووی هەموویانەوە بووە، بەڵام لێدوانی خێزانەکەی دەمیرتاش گفتوگۆکانی دەمپارتیو جەهەپەی لەباربرد.

لەگەڵ ئەوەی ئەندامو لایەنگرانی دەمپارتیو تەنانەت پارتەکانی دیکەیش چاوەڕێبوون باشاک دەمیرتاش وەک کاندیدی دەمپارتی بۆ شارەوانیی ئەستەنبوڵ ڕابگەیەنرێت، پێچەوانەی هەموو بۆچوونەکان، باشاک خانم لە ڕێگەی تویتەرەوە ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوەو ئاماژەی بەوەدا کە "ئەو دۆخەی تێیکەوتووین، وا دەخوازێت کە بکشێمەوە لە کاندیدی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ". [xxix] بە دوای ئەمەشدا سەلاحەدین دەمیرتاشو مەکتەبی سیاسیی دەمپارتی ڕوونکردنەوەیان بڵاوکردەوە. گوزارشتی هاوبەشی هەرسێ ڕاگەیەنراوەکە بریتی بوو لە جەختکردنەوە لە سەر کشانەوەی باشاک خانم لە کاندیدی، بە ڕەزامەندیی خۆیو ئامادەیی هەموان بۆ خزمەتکردن لە ناو دەمپارتیدا. دواجاریش لەلایەن دەمپارتییەوە مێرال دانش بێش، کە ئێستا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتەکەیە، لە پەرلەمانی تورکیا کاندیدکرا بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ.

پێناچێت ناکۆکییە ناوخۆییەکانی دەمپارتی بە ئاسانی لەم هەڵبژاردنە دەربازببکەن، هەر بۆیە چاوەڕواندەکرێت کشانەوەی باشاک دەمیرتاش کاریگەریی لە سەر کەمبوونەوەی دەنگەکانی دەمپارتی لە ئەستەنبوڵو شارەکانی دیکەیش دروستبکات. ئەمەش بە هۆی ئەوەوە کە بەشێک لە ئەندامو لایەنگرانی دەمپارتیو خودی دەمیرتاش وەک سیمبولێک لە باشاک خانم دەڕوانن و پێیان وایە کاندیدنەکردنی ئەو خانمە بەشێکە لە هەوڵەکانی ڕێگری لە سەلاحەدین دەمیرتاش بۆ گەڕانەوە بۆ مەیدانی سیاسەتو بەردەوامیی دروشانەوەی ئەستێرەی بەختی. هەروەها ناکرێت ڕۆڵو کاریگەریی قەندیل بۆ ڕێگری لە کاندیدکردنی دەمیرتاش نادیدەبگرین، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە کە قەندیل پێی وایە بەهێزتربوونی کەسایەتیی دەمیرتاش کاریگەریی دەبێت لە سەر کەمکردنەوەی سۆزو مەیلی کوردەکان بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

**هوداپار وەک جێگرەوەی ئاکپارتیو دەمپارتی**

پارتی داوای ئازاد (هوداپار) Hür Dava Partisi (HÜDAPAR) وەک پارتێکی ئیسلامیی سیاسیی کوردی لە باکووری کوردستانو تورکیا هاتووەتە مەیدانو دەیەوێت لە ڕێگەی گوتاری ئیسلامییەوە ببێتە جیگرەوەی ئاکپارتیو دەمپارتی بۆ کوردەکانی تورکیا.

ئەم پارتە لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ٢٠١٢ تاوەکو ئێستا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار بێبەرانبەر پشتیوانیی لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کردووە، بەڵام لە هەڵبژارنەکانی پێشووی پەرلەمانو شارەوانییەکاندا کاندیدی خۆی هەبووە، لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ی پەرلەمان ٤ کاندیدی هوداپار لە لیستی ئاکپارتی بەربژێرکرانو هەر چواریان سەرکەوتن.

بۆ ئەم هەڵبژاردنەش هوداپار نەگەیشتە ڕێککەوتنی گشتی لەگەڵ ئاکپارتیدا، هەر بۆیە لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەنبوڵو ئەنقەرە پشتیوانی لە کاندیدانی ئاکپارتی دەکات، بەڵام لە شارەکانی باکووری کوردستان کاندیدی خۆی بەربژێرکردووە.

هوداپار چاوبڕیوەتە شارەوانییەکانی باتمانو ئورفا، ئەمەش بە هۆی لاوازیی دەمپارتییەوە لە ئورفاو کاندیدکردنی سەرکان ڕامانڵی (Serkan Ramanlı) بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی باتمان، کە پێشتر وتەبێژی هوداپار بووەو ئێستاش ئەندام پەرلەمانی باتمانی هوداپارە. ڕامانڵی یەکێکە لە پەرلەمانتارو سەرکردە دیارەکانی هوداپارو لە ناو ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبەو خەڵکی باتماندا کاریگەریی بەرچاوی هەیە. هەرچەندە سەرکەوتنی کاندیدەکانی باتمانو ئورفاو زۆربەی پارێزگاو قەزاکانی دیکەی هوداپار مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەرپرسانی ئەو حیزبە چاوەڕێی بەدەستهێنانی نزیکەی یەک ملیۆن دەنگ دەکەن لەم هەڵبژاردنەدا، ئەمەش بەراورد بە ڕێژەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٢٣ ڕێژەیەکی زۆر بەرزە.

**لەبەرئەوە هەروەک چۆن ناتوانرێت لەمەودوا باس لە گرەوی ئاکپارتیو جەهەپە لە سەرئەستەنبوڵو ئەنقەرەو شارە گەورەکان بکرێت، بە هەمان شێوە ئیدی تەنها ئاکپارتیو هەدەپە دووقۆڵی گرەو لە سەردەنگی کوردەکانی باکوور ناکەن، بەڵکو هوداپاریش وەک هێزێکی ئیسلامی/کوردی گرەوەکەی کردووە بە سێقۆڵی.**

بەرپرسانی هوداپار، ڕەنجانی ژمارەیەکی زۆر کوردی ئیسلامی لە سیاسەتەکانی ئاکپارتیو لە هەمان کاتدا بە هۆی

پشتیوانیی هەدەپە/دەمپارتییەوە لە کەمال کلیچدارئۆغڵو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری ٢٠٢٣، کشانەوەی بەشێک لە کوردە نەتەوەپەرستە پارێزکارەکان لە پشتیوانی لە هەدەپە/دەمپارتی بەدەرفەتدەزانن لە ڕێگەی گوتاری نەتەوەیی/ئیسلامییەوە ختوکەی هەستی ئیسلامپەروەریو کوردپەروەری لە باکووری کوردستان بدەنو بەمەش ڕێژەی دەنگەکانیان بەرزبکەنەوە. جگە لەمانەش، ئاکپارتی هەوڵی ئاسانکاری بۆ هەواداپار دەدات بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی شارەوانییەکان لەو ناوچانەی کە ناتوانێت ڕکابەریی دەمپارتی بکات.

## ئەنجام

هەڵبژاردنەکەی ٣١ی ئەم مانگەی تورکیا زیاد لەوەی پرۆسەیەک بێت بۆ دیاریکردنی کەسانێک بۆ بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان بۆ ماوەی ٥ ساڵی دیکە، لە هەمان کاتدا پێوەرێکی یەکلاییکەرەوەیە بۆ پێوانەکردنی هێزی پارتە سیاسییەکان، ئەمەش بە هۆی نەبوونی هیچ هاوپەیمانیەتییەکی فراوانەوە لە نێوان ئەو هێزانەدا.

لە لایەکەوە ئاکپارتی هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە لە جەهەپەو بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەکات لە شارە گەورەکانو دەیەوێت بۆ هەموان بسەلمێنێت دەنگەکانی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵوو جەهەپە لە ٢٠١٩ دەنگی خۆیان نەبووە، بۆ ئەمەش سوود لە ناتەبایی بەرەی ئۆپۆزسیۆن وەردەگرێت. لە بەرانبەردا دەمپارتی دەیەوێت تۆڵەی دانانی قەییوم لە ئاکپارتی بە دەنگی هاوڵاتیان بکاتەوەو بۆ ئەردۆغانی بسەلمێنێت سەرۆکشارەوانی وەک فەرمانبەر دانانرێت، لە باکووری کوردستانیش خەڵک لەگەڵ ئۆجەلانو دەمیرتاشو دەمپارتیدایە نەک ئەردۆغانو پارتەکەی. ئەمە جگە لەوەی دەمپارتی لە ڕێگەی بەربژێرکردنی کاندیدەوە بۆ شارەوانییەکانی ئەستەنبوڵو ئەنقەرە جارێکی دیکە دەیەوێت "ڕۆڵی شا لە شەترەنجی سیاسیو هەڵبژاردنەکاندا" بەدەستبهێنێتەوە، کە لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ساڵی ڕابردووەوە لەدەستیداوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا فاتیح ئەربەکان دەیەوێت تۆڵەی باوکی لە ئەردۆغان بکاتەوەو لە ڕێگەی بەربژێرکردنی کاندیدی شارەوانییە گەورەکانەوە ئومێدی بردنەوەی ئەو شارانەی لە لای ئەردۆغانو ئاکپارتی کەمکردووەتەوە. لەولایشەوە هوداپار هەرچەندە پشتیوانی لە ئاکپارتی دەکات لە شارە گەورەکاندا، بەڵام لە باکووری کوردستاندا کەوتووەتە بانگەشەیەکی چڕوپڕو هەوڵی دووبارە ناساندنەوەی خۆیو سەرکردەکانی بە خەڵکو بەدەستهێنانی مەیلی دەنگدەرە دڵڕەنجاوەکانی ئاکپارتیو هەدەپە/دەمپارتی دەدات.

لەبەرئەوە هەروەک چۆن ناتوانرێت

لەمەودوا باس لە گرەوی ئاکپارتیو جەهەپە لە سەر ئەستەنبوڵو ئەنقەرەو شارە گەورەکان بکرێت، بە هەمان جۆر ئیدی تەنها ئاکپارتیو هەدەپە دووقۆڵی گرەو لە سەر دەنگی کوردەکانی باکوور ناکەن، بەڵکو هوداپاریش وەک هێزێکی ئیسلامی/کوردی گرەوەکەی کردووە بە سێقۆڵی.

**وەک چۆن ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر دیاریکردنی کاندیدی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٨ی سەرۆکایەتیی کۆمار دەبێت، بە هەمان شێوە ڕەنگڕێژی شەقامی باکووری کوردستان دەکاتەوەو پێمان دەڵێت کە کێ دەتوانێت نوێنەرایەتی کوردی باکووربکات لە ئەنقەرە.**

وەک چۆن ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر دیاریکردنی کاندیدی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٨ی سەرۆکایەتیی کۆمار دەبێت، بە هەمان جۆر ڕەنگڕێژی شەقامی باکووری کوردستان دەکاتەوەو پێمان دەڵێت کە کێ دەتوانێت نوێنەرایەتیی کوردی باکوور بکات لە ئەنقەرە.

---

i- شکستی هەدەپە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا بەرپرسانی پارتەکەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی دەنگدەرو ئەندامانی کردەوە، هەر بۆیە کۆنگرەی هەدەپەو پارتی چەپی سەوز (یەسەپە) بەستراو جگە لە هەڵبژاردنی دوو هاوسەرۆکی نوێ بۆ هەردوو پارتەکە، بەرپرسو ئەندامانی هەدەپە چوونە ڕیزەکانی یەسەپەوەو ئەم پارتەش ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی).

ii-https://www.yenisafak.com/secim-katilim-orani-2023-toplam-secmen-sayisi-orani-gecerli-ve-gecersiz-oy-sayisi-kac-h-4531048

iii- TRT HABER, 31 Mart 201 Yerel Seçim Sonuçları, 01.04.2019, Yerel Seçim Sonuçları 2019 - 31 Mart Seçim Sonuçları ve Son Dakika Gelişmeleri (trthaber.com), 05.03.2024

iv- YSK, 10.01.2024, Siyasi Partilerin Birleşik Oy Pusulasındaki Yerleri, https://www.ysk.gov.tr/tr/31-mart-2024-secimi/46637316, 12.02.2024.

v- TÜİK, Adrese Dayalı Nüfus Kayıt Sistemi Sonuçları 2023, data.tuik.gv.tr, 06.02.2024, https://data.tuik.gov.tr/Bulten/Index?p=Adrese-Dayali-Nufus-Kayit-Sistemi-Sonuclari-2023-49684, 25.02.2024

vi- TBMM, 28. Dönem Milletvekili Sandaliye Dağılımı, tbmm.gov.tr, 29.05.2023, https://www.tbmm.gov.tr/sandalyedagilimi, 25.02.2024

vii- TCCB, Cumhurbaşkanlığı Kabinesi, tccb.gov.tr, 05.06.2023, https://www.tccb.gov.tr/kabine/, 25.02.2024

viii- سیستەمێکی تایبەتە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کەمینەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆ

یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦١ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی جۆن کەنەدی لە ئەمریکا بۆ بەشداریی ڕەشپێستەکان لە هەڵبژاردنەکانو نوێنەرایەتییان لە کۆنگرێس پەیڕەوکرا، دواتر ئافرەتان داوایانکرد ئەو سیستەمە بۆ بەشداریی ئەوانیش جێبەجێبکرێت، لە ساڵی ١٩٩٥ لە کۆنگرەی چوارەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەکینی پایتەختی چین بە فەرمی بڕیاردرا بە جێبەجێکردنی سیستەمی کۆتا بۆ بەشداریی ئافرەتان لە کایە جیاوازەکانی ژیانو بە تایبەت لە سیستەمی سیاسیو فەرمانڕەواییو بەڕێوەبردنی دەوڵەتو پارتە سیاسییەکانو ڕێکخراوەکاندا، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی جیاکردنەوەی ڕێژەیەکی دیاریکراوەوە بۆ بەشداریو نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکانو بە تایبەت هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا جێبەجێدەکرێت، ئەو ڕێژەیەی دیاریکراوە، بە پێی وڵاتو پارتە سیاسییەکان دەگۆڕێتو بە گشتی لە نێوان (٢٠٪) بۆ (٣٠٪)دایە.

ix- BBC News Türkçe, Erdoğan yeni kabineyi açıkladı: Mehmet Şimşek Hazine ve Maliye, Hakan Fidan Dışişleri, Ali Yerlikaya İçişleri Bakanı oldu, 03.06.2023, https://www.bbc.com/turkce/articles/ck7dr8x17p2o, 27.02.2024

x- Gülsen Solaker, Kadınlar yerel siyasette neden daha az temsil ediliyor?, dw.com, 23.02.2024, https://www.dw.com/tr/kad%C4%B1nlar-yerel-siyasette-neden-daha-az-temsil-ediliyor/a-68355308, 25.02.2024

xi- Hürriyet, https://www.hurriyet.com.tr/bilgi/galeri-istanbul-secimleri-anketi-sonuclari-2024-iste-murat-kurum-ve-ekrem-imamoglu-yarisinda-son-durum-42413500/5, 03.03.2024, https://www.hurriyet.com.tr/bilgi/galeri-istanbul-secimleri-anketi-sonuclari-2024-iste-murat-kurum-ve-ekrem-imamoglu-yarisinda-son-durum-42413500/5, 05.03.2024

xii- Sabah, 23 Haziran İstanbul Seçimi, 24.06.2019, https://www.sabah.com.tr/secim/23-haziran-2019-istanbul-secim-sonuclari/, 05.03.2024

xiii- Haber Türk, 2023 Milletvekili Seçimi, 29.05.2023, https://www.haberturk.com/secim/secim2023/genel-secim, 05.03.2024

xiv- Cuumhuriyet, AKP yönetiminde deprem: Kasım Gülpınar istifa etti, Yeniden Refah'ın adayı oldu, 23.01.2024, https://www.cumhuriyet.com.tr/siyaset/akp-yonetiminde-deprem-kasim-gulpinar-istifa-etti-yeniden-refahin 2166775#:~:text=G%C3%BCl p%C4%B1nar%27%C4%B1n%20istifas%C4%B1%20ve%20Yeniden%20Refah%27a%20kat%C4%B1l%C4%B1m%C4%B1%20bizzat%20Yeniden,partisinin%20%C5%9Eanl%C4%B1urfa%20B%C3%BCy%C3%BCk%C5%9Fehir%20Belediye%20Ba%C5%9Fkan%20Aday%C4%B1%20oldu%C4%9Funu%20a%C3%A7%C4%B1klad%C4%B1., 05.03.2024

xv- Serbestgorus, AKP'nin 'Bursa' çıkmazı: 'YRP oyları bölüyor' endişesi büyüyor, 17.02.2024, https://serbestgorus.com/2024/02/akpnin-bursa-cikmazi-

Mahmut Bozarsılan, Diyarbakır Barosu'ndan Yüksek Seçim Kurulu'na "seçmen kaydırma" başvurusu, 24.01.224, Diyarbakır Barosu'ndan Yüksek Seçim Kurulu'na "seçmen kaydırma" başvurusu (voaturkce.com), 05.03.2024

xxiii- Referans Türk, CHP Milletvekili Kış, usulsüz seçmen taşıma iddiaları için meclis araştırma önergesi Verdi, 01.02.2024, CHP Milletvekili Kış, usulsüz seçmen taşıma iddiaları için meclis araştırma önergesi verdi - ReferansTürk (referansturk.com), 04.03.2024

xxiv- Mezopotamya Ajansı, DEM Parti usulsüz seçmenler için suç duyurusunda bulundu, 28.02.2024, DEM Parti usulsüz seçmenler için suç duyurusunda bulundu - Mezopotamya Ajansı (mezopotamyaajansi35.com), 04.03.2024

xxv- T.C. İçişleri Bakanlığı, Diyarbakır, Mardin, Van Büyükşehir Belediye Başkanlarının Görevden Uzaklaştırılmasına Dair Basın Açıklaması 19.08.2019, https://www.icisleri.gov.tr/diyarbakir-mardin-van-buyuksehir-belediye-baskanlarinin-gorevden-uzaklastirilmasina-dair-basin-aciklamasi.

xxvi- Halk TV, Soylu'dan Skandal HDP'li Belediyeler Açıklaması: Hepsini İki Günde Görevden Aldık, 11.05.2023, https://halktv.com.tr/siyaset/soyludan-skandal-hdpli-belediyeler-aciklamasi-hepsini-iki-gunde-gorevden-aldik-738278h, 05.03.2024

xxvii- Deniz Gedik, Türkiye Yerel Yönetim Sisteminde Bir Kara Delik: Kayyum Uygulamaları, http://spectrumhouse.yrp-oylari-boluyor-endisesi-buyuyor/, 05.03.2024

xvi- Mezopotamya Ajansı, DEM Parti usulsüz seçmenler için suç duyurusunda bulundu, 28.02.2024, DEM Parti usulsüz seçmenler için suç duyurusunda bulundu - Mezopotamya Ajansı(mezopotamyaajansi35.com), 04.03.2024

xvii- Azad Altay, AKP hangi il ve ilçelere 'seçmen' taşıyor?, 21.12.2023, AKP hangi il ve ilçelere 'seçmen' taşıyor? Mezopotamya Ajansı (mezopotamyaajansi35.com), 05.03.2024

xviii- DW Türkçe, Siirt'te inşaat halindeki askeri lojmana 2099 kişi, bir diğer askeri lojmana ise 1989 seçmenin kaydedildiği ortaya çıktı, 30.01.2024, https://x.com/NEWSSHORTT/status/1752423995599950194?s=20, 04.03.2024

xx- Artı Tv, DEM Parti, Hakkari'de 10 bin 832 seçmenin taşındığını tespit etti, 01.02.2024, (508) DEM Parti, Hakkari'de 10 bin 832 seçmenin taşındığını tespit etti - YouTube, 04.03.2024

xxi- SÖZCÜ, 2019 Yerel Seçim Sonuçları, Siirt Seçim Sonuçları: 31 Mart 2019 Siirt Yerel Seçim Sonuçları (sozcu.com.tr), 04.03.2024

xxii- SÖZCÜ, 2019 Yerel Seçim Sonuçları, Diyarbakır Kulp Seçim Sonuçları: 31 Mart 2019 Diyarbakır Kulp Yerel Seçim Sonuçları (sozcu.com.tr), Diyarbakır Eğil Seçim Sonuçları: 31 Mart 2019 Diyarbakır Eğil Yerel Seçim Sonuçları (sozcu.com.tr), Diyarbakır Hazro Seçim Sonuçları: 31 Mart 2019 Diyarbakır Hazro Yerel Seçim Sonuçları (sozcu.com.tr), 05.03.2024

com.tr/turkiye-yerel-yonetim-sisteminde-bir-kara-delik-kayyum-uygulamalari/, 05.03.2024
xxviii- Medyascope, Demirtaş Aktif Siyaseti Bıraktı, 31.05.2023, https://medyascope.tv/2023/05/31/demirtas-aktif-siyaseti-birakti/, 06.03.2024
xxix- Sondakika, Başak Demirtaş Adaylıktan Neden Çekildi, 07.02.2024, https://www.sondakika.com/politika/haber-basak-demirtas-in-adayliktan-neden-cekildi-ak-16825642/, 06.03.2024

AA, Yrel Seöimlere 15 Gün Kaldı, 16.03.2024, Yerel seçimlere 15 gün kaldı (aa.com.tr), 16.03.2024

# ڕۆژئاوای کوردستان و ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا

کەیوان هەڵەبجەیی

## پێشەکی

لە ساڵی ٢٠١١ بە دواوە گەلی سوریاش وەک گەلانی دیکەی ناوچەکە بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمی دەسەڵاتدارانیان ڕژانەسەر شەقامەکان. کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی سوریا بە هۆی ئەو ستەمەی لە سەرەتای دروستبوونی ئەو دەوڵەتەوە لێیان کرابوو، زیاتر هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتو بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیانیان دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا گرژیی سیاسیی ناوچەکە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی کوردانی ڕۆژئاوا بتوانن هەوڵی بەدەستهێنانی نیمچەئۆتۆنۆمییەک بدەن. ئەم هەوڵانەش زیاتر لەلایەن هێزەکانی پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)وە بووە.

تورکیا لە ترسی دروستبوونی هەرێمێکی دیکەی وەک هەرێمی کوردستانی عێراقو بە بیانووی بوونی هێزەکانی پەکەکەو پەیوەندییان لەگەڵ پەیەدە/یەپەگەدا، ئۆپراسیۆنەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکرد. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانو دوورخستنەوەی گرووپە چەکدارییەکانو بە تایبەت هێزەکانی پەکەکە/پەیەدە/یەپەگە چەندین هێرشی سەربازیی کردووەتەسەر ڕۆژئاوای

کوردستان، کە بە شێوەیەکی گشتی تاوەکو ئێستا لەلایەن تورکیاوە پێنج ئۆپراسیۆنی سەربازی لە ژێر ناوەکانی "قەڵغانی فورات، چڵەزەیتوون، کانی ئاشتی، داڵی زستانو چنگ-شمشێر" بۆ سەر ڕۆژئاوا ئەنجامدراوە. لە ئۆپراسیۆنەکاندا جگە لە لێدان لە پێگەکانی پەیەدەو پەیەگە، چەندین کەسی سڤیلو شوێنی گشتی کراونەتەئامانج. لەم توێژینەوەدا لەگەڵ خستنەڕووی دۆخی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستاندا، تیشکخراوەتەسەر ئەو ئۆپراسیۆنە سەربازییانەی لەلایەن تورکیاوە کراوەتەسەر ڕۆژئاوای کوردستان.

## دۆخی سیاسیو مێژووی خەباتی کوردەکانی سوریا

کورد ڕێژەی لە سەدا ٨ بۆ ١٠ی سوریا پێکدەهێنێت. کێشەی کورد لەو وڵاتە چەندە لە ناوخۆدا، ئەوەندەش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەنگدانەوەی هەبووە. ئەم دەنگدانەوەیەش لە مێژووی هاوچەرخی سوریاو بە تایبەت دوای شۆڕشی ناوخۆیی ساڵی ٢٠١١ بە دواوە زیاتربووە. مێژووی کێشەی کورد لە سوریا، بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکە دەگەڕێتەوە، چونکە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا کوردەکانی سوریا لە ڕوانگەی سیاسی، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەوە ڕووبەڕووی جیاوازی بوونەتەوە، بە تایبەت دوای سەرژمێریی دانیشتوانی ساڵی ١٩٦٢ کێشەی هاونیشتیمانبوونی کوردەکان هاتەئاراوە. ئەمە جگە لەوەی ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردی لێ دەژیا، سیاسەتی تەعریبکردنی تێدا جێبەجێکرا(١). لەگەڵ ئەوەشدا بە هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣، گۆڕانی سوریا بۆ کۆماری عەرەبی زمانی فەرمی دەوڵەت کرا بە عەرەبی، ئیدی کوردەکان ڕووبەڕووی دۆخێکی خراپتر بوونەوە، چونکە سیاسەتی لەناوبردنو سڕینەوەی کوردەکان لەلایەن ڕژێمی سوریاوە دەستیپێکرد. بە تایبەت سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٧٣(٢). لەگەڵ ئەمانەشدا لە ١٢ی شوباتی ٢٠٠٤ لە قامیشلۆ، گرژی لە نێوان دوو یانەی وەرزشیی کوردو عەرەب دروستبوو. لە ئەنجامدا ١١ کەس لە گۆڕەپانی یارییەکەدا کوژرا. ئەم گرژییە بۆ شەقامەکانی شارە کوردییەکان گوازرایەوە. هێزی ئاسایشی سوریا، زۆر بە توندی ڕووبەڕووی کوردەکان بووەوە. ٤٠ کەس گیانیانلەدەستدا، دەیان خوێندکاری کورد لە قوتابخانە دەرکرانو هەزارانیش دەستگیرکران. دوای ئەم ڕوداوە فشارە کولتووری، سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە کوردەکان زیاتربوو. ئەم پێشهاتە کە بە ڕوداوی قامیشلۆ ناسراوە، بۆ کوردەکان زۆر گرنگ بوو، چونکە هێمای ئازادیو ڕزگاری بوو(٣).

## خۆپیشاندانەکانی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان

لە ئازاری ٢٠١١دا لە زۆرینەی شارەکانی سوریا خۆپیشاندان بەرانبەر بە ڕژێمی سوریا دەستیپێکرد. خۆپیشاندەران داوای ئازادی، دیموکراسیو چاکسازییان لە دۆخی ئابووریدا دەکرد(٤)، بەڵام ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردنشین بوو، بەراورد بە ناوچەکانی دیکە خۆپیشاندان تێیدا کەمتر بوو. بەشار ئەسەدی سەرۆککۆمار ئەمەی بەدەرفەتزانیو لە ڕێگەی پێدانی پێناسی هاونیشتیمانبوونەوە بە کوردەکان، هەوڵیدا کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەمە لە کاتێکدا پێشتر بە هەموو شێوەیەک، تەنانەت ئەنجامدانی ڕێورەسمی جەژنی نەورۆز قەدەغە بوو، بەڵام ئەسەد لە بەهاری ٢٠١١ ڕێگەیدا بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز. وەک باسکرا، سەرەتا جوڵەی کوردەکان لە خۆپیشاندانەکاندا کەمتر دەردەکەوت، چونکە کوردەکان وەک گرووپەکانی دیکە لە بریی ئەوەی هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتی ڕژێمی سوریا بدەن، زیاتر هەوڵی بەدەستهێنانی هێزی سیاسیو سەربازییان دەدا لەو ناوچانەی لێی دەژیان، ئەمەش مێژووەکەی بۆ ڕوداوەکانی قامیشلۆ دەگەڕێتەوە. گرووپە کوردییەکانی سوریاو بە تایبەت پەیەدە، هەم بەرانبەر بە ڕژێمی سوریا، هەم بەرانبەر بە گرووپە ئۆپراسیۆنەکان دەوەستانەوەو خۆیان لە تێکەڵبوون لەگەڵیاندا بەدووردەگرت. ئەنجامەکەیشی بەدەستهێنانی هێزی سیاسیو سەربازی بوو لە ناوچە کوردنشینەکان(٥).

ناوچە کوردییەکانی سوریا، جگە لەوەی دەوڵەمەندە بە بەرهەمی کشتوکاڵی، سەرچاوە سروشتییەکانو ئاو، خاوەنی سامانی نەوتیشە، هەر بۆیە ململانێی نێوان گرووپەکان لەم ناوچەیە ململانێی ئابووریو سیاسییشە. لێرەوە بۆچوونی جیاواز لە نێوان گرووپە کوردییەکانی سوریادا بەرانبەر بە ڕژێمی ئەسەد دروستبوو. لەم ڕوانگەوە ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردی سوریا (ئەنەکەسە) وەک گرووپە ئۆپەزسیۆنەکانی دیکە دەیویست بە بەشداریکردن لە ئەنجومەنی نەتەوەیی سوریا ببێت بە بەشێک لە هێزی گۆڕانکاری لە ڕژێمی سوریاو ڕەوایی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت، بەڵام لەم نێوەندەدا ململانێی نێوان پەیەدەو ئەنەکەسە بەرچاودەکەوێت، هەر بۆیە بۆ کۆتاییهێنان بەم گرژیو ململانێیە، بە نێوەندگیریی مەسعوود بارزانی؛ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەولێر ڕێککەوتن لە نێوان ئەنەکەسەو پەیەدەدا کراو ئەنجومەنی باڵای کورد دروستکرا، بەڵام هەردوولا لە سەر کاری سیاسیی سەربەخۆی خۆیان بەردەوامبوون. لە گۆڕەپانەکەدا هێزەکانی پەیەدە زیاتر بەرچاودەکەوتن. ئەوەی زیاتر هێزەکانی پەیەدەی ناساند، کشانەوەی سوپای

سوریا بوو لە تەمموزی ٢٠١٢. لەم نێوەندەدا یەپەگە وەکو باڵی سەربازیی پەیەدە توانیی سوود لەم بۆشاییە سیاسیی و سەربازییە وەربگرێت و ناوچەکانی عەفرین، کۆبانێ (عەین العەرەب)، جەزیرەی کۆنترۆڵکرد(٦). لەگەڵ ئەوەشدا لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣ ئەو سێ شارە بە ڕۆژئاوای کوردستان ناونراو لەلایەن پەیەدەوە بە فیعلی حکومەت ڕاگەیەنرا، بەڵام هەر ململانێی نێوان هێزە کوردییەکان بەردەوامبوو، هەر بۆیە بۆ کۆتاییهێنان بە گرژیی نێوان هێزە کوردییەکان، لە ساڵی ٢٠١٥ ڕێککەوتننامەی دهۆک ئیمزاکرا، بەڵام ئەمیش دووبارە بێئەنجام بوو. دواجار پەیەدە ئۆفیسەکانی ئەنەکەسەی داخست و بەشێک لە ئەندامانی دەستگیرکردن. بەم شێوە پەیەدەو باڵە سەربازییەکەی، کە یەپەگەیە، بەهێزتربوون. هەروەها بوونی پەیوەندیی پەیەدە لەگەڵ ڕژێمی سوریادا، ڕێگر بوو لە هێنانەکایەی چارەسەری سیاسیی نێوان لایەنەکان، هەر بۆیە ڕووسیا لە ناوچەکانی عەفرین و عەین عیساو چەند ناوچەیەکی دیکە هاوکاریی پەیەدەی کرد. ئەم دۆخەش پەیەدەی کردە دەسەڵاتداری ناوچەکە، ئەمە جگە لەوەی سەرکەوتنەکانی یەپەگە بەرانبەر بە داعش لە ناوچەکانی کۆبانێ، تەل عەبیاد، مەنبیج و ڕەققە کاریکردەسەر پێگەو هێزی پەیەدە(٧). هەموو ئەمانەو هاوکاریی سەربازی، ئابووری و سیاسیی ئەمریکا؛ پەیەدەی زیاتر بەهێزکرد. لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی سەرکەوتنە سەربازییەکانی یەپەگەو زیادبوونی هێزیەوە لە گۆڕەپانەکەدا، هەندێک پارتی سیاسیی کوردی ناچاربوون بچنەژێر چەتری بزوتنەوەی دیموکراتیی کوردەوە (TEV-DEM)، ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی هێزی ئەنەکەسە. هەرچەندە کوردەکانی سوریا ئامانجی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام ململانێی نێوان پارتە سیاسییە کوردییەکان بووە هۆی لەناوچوونی ئەو ئامانجە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە سیاسەتی ئەمریکا ئەم ململانێیە بۆ کاری هاوبەش دەگۆڕێت. لەم ڕوانگەیەوە بە هاوکاریی ئەمریکا دووبارە گفتوگۆو دانوستانەکان لە نێوان پەیەدەو ئەنەکەسەدا دەستپێکردەوە، بۆ نموونە: کاتێک لە لیژنەی دەستووریی سوریادا دوو ئەندامی ئەنەکەسە هەبوون، پەیەدە هیچ ئەندامێکی نەبوو، ئەمەش سەرەتای دووبارە نزیککردنەوەی پەیەدە بووە لە ئەنەکەسە، چونکە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنەکەسەدا، واتە ئامادەکردنی زەمینەیەک بۆ ڕەوایەتیی پەیەدە. بەم شێوەیە ئەمە بووە دەرفەتێک بۆ ئەوەی پەیەدە بتوانێت بەشداریی گفتوگۆو ڕێککەوتنە سیاسییەکان لە سوریادا بکات(٨).

**هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی هەرێمی سەربەخۆ**

کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەوڵی ئەوەدا بوون هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروستبکەن. سەرەتاو لە هەنگاوی یەکەمدا لە ساڵی ٢٠١٤ ڕێکەوتننامەیەکی کۆمەڵایەتی، کە هەر سێ کانتۆنی عەفرین، جەزیرەو کۆبانێی لەخۆدەگرت، بەسترا. ئەم ڕێککەوتننامەیە تەنها ئەو ناوچانەی لەخۆدەگرت کە زۆرینەی لە کوردەکان پێکهاتبوو. لە هەنگاوی دووەمداو لە ساڵی ٢٠١٧ سیستەمی کۆنفیدرالیزم لە سێ کانتۆنەکە ڕاگەیەنرا، بەڵام بە هۆی هێرشەکانی تورکیاوە هەڵبژاردنەکان بۆ قۆناغی سێیەم دواکەوت. دواتر ناوچەکانی تەبقە، ڕەققە، دێرەزوورو مەنبیج ڕزگارکراو هەر ناوچەیەک ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆی بۆ دانرا(٩).

**هەرچەندە کوردەکانی سوریا ئامانجی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام ململانێی نێوان پارتە سیاسییە کوردییەکان بووە هۆی لەناوچوونی ئەو ئامانجە، بەڵام ڕوداوەکانی ئەم دو اییە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە سیاسەتی ئەمریکا ئەم ململانێیە بۆ کاری هاوبەش دەگۆڕێت.**

تورکیا ئەم جموجوڵەی هێزەکانی ناوچەکەو بە تایبەت هێزە کوردییەکانی بە مەترسی دەزانی، هەر بۆیە تورکیا بە مەبەستی نەهێشتنی ئەم مەترسیانە بۆ سنوورەکانی، لە ساڵی ٢٠١٦ ئۆپراسیۆنی قەڵغانی فورات، لە ساڵی ٢٠١٨ ئۆپراسیۆنی چڵەزەیتوون بۆ سەر عەفرین، لە ساڵی ٢٠١٩ ئۆپراسیۆنی کانی ئاشتیو لە ساڵی ٢٠٢٢ ئۆپراسیۆنی داڵی زستانی ئەنجامدا(١٠).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لە کۆتا هەنگاودا کوردەکان توانییان هەرێمێکی نیمچەسەربەخۆ دروستبکەن. سەرەتاو لەساڵی ٢٠٢١ بۆ دانانی دەستوورێک لیژنەیەکی ١٥٨ کەسی پێکهێنرا، کە نیوەی ئەندامانی لە ژنان پێکهاتبوو. دواتر لیژنەیەکی بچووکتر پێکهێنراو توانرا ڕەشنوسی دەستوورەکە ئامادەبکەن(١١). لە کۆتاییداو لە ١٢ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٣و لە دوای ٩١ کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبردنی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕێککەوتننامە (دەستوور) ی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیی باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا بە هەرسێ زمانی عەرەبی، کوردیو سریانی واژووکرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە بە دەستووری ڕۆژئاوای کوردستان دەناسرێت. بە پێی ئەم دەستوورە لە سوریا هەرێمێک بە ناوی هەرێمی باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا پێکدەهێنرێت. لە ١٣٤ ماددە پێکهاتووە، کە لە چوار بەشدا کۆکراوەتەوە. ئەم

ڕێککەوتننامەیە کانتۆنەکانی جەزیرە، تەبقا، ڕەققە، دێرەزوور، فیڕات، شەهباو مەنبیج لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەوەی سەیرە، لەم هەرێمەدا جگە لەوەی باس لە نەتەوەیەکی دیاریکراو نەکراوە، زمانی کوردی دووەمین زمانی فەرمیی هەرێمەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمەکە بەشێک دەبێت لە سوریای دیموکرات(١٢).

کوردانی سوریا دەکرێن بە دوو بەشەوە؛ هەندێکیان بە هۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنەوە لە ناو سیستەمی ڕژێمی بەشار ئەسەددا تواونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پلەو پێگەی سەربازیی بەرزیان هەیە لە ناو سوپای سوریاداو ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئەسەددا بینیوە. ئەم کوردانە بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو لە سوریادا نیشتەجێن. بەشێکی دیکە لە کوردەکان لە ڕووی دیموگرافییەوە لە باکووری سوریادا نیشتەجێن. ئەم کوردانە خزمایەتییان هەیە لەگەڵ کوردانی عێراق‌و تورکیادا، هەر بۆیە بە هۆی هاوسنوورییانەوە لەگەڵ کوردانی دیکەدا زیاتر هەستی نەتەوایەتی تێیاندا بەهێزەو لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیاندان(١٣).

## هۆکارەکانی پشت ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١١ خۆپیشاندان دژی ڕژێمی سوریا دەستیپێکرد، تاوەکو ماوەیەکی زۆر لە ناو بەرەی ئۆپراسیۆندا هەست بە جوڵەی کوردەکان نەدەکرا، بەڵام دوای ساڵی ٢٠١٢و دامەزراندنی کانتۆنەکان، تورکیا هەستی بە مەترسیی کوردەکانی سوریا کردو مۆتەکەی دامەزراندنی هەرێمێکی دیکەی کوردستان دروستبوو، هەر بۆیە تورکیا پەیەدەی وەکو بەشێک یان هەر خودی پەکەکە دەبینی(١٤).

ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ نەهێشتنی مەترسییەکانە بەرانبەر بە هێمنی‌و ئاسایشی نیشتیمانی، ئەمەش بە تایبەت لە سنوورەکانی تورکیا لە باکووری عێراق‌و سوریا(١٥)، هەر بۆیە حکومەتی تورکیا بەردەوام لە ڕاگەیاندنەکانەوە باس لەوە دەکات کێشەی ئەوان لەگەڵ کورددا نییە، بەڵکو کێشەی تورکیا لەگەڵ پەکەکەدایە. لەم ڕوانگەیەوە تورکیا هەموو هەوڵێکی خۆی خستووەتەکار بۆ لە ناوبردنی پەکەکەو لایەنگرانی. تورکیا پێی وایە ئەو جوڵە سیاسییەی لە باکووری سوریا هەیە، هەر جوڵەی پەکەکەیە، بەڵام لە ژێر ناوێکی دیکەدا(١٦)، هەر بۆیە تورکیا بە تایبەت پەیەدە وەکو مەترسییەک بۆ سنوورەکانی خۆی دەزانێت(١٧)، چونکە تورکیا ترسی لەوە هەیە هاوشێوەی باکووری عێراق لە باکووری سوریا هەرێمێکی ئۆتۆنۆم بۆ کوردەکان دروستبێت. هەروەک چۆن پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندا چالاکی بەرانبەر بە تورکیا دەکات، لەو هەرێمە

نوێیەوە، واتە لە باکووری سوریاوە، ببێت بە مەترسی بۆ سەر تورکیا. هەرچەندە بە ڕەسمی باس لە پەیوەندیی نێوان پەیەدەو پەکەکە ناکرێت، بەڵام تورکیا لە هەڵوێستە سیاسییەکانی پەیەدەوە بۆنی پەکەکە دەکات(١٨). بە تایبەت دوای کشانەوەی هێزەکانی ڕژێمی سوریا لە تەمموزی ٢٠١٢ لە ناوچە کوردنشینەکان. ململانێی نێوان گرووپە کوردییەکانو بە تایبەت هێزەکانی پەیەدە زیاتر دەرکەوتن(١٩).

**سەرەتا ناوچە کوردنشینەکانی سوریا کەمتر خۆپیشاندانی تێدا ئەنجامدرا، بەشارئەسەد ئەمەی بەدەرفەتزانیو لە ڕێگەی پێدانی پێناسی هاونیشتیمانبوونەوە بە کوردەکانو ڕێگەدان بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز، هەوڵیدا سۆزیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.**

زەکەریا ئاکتورک؛ وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی تورکیا، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی هەفتانەی وەزارەتەکەی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ ڕایگەیاند: "تورکیا بۆ پاراستنی هێمنیو ئاسایشی ناوخۆو ناوچەکە لە هەوڵەکانی بەرانبەر بە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانی وەک پەکەکە، کەجەکە، پەیەدە-یەپەگە، داعشو فەتۆ (گرووپی خزمەت/فەتحولڵا گولەن) بەردەوامدەبێت." هەروەها وتیشی: "لە ماوەی ئەمساڵدا لە باکووری عێراقو سوریا هەزارو ٦٤٠ تیرۆریستمان لەناوبردووە. لە ساڵی ٢٠١٥ بە دواوە تاوەکو ئەمڕۆ بە کۆیگشتی ٣٨ هەزارو ٩٨٣ تیرۆریست لەناوبراون."(٢٠) وتەبێژی وەزارەتی بەرگری سەبارەت بە دۆخی سوریا وتوویەتی: "ئۆپراسیۆنەکانمان بەرانبەر بە هەڕەشەکانی تیرۆر لە ناوچەکەدا، تەنها تیرۆریستان دەگرێتەوە، ئەمەش بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکانو بەبێ پێشێلکردنی مافی دراوسێکانمان، هەر بۆیە لە ئۆپراسیۆنەکانماندا ڕەچاوی مافی خەڵکانی سیڤیل کراوەو جگە لە تیرۆریستان لە هیچ ئامانجێکی دیکە نەدراوە." هەروەها ئاکتورک جەختی لەوەش کردووەتەوە: "ئۆپراسیۆنەکان بەردەوامدەبێت تاوەکو ناوچەیەکی ئارام لە باکووری سوریا دروستدەکرێت."(٢١)

## ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بەرانبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٤ یەکەمین هێرشی پەکەکە بۆ سەر تورکیا کرا، بەرپرسانی ئەو وڵاتە هەستیان بە مەترسیی پەکەکە کرد، هەر بۆیە زۆرترین ئۆپراسیۆنێک تورکیا کردبێتی، بەرانبەر بە پەکەکە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام تورکیا باسی لە مەترسیی بەکارهێنانی

خاکی سوریا لەلایەن یەکەکەوە کردووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەنقەرە لەگەڵ دیمەشقدا لە گرفتدا بێت(٢٢)، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٥ ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی لە ژێر ناوی "لەناوبردنی سەرچاوەی تیرۆر"دا ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات هەڵکشاوە(٢٣). یەکەمین ئۆپراسیۆنێک لەلایەن تورکیاوە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە ١٨ی ئابی ٢٠١٦ ئەنجامدرا، ئەمەش بە پێی ڕێککەوتنامەی نێوان تورکیاو ئەمریکا بوو بۆ پاراستنی سنوورەکانی تورکیا لە مەترسیی گرووپە چەکدارەکان(٢٤). لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا ستراتیژیەتی بێوچانی ئۆپراسیۆنەکانی ڕاگەیاند، ئەمەش بە مانای کردنە ئامانجی هەموو لایەنەکانی باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا دێت. بە شێوەیەکی گشتی جگە لەوەی ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بۆ لە ناوبردنی تیرۆرە، لە هەمان کاتیشدا بۆ دوورخستنەوەیانە لەو شوێنانەی دەیانەوێت چالاکی تێدا بکەن. ئەم جۆرە ئۆپراسیۆنانە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٢٢ بە دواوە زۆر ڕووی لە زیادبوون کردووە. لەم ئۆپراسیۆنانەدا دەزگای میتی تورکی ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی بینیوە. لە کاتێکدا ساڵی ٢٠١٨ تەنها ٦ ئۆپراسیۆن کراوە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ٢٠١٩ بۆ ١٤، لە ٢٠٢٠ بۆ ١٣و لە ٢٠٢١ بۆ ١٤ ئۆپراسیۆن بەرزبووەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی لە ساڵی ٢٠١٨ تاوەکو ٢٠٢٢ نزیکەی ٧٩ ئۆپراسیۆن ئەنجامدراوە. ٥٧ ئۆپراسیۆن لە عێراق و ٢٢ ئۆپراسیۆن لە سوریا بووە. لەم ژمارەیە ١٥ ئۆپراسیۆن بەرانبەر بە یەپەگەو ٦٤ ئۆپراسیۆن بەرانبەر بە پەکەکە کراوە(٢٥). بە پێی ڕاپۆرتێک، کە لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە، تورکیا لە ڕێگەی ئۆپراسیۆنەکانیەوە لە ماوەی ٦ ساڵدا توانیویەتی ١٦ هەزارو ٩١٣ کەس لە هێزەکانی پەیەدەو یەپەگە بکاتەئامانج(٢٦).

### ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بریتی بوون لە:

یەکەم/ ئۆپراسیۆنی قەڵغانی فورات: ئەم ئۆپراسیۆنە بە ئامانجی دوورخستنەوەی مەترسییەکانی داعش کرا. ئۆپراسیۆنی قەڵغانی فورات لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئابی ٢٠١٦ دەستیپێکردو توانرا ناوچەی جەرابلوس و باب لە داعش پاکبکرێتەوە. ئۆپراسیۆنەکە ماوەی ٢١٧ ڕۆژ بەردەوامبووەو لە ٢٩ی ئازاری ٢٠١٧ کۆتاییهاتووە(٢٧).

دووەم/ ئۆپراسیۆنی چڵەزەیتوون: زەیتوون لە تورکیا هێمای ئاشتییە، بەڵام تورکیا لە ژێر ئەو ناوەدا بە ٧٢ فڕۆکەی جەنگی و بە یادی "٧٢ شەهید"ی ئۆپراسیۆنی قەڵغانی فوراتدا هێرشی بۆ سەر شەڕڤانان لە عەفرین کرا، چونکە

تورکیا هێزەکانی پەیەدەو یەپەگەی لە عەفرین بەمەترسیدەزانی، هەر بۆیە ئۆپراسیۆنەکە لە ٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٨ دەستیپێکردو لە ١٨ی ئازاری هەمان ساڵ کۆتاییهات. لە ئەنجامدا هێزە سەربازییەکانی تورکیا جگە لەوەی توانییان دەست بە سەر ناوچەکانی بولبول بەلەد، ڕاجو بەلەد، شیخ حەدید بەلەد، شەرعان بەلەدو جندریس بەلەد بگرن، شاری عەفرینیشیان کۆنترۆڵکرد(٢٨). لەگەڵ ئەمەشدا بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی بەرگریی تورکیا لەم ئۆپراسیۆنەدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پەکەکە، یەپەگەو هێزەکانی دیکەی ناوچەکە لەناوبراون(٢٩).

سێیەم/ ئۆپراسیۆنی کانی ئاشتی: لە ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ دەستیپێکرد. دووبارە تورکیا ئەم ئۆپراسیۆنەشی بۆ فەراهەمکردنی ناوچەی ئارام لە سنوورەکانی لەگەڵ سوریاو دوورخستنەوەی مەترسییەکانی پەکەکە/ پەیەدە کرد، لەم ئۆپراسیۆنەدا هێزەکانی تورکیا لە گرێسپی (تەل أبیض)ەوە چوونەناو سوریا. لەم ئۆپراسیۆنەدا لە ٤ هەزار کیلۆمەتردا نزیکەی ٦٠٠ کەس لە هێزەکانی پەکەکەو یەپەگە کوژراون(٣٠).

چوارەم/ ئۆپراسیۆنی داڵی زستان: لە ١ی شوباتی ٢٠٢٢ کراوە. بە هەمان شێوە ئەم ئۆپراسیۆنەش بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پەکەکە، پەیەدەو یەپەگە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانو ڕۆژئاوای کوردستان کراوە. قۆناغی دووەمی ئۆپراسیۆنەکە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ بەرانبەر بەو هێرشو چالاکییانەی بە تایبەت هێزەکانی پەکەکە لە سنوورەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستانو ڕۆژئاوای کوردستان دەیانکردەسەر سوپای تورکیا، کراوە(٣١).

**تورکیا لە ترسی دروستبوونی هەرێمێکی دیکەی وەک هەرێمی کوردستانی عێراقو بە بیانووی بوونی هێزەکانی پەکەکەوپەیوەندییان لەگەڵ پەیەدە/ یەپەگەدا، ئۆپراسیۆنی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەستیپێکردو تا ئێستا پێنج ئۆپراسیۆنی سەربازی لە ژێر ناوەکانی "قەڵغانی فورات، چڵەزەیتوون، کانی ئاشتی، داڵی زستانو چنگشمشێر"دا ئەنجامداوە.**

ساڵی ٢٠٢٢ بۆ سوریا ساڵێکی سەقامگیر بوو، چونکە لە لایەک بە هۆی شەڕی ڕووسیاو ئۆکرانیاوە، ڕووسیا ناچاربوو زۆرێک لە هێزەکانی خۆی لە سوریاوە ڕەوانەی ئۆکرانیا بکات. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی ئێرانەوە، ئەو وڵاتە کەمتر بایەخی بە سوریا دەدا. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە جۆبایدنی

سەرۆکی ئەمریکا گرنگیی کەمتری بە سوریا دەدا. بەم جۆرە گۆڕەپانەکە بۆ تورکیا چۆڵ بوو، بەڵام هێشتا ئەمریکا لە پاراستنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەکەکەو یەپەگە بەردەوامبوو، هەر بۆیە تورکیا لە ڕێگەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی سوریادا، دەیویست چارەسەری بابەتی ڕۆژئاوای کوردستان بکات. لەم ڕوانگەیەوە ساڵی ٢٠٢٣ بە ساڵی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ڕژێمی سوریا دادەنرێت(٣٢).

لەگەڵ هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دیمەشقدا، ئەنقەرە بەردەوامبووە لە ئۆپراسیۆنی سەربازیو هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمەش لە پێناو کۆتاییهێنان بە باڵادەستیی پەکەکەو یەپەگە لەو ناوچانەدا، لێرەوە ڕووندەبێتەوە ئامانجی تورکیا لە دانوستان لەگەڵ سوریایش بۆ کۆتاییهێنانە بە ئەزموونی ڕۆژئاوا، چونکە تورکیا پێی وایە تاوەکو ئێستاش هێزەکانی پەکەکەو یەپەگە مەترسین بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی سوریاو سنوورەکانی تورکیا(٣٣). لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازیی بەرگریو دروستکردنی فڕۆکەبێفڕۆکەوانەوە لەلایەن تورکیا خۆیەوە، بەراورد بە ئۆپراسیۆنەکانی پێشوو تورکیا کەمتر دەچێتە خاکی سوریاوەو لە ڕێگەی درۆنەکانیەوە ئامانجەکانی دەپێکێت(٣٤).

دوای ئەو هێرشەی لە ڕێکەوتی ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، کە کرایەسەر شەقامی ئیستیقلال لە ئەستەنبوڵو هێرشی ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆ لە ئەنقەرە، تورکیا هێرشیکردەسەر ڕۆژئاوای کوردستان، چونکە تورکیا پێی وا بوو ئەنجامدەرانی ئەم هێرشە لە سوریاوەو بە تایبەت بە ڕێنمایی پەکەکەو یەپەگە کراوە، هەر بۆیە دوای هێرشەکە هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند: "تورکیا هەموو ئەو ناوچانە دەکاتە ئامانج کە پەیوەندییان بە پەکەکەو یەپەگەوە هەیە"، هەر بۆیە دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە تورکیا چەند هێرشێکی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا. لە هەمان کاتدا ئەم هێرشانە پەیامێک بوو بۆ ڕووسیا، ئەمریکاو ڕژێمی سوریا، کە خۆیان لە پەکەکەو یەپەگە دوور بن(٣٥).

**سەرەڕای واژووکردنی دوو ڕێککەوتننامە لە هەولێرو دهۆک لە نێوان پەیەدەو ئەنەکەسەو لایەنەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان، دواجار هەموان لە ژێر چەتری هاوپەیمانیو حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژئاوا کۆنەبوونەوە.**

لەگەڵ بەردەوامیی مەترسیی گرووپە چەکدارەکان بۆ سەر ئاسایشی نیستیمانیی تورکیا، پەرلەمانی ئەو وڵاتە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزە چەکدارەکانو ئۆپراسیۆنەکانی لە عێراقو سوریا بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە درێژکردەوە(٣٦). هەڵبەت بۆ یەکەم جار پەرلەمانی تورکیا لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ ڕەزامەندیی ئۆپراسیۆنو ناردنی سەربازی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەی داوە(٣٧).

## لە بریی ئۆپراسیۆن، بەئامانجگرتنی ژێرخانی ڕۆژئاوای کوردستان

لەگەڵ ئەوەی تورکیا ئۆپراسیۆنەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان تەنها بۆ مەبەستی نەهێشتنی ئەو مەترسیانە بووە کە لە سنوورەکانیدا هەیەو دوور لە بەئامانجگرتنی دامەزراوە دەوڵەتیو هەستیارەکان، بەڵام لە ئۆپراسیۆنەکاندا جگە لە خەڵکی سڤیل، چەندین شوێنی گشتی کراونەتە ئامانج. لە سەر ئەم بابەتە هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند ئیتر لە هێرشەکاندا بەنداو، وێستگەی کارەباو ژێرخانەکانی دیکە دەکرێنەئامانج، چونکە ئەوەی تاوەکو ئێستا گرووپە سەربازییەکانی ئەو ناوچەی هێشتووەتەوە، بریتییە لە سەرچاوە ئابوورییەکانی، هەر بۆیە ئێمە سڵ لە لەناوبردنی ئەو سەرچاوانەی تیرۆر ناکەینەوە(٣٨). لەگەڵ ئەوەشدا هاکان فیدان وتی: "یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکان بۆ تورکیا بریتییە لە شەڕی تیرۆر، هەر بۆیە ئەو پەیامەی لە ئۆپراسیۆنەکاندا هەمانبووە، ڕوونو ئاشکرایە، واتە ئەگەر لە تورکیا تیرۆرستان هەر چالاکییەک بکەن، وەڵامەکەی لە ئەشکەوتەکانی عێراق نابێت، بەڵکو هەر چالاکییەک بۆ سەرچاوەکەی خۆی دەگەڕێنینەوە."(٣٩) ڕۆژێک دوای ڕەزامەندیی پەرلەمان لە سەر درێژکردنەوەی مۆڵەتی مانەوەی سوپای تورکیا لە سوریاو عێراقو ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی، بە بەهانەی ئەو هێرشەی کرایەسەر وەزارەتی ناوخۆ لە ئەنقەرە، جارێکی دیکە پەلاماری ڕۆژئاوای کوردستانی دایەوە. لە ئەنجامداو لە ترسی هێرشەکانی تورکیا ٩ قوتابخانە داخرانو چەندین خوێندکار لە خوێندن بێبەشبوون. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاپۆرتێکی سایتی شارپرێسدا هاتووە، تورکیا تاوەکو ئێستا بە فڕۆکەی جەنگیو فڕۆکەبێفڕۆکەوان ٢٠٩ هێرشی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. لەم هێرشانەدا لە ناوچەی ترپەسپی ٧ وێستگەی کارەبا، لە ناوچەی دێرک وێستگەیەکی سوتەمەنی، وێستگەی گوندی تەقیل پەقل، نەخۆشخانەی دێرکی کۆرۆنا، وێستگەیەکی سوتەمەنی لە قامیشلۆ، کۆگای دانەوێڵەو وێستگەی کارەبا لە شاری عامودا،

وێستگەی کارەبا، ئاوو کۆگای دانەوێڵەی عەین عیسا، وێستگەی سوتەمەنی، کارەباو کۆگای دانەوێڵەی حەسەکەی بۆردومانکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی لێدوانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لە ئەنجامی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان زیاد لە ٢ ملیۆن کەس بێئاوو کارەبا بوون، بە بەهای زیاد لە سەدان ملیۆن دۆلار زیان بە ژێرخانی ئابووری ناوچەکە گەیشتووە. هەموو ئەمانە وای کرد بەرپرسانی کارگێریی ناوچەکە سەبارەت بە زیانی هێرشەکانی تورکیا، داوای لێکۆڵینەوە لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکەن.(٤٠)

لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ گەریلاکانی پەکەکە دزەیانکردەناو بنکەیەکی سەربازیی تورکیا لە هەرێمی کوردستانو ١٢ سەربازیان کوشت، هەروەها لە لە ١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لە هێرشێکی دیکەی گەریلادا ٩ سەرباز کوژرا.(٤١) دەستبەجێ دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی (Milli Güvenlik Kurulu (MGK کە پێکهاتووە لە سەرۆککۆمار، وەزیری بەرگری، ناوخۆ، دەرەوە، سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپاو سەرۆکی دەزگای میت کۆبوونەوە.(٤٢) لەو دانیشتنەدا جەخت لە سەر هێرشکردنەسەر هێزەکانی پەکەکە، پەیەدەو یەپەگە لە باکوورو رۆژهەڵاتی سووریاو هەرێمی کوردستان کرایەوە. دوای کۆبوونەوەکە سەرۆککۆماری تورکیا وتی: "تاوەکو ئارامی بۆ سنوورەکانمان نەگەڕێنینەوە، لە سەر ئۆپراسیۆنەکانمان لە ناوچەکە بەردەوامدەبین."(٤٣) هەر لەم ڕوانگەیەوە تورکیا لە ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ هێرشکردەسەر گوندی زەبانەی قامیشلۆ لە دەوروبەری حەسەکەی رۆژئاوای کوردستان. لەم هێرشانەدا چەند وێستگەیەکی پاڵاوگەی نەوتو غازی سروشتی ناوچەکە کرانەئامانج. لەم بارەیەوە وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند: "ئەم هێرشانە وەڵامێکی توندە بۆ هێرشەکانی ئەم دواییەی تیرۆریستان."(٤٤)

**لە رێککەوتننامەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیی باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا، کە بە دەستووری رۆژئاوای کوردستان ناسراوە، زمانی کوردی دووەمین زمانی فەرمییەو هەرێمەکەیش بە بەشێک لە کۆماری سوریای دیموکرات دانراوە.**

**ئەنجام**

کورد وەک یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی سوریا، لە سەرەتای دروستبوونی ئەو دەوڵەتەوە، بە هۆی چەوساندنەوەیەوە، بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیدا

بووە. یەکێک لەو دەرفەتانەش کە هاتەپێشەوە، بۆئەوەی کوردەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان بتوانن بەشێک لەو مافانە بۆ خۆیان بەدەستبهێنن، بریتی بوو لە بەهاری عەرەبیو سەرهەڵدانی شۆڕش لە سوریا، چونکە بە هۆی ئەم شۆڕشەوە دەوڵەتی سوریا دەسەڵاتی لە ناوچە کوردییەکان زۆر لاوازبوو، ئەمەش بووە دەرفەتێک کوردەکان بتوانن پێگەو دەسەڵاتی خۆیان بەهێزبکەن.

هەر زوو لەلایەن تورکیاوە هەست بەم جموجۆڵەی کوردەکان کراو ترسی دروستبوونی هەرێمێکی دیکە بۆ کوردەکان بووە ڕۆژەڤی بەرپرسانی ئەنقەرە، هەر بۆیە بە بیانووی بوونی چەکدارانی پەکەکەو پاراستنی سنوورەکانی لەم هێزانە، ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی دەستپێکرد. ئۆپراسیۆنەکان لە ساڵی ٢٠١٦ تاوەکو ٢٠٢٢ بە پێنج قۆناغ کراوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هێرشی ئاسمانیو فڕۆکەبێفڕۆکەوان بەردەوامە، بە جۆرێک تورکیا دەستی گەیاندووەتە ژێرخانی ڕۆژئاوای کوردستانو دامەزراوە ستراتیژییەکان لەناودەبات.

هەرچەندە بەردەوام تورکیا لە ڕاگەیاندنەکانەوە بانگەشەی ئەوە دەکات ئەمانج لەو ئۆپراسیۆنانە لەناوبردنی هێزەکانی پەکەکە، یەپەگەو پەیەدەیەو تەنها بنکەو بارەگاکانی ئەوان دەکرێنەئامانج، بەڵام لەم هێرشە سەربازییانەدا چەندین دامەزراوەی گشتیی وەک وێستگەی کارەبا، قوتابخانەو خانووی هاوڵاتیانی سڤیل کراونەتەئامانج. ئەمە جگە لەوەی لەم کۆتاییانەدا تورکیا بە ئاشکرا کردنەئامانجی ئەو دامەزراوە دەوڵەتییانەی کە لەلایەن هێزەکانی پەیەدەو یەپەگەوە سەرپەرشتدەکرێت، ڕایگەیاندووە، هەروەها لە بەشێکی هێرشەکاندا هاوڵاتیانی مەدەنی دەبنە قوربانی.

ئەوەی تورکیا بە ناوی ئۆپراسیۆنو ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرەوە دەیکات، ئەگەر بەشێکیشی ڕاست بێت، ئەوا لە ڕاستیدا لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری، سیاسیو دیموگرافیی ڕۆژئاوای کوردستانو سوریایە. لەم نێوەندەشدا بە پلەی یەکەم کوردەکانو پاشان دەوڵەتی سوریا زیانمەنددەبێتو بۆ ئێستا تورکیاو لە ئایندەشدا کۆمپانیا بازرگانییەکانی ئەو وڵاتە سوودمەندی یەکەم دەبن.

---

## سەرچاوەکان


١-Deşilmek, Enes(٢٠٢١) "Suriyeli Kürtler ve Siyasi Entegrasyon Arayışı", İhtisas Akademi,(١).

٢-ڕۆژ نیوس(١٢.٣.٢٠٢٣)،"کۆمەڵکوژییەکەی قامیشلۆ بووە بەردی بناغەی شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان"، https://rojnews.news/?p=٣٤١٩٢٤، ٢٠٢٤/٢/١٠.

٣-پەیسەر(٢٠٢٠/٣/١٢)،"ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕاپەڕینی قامیشلۆوە بۆ خۆبەڕێوەبەرایەتی دیموکراتی"، https://www.peyserpress.com/detail/٤٨٦٢ ٢٠٢٤/٢/١٠. –

önceki kaynak , , (٢٠٢١)Deşilmek, Enes
s(١)- ¬ ڕۆژ نیوس(١٢.٣.٢٠٢٣)، سەرچاوەی پێشوو.
Zeytin Dalı" (٢٠٢٠)Kadıoğlu, İ. Aytaç-٤ Harekatı: Türkiye'nin Suriye'ye Sınır Ötesi Operasyonu ve Meşru Müdafaa Hakkı ", Pamukkale Üniversitesi Sosyal .(٢١٢)Bilimler Enstitüsü Dergisi, s
önceki kaynak , (٢٠٢١)Deşilmek, Enes -٥ .(٢), s
.(٢)Aynı kaynak, s-٦
Acun ,Can ve Keskin,-٧ nin Kuzey'PKK٢" ,(٢٠١٧)Büniyamin Suriye Örgütlenmesi PYD-YPG", SETA - .(٢٥)Baskı, Ankara, s .٢ ,Yayınları
önceki kaynak , , (٢٠٢١)Deşilmek, Enes .(٢)s
.(٢)Aynı kaynak, s-٨
,(٢٠,١٢,٢٠٢٣)Adar, Nujiyan-٩ Toplumsal Sözleşmes, Suriye'ye çözüm" sunuyor", ANFNEWS, ,https://firatnews. com/rojava-surlye/toplumsal-sozlesme- .١٩١٨٦٤-suriye-ye-cozumde-sunuyor .١٠,٠٢,٢٠٢٤
Bayraktar Bora, "Suriye İç Savaşı -١٠ Açısından Zeytin Dalı(Afrin) Hareketi", .(٤)s
,(١٤,١٢,٢٠٢٣),Yeni Özgür Politika-١١ Toplumsal Sözleşmesi ve Yürürlükte"," https://www.ozgurpolitika.com/haberi- .١٨٤٤٢٩-toplumsal-sozlesme-yururlukte .١٠,٠٢,٢٠٢٤
١٢-شوان صديق(٢٠٢٣/١٢/١٤)،"شتێک، بەناوی دەستووری ڕۆژئاوای کوردستان نییە!" ، https://www.awene.com/ ،٢٧١٢=auther&٢٠٩٠١=article?no — .٢٠٢٤/٢/١٠
önceki ,(٢٠,١٢,٢٠٢٣)Adar, Nujiyan kaynak
Türkiye" ,(٢٠١٢)Erkmen, Serhat -١٣ ve Suriyeli Kürtler: Güven Bunalım, Tıkanmışlık ve Bir Arada Yaşam- Orsam, ٤٧ ,(٤) Ortadoğu Analizi", sayı .(٢)Kasım, Ankara, s
.Aynı kaynak -١٤
,(٦,١٢,٢٠٢٢)Göksedef , Ece -١٥ Türkiye'nin Suriye'de planladığı operasyonla ilgili neler biliniyor?, BBC Türkçe, https://www.bbc.com/turkce/ articles/cw٥vrxnnxk٢o. - Kadıoğlu, İ. .(٢١٢)önceki kaynak, s ,(٢٠٢٠)Aytaç
önceki ,(٦,١٢,٢٠٢٢)Göksedef , Ece -١٦ .kaynak
önceki kaynak , (٢٠٢١)Deşilmek, Enes ١٧ .(٢), s
önceki ,(٢٠١٢)Erkmen, Serhat ١٨ .(٢٨)kaynak, s
Türkiye'nin" ,(٢٠٢١) Demir, Enes ١٩ Suriye Politikası Bağlamında TSK'nın Suriye'deki Sınır ötesi Harakatlarının ,(٥٤٧)nedenleri ve sonuçları", s
, (٢٠٢١)Deşilmek, Enes — ١٠,٠٢,٢٠٢٤ .(٢)önceki kaynak , s
,(١٢,١٠,٢٠٢٣) Gemici, Orhan Onur ٢٠ Irak ve Suriye'nin Kuzeyi dahil son" terörist etkisiz hale ٢٥٢ bir haftada getirildi", Anadolu Ajansı, https://www. aa.com.tr/tr/gundem/irak-ve-suriyenin- t-٢٥٢-kuzeyi-dahil-son-bir-haftada .٣٠١٦٧٦٤/erorist-etkisiz-hale-getirildi .١٠,٠٢,٢٠٢٤
.Aynı kaynak ٢١
.(٢١٢)s ,(٢٠٢٠)Kadıoğlu, İ. Aytaç - ٢٢
Irak" ,(٢٠٢٢) Özdemir, Mehmet -٢٣ ve Suriye'de Türkiye'nin Nokta https:// .(٧١) Operasyonları", Kriter sayı

kriterdergi.com/yazar/durdu-mehmet-
ozdemir/irak-ve-suriyede-turkiyenin-
nokta-operasyonlari
Suriye'nin" ,(٢٨,١١,٢٠٢٢)Özer, Sarp ٢٤
yılda ٦ Kuzeyindeki operasyonlarla
bin terörist etkisiz hale ١٧ yaklaşık
getirildi", Anadolu Ajansı,https://
www.aa.com.tr/tr/gundem/suriyenin-
yilda--٦-kuzeyindeki-operasyonlarla
bin-terorist-etkisiz-hale--١٧-yaklasik
.١٠,٠٢,٢٠٢٤ .getiri
Irak" ,(٢٠٢٢) Özdemir, Mehmet -٢٥
ve Suriye'de Türkiye'nin Nokta
https:// .(٧١) Operasyonları", Kriter sayı
kriterdergi.com/yazar/durdu-mehmet-
ozdemir/irak-ve-suriyede-turkiyenin-
.١٠,٠٢,٢٠٢٤ .nokta-operasyonlari
önceki ,(٢٨,١١,٢٠٢٢)Özer, Sarp -٢٦
.kaynak
önceki , (٢٠٢١)Deşilmek, Enes -٢٧
,(٢٨,١١,٢٠٢٢)Özer, Sarp - .(٢)kaynak , s
.önceki kaynak
.(٢١٢)s ,(٢٠٢٠)Kadıoğlu, İ. Aytaç -٢٨
Türkiye Cumhuriyeti – Milli -٢٩
Zeytin Dalı" ,(٢٠٢٣)Savunma Bakanlığı
Hareketi", https://www.msb.gov.tr/
.١٨,٠٢,٢٠٢٤ .ZeytinDaliHarekati
önceki ,(٢٨,١١,٢٠٢٢)Özer, Sarp -٣٠
.kaynak
Türkiye Cumhuriyeti - Dışişleri -٣١
Türkiye-Suriye" ,(٢٠٢٣)Bakanlığı
İlişkileri", https://www.mfa.gov.tr/
.turkiye-suriye-siyasi-iliskileri-.tr.mfa
.١٨,٠٢,٢٠٢٤
Acun , Can ve Görücü, - ٣٢
Türkiye'nin" ,(٠١,٠١,٢٠٢٣)Kutluhan
Senaryoları", ٢٠٢٣ Suriye Politikası ve
https:// .٤٧ ve ٧ Kriter Dergisi, sayı
kriterdergi.com/dis-politika/turkiyenin-
.senaryolari-٢٠٢٣-suriye-politikasi-ve
.١٠,٠٢,٢٠٢٤
Ortadoğu" ,(٠٢,٠٨,٢٠٢٣)Orsam -٣٣
,"٢٠٢٣ Temmuz ٢٣-١٧ :Gündemi
Ortadoğu Araştırmaları Merkezi,https://
www.orsam.org.tr/tr/ortadogu-
./٢٠٢٣-temmuz-٢٣-١٧-gundemi
.١٨,٠٢,٢٠٢٤
,(١٠,١٠,٢٠٢٣)Orhan, Oytun -٣٤
Türkiye'nin Suriye'de terör örgütü PKK/"
YPG'ye karşı operasyonları: Hedefler,
sonuçlar ve beklentiler", Ortadoğu
Araştırmaları Merkezi (ORSAM),
https://orsam.org.tr/tr/turkiyenin-
suriyede-teror-orgutu-pkk/ypgye-karsi-
operasyonlari-hedefler-sonuclar-ve-
.١٨,٠٢,٢٠٢٤ , /beklentiler
Aynı kaynak – BBC NEWS -٣٥
İstiklal" ,(١٦,١١,٢٠٢٢)Türkçe
Caddesindeki bombalı saldırı ve
sonrasında yaşanalar hakkında neler
biliyoruz", BBC NEWS Türkçe, https://
www.bbc.com/turkce/articles/
.١٨,٠٢,٢٠٢٤ .c٠vq١d٥eexqo
,(١٧,١٠,٢٠٢٣)İhlas Haber Ajansı -٣٦
Irak ve Suriye tezkeresi kabul edildi","
https://www.iha.com.tr/ankara-
haberleri/irak-ve-suriye-tezkeresi-
.١٩,٠٢,٢٠٢٤ , ٣٨٥٥٩١٩٧-kabul-edildi
Suriye-Irak" ,(١٧,١٠,٢٠٢٣) Sayın, Ayşe -
yıl uzatıldı: İyi Parti ٢ tezkeresinin süresi
hayır oyu kullanan CHP'yi eleştirdi",
BBC NEWS Türkçe, https://www.bbc.
,com/turkce/articles/c٣gxdv٨y٩kqo
.١٩,٠٢,٢٠٢٤
,(٢٦,١٠,٢٠٢١)Özden, Ahmet Alp -٣٧
TBMM Genel Kurulunda, Irak ve"

yıl daha ٢ Suriye tezkeresinin süresi uzatıldı", https://www.aa.com.tr/tr/politika/tbmm-genel-kurulunda-irak-ve-yil-daha--٢-suriye-tezkeresinin-suresi/uzatildi ٢٤٠٣٦٦٥, ١٨,٠٢,٢٠٢٤.

٣٨- Yeni yaşam gezetesi (١٨,١٠,٢٠٢٣), "Türkiye Efrîn'i bombaladı: ٩ okul ara verdi", https://yeniyasamgazetesi٥.com/okul-egitime--٩-turkiye-efrini-bombaladi/ara-verdi. ١٩,٠٢,٢٠٢٤.

٣٩- Dilara, Sümeyye ve Koca, Büşranur (١٨,١٠,٢٠٢٣), "Dışişleri Bakanı Hakan Fidan, terör örgütlerinin her eylemini "adrese iade" ettiklerini söyledi", https://www.aa.com.tr/tr/gundem/disisleri-bakani-fidan-teror-orgutlerinin-her-eylemini-adrese-iade-ettiklerini-s.

٤٠- جودی، کەنداڵ(١٣/١٠/٢٠٢٣)، "پریس تاوانەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان بە بەڵگە دەکات"، شار https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=٢٢٠٥٣٦.

- چاوشین، محمد(١٧/١٠/٢٠٢٣)، "ڕۆژاوای کوردستان لە ژێر ئاگری سوپای تورکیا"، ڕێگای کوردستان، https://www.regaykurdistan.com/index.php/hewal/kwrdstany/zhyaway-kwrdstan-l-zh-r-yagry-swpay-twrkyada، ١٩/٢/٢٠٢٤/

٤١- Yazıcıoğlu, Yıldız (١٦,٠١,٢٠٢٤), " Milli Savunma Bakanı Güler'den Irak'ın Kuzeyindeki üslerde eksiklik yok mesaji", VoaTürkçe, , https://www.voaturkce.com/a/mi٪CC٪٨٧lli٪CC٪٨٧-savunma-bakani-guler-irak-kuzeyindeki-uslerde-eksiklik-yok-mesaji/٧٤٤٢٤٢٣.html. ٢٠,٠٢,٢٠٢٤.

٤٢- Hacaloğlu, Hilmi (١٣,٠١,٢٠٢٤), " İstanbul!da Güvenlik Zirvesi: Artan terör eylemleri, PKK'yı semirtme senaryolerının sinisi birer parçasıdır", VOA Türkçe, https://www.voaturkce.com/a/istanbul-da-guvenlik-zirvesi-artan-teror-eylemleri-pkk-yi-semirtme-senaryolarinin-sinsi-birer-parcasidir/٧٤٣٨٧٨٠.html, ٢١,٠٢,٢٠٢٤.

٤٣- VOA Türkçe (١٨,٠١,٢٠٢٤), " Türkiye ihtiyaç halinde Irak ve Suriye'de yeni operesyonler yürütebilir", https://www.voaturkce.com/a/turkiye-ihtiyac-halinde-irak-suriye-yeni-operasyonlar-yurutebilir/٧٤٤٥٤٧٤.html. ٢٥,٠٢,٢٠٢٤.

٤٤ - سایتی کوردستان ٢٤(١٢/١/٢٠٢٤)، "تورکیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کێڵگە نەوتییەکانی حەسەکە بە ئامانج دەگرێت"، https://www.kurdistan٢٤.net/ckb/story/٤٤٠٠٥٢-٪D٨٪٨٨٪AA٪D٩٪D٨٪B١٪A٩٪DA٪DB٪D٨٪٨C٪A٧-٪D٨٪A٨٪DB٪٩٥-٪D٩٪٨١٪DA٪٩٥-٪DB٪٨٦٪A٩٪DA٪DB٪٩٥٪DB٪-٨C٪D٨٪A٨٪DB٪D٩٪٨E٪٨١٪DA.

T. H. Gezetesi (٢٣,٠٢,٢٠٢٤), "Suriye'nin Kuzeyinde ٥ PKK/YPG'li terörist etkisiz hale getrildi", Türkiye Haber Gezetesi, https://thabergazetesi.net/suriyenin-pkk-ypg-li-terorist-etkisiz--٥-kuzeyinde/hale-getirildi/., ٢٨,٠٢,٢٠٢٤.

# پەیوەندییەکانی تورکیا و یۆنان (لە هەڵگیرساندنی جەنگەوە بۆ دانوستان و دۆستایەتی)

ئیسماعیل حاجی زەڵمی

## پێشەکی

لە ساڵی ٢٠٢٣ تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ یۆناندا ئاساییکردەوە، ئەم هەنگاوە بۆ تورکیا لە ڕوانگەی دیبلۆماسیو پرسی بازرگانییەوە گرنگیی خۆی هەبوو. سەرەتای ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەی نێوان هەردوو وڵات دەگەڕێتەوە بۆ بومەلەرزەکەی شوباتی ٢٠٢٣ی باکووری کوردستانو تورکیا، ئەوکات یۆنان وەک هەڵوێستێکی مرۆیی، تیمێکی فریاگوزاریی ناردە تورکیا. کاتێک لە هاوینی ٢٠٢٣ دارستانەکانی ئەسینا سوتان، تورکیاش بە ناردنی دوو فڕۆکەو دوو هەلیکۆپتەرو تیمێکی ٦٠ کەسیی ئاگرکوژێنەوە، هاوکاریی یۆنانی کرد.

ئەگەر زیاتر بگەڕێینەوە بۆ پێشتر، ساڵی ٢٠١٦ لە پارێزگای ئیزمیری هاوسنووری یۆنان چوارەمین لوتکەی باڵای هەماهەنگیی نێوان تورکیا–یۆنان سازکرا، هەریەک لە ئەحمەد داودئۆغڵو؛ سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی تورکیاو ئەلێکسیس تسیپراس؛

سەرۆکوەزیرانی پێشووی یۆنان بەشدارییانکرد، ئەمەش لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە پەیوەندییە دیبلۆماسیو ئابوورییەکانی نێوان ئەنقەرەو ئەسیناو فۆڕمێکی فەرمیی بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەخشی. دواتر لە ٢٠١٧ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک سەرۆککۆماری تورکیا بە فەرمی سەردانی یۆنانی کردو لەگەڵ هاوتاکەیدا کۆبووەوە، سەردانەکەی ئەردۆغان، لە پاش ٦٥ ساڵ، یەکەم سەردانی سەرۆککۆمارێکی تورکیا بوو بۆ یۆنان. بەم دواییەو لە ٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، لە چوارچێوەی پێنجەمین لوتکەی باڵای هەماهەنگیی تورکیا–یۆنان، ئەردۆغان بۆ جاری دووەم چووە ئەسیناو لەگەڵ سەرۆککۆمارو سەرۆکوەزیرانی یۆناندا کۆبووەوەو ڕێککەوتنێکی ١٠ خاڵیی ئابووریيان واژووکرد، ڕازیبوون ئاڵوگۆڕی ساڵانەی بازرگانیی نێوانیان بگەیەننە ١٠ ملیار دۆلار.

یۆنان ئەندامی یەکێتیی ئەوروپایەو یەکێکە لەو هەشت وڵاتەی سنووری وشکانیی لەگەڵ تورکیا هەیە، تاکە دەوڵەتی یەکێتییەکەیە کە دراوسێی تورکیایە. پێگەی یۆنان بۆ تورکیا جگە لە ڕووی ئابووریو جوگرافییەوە، بڕیارە دیبلۆماسییەکانیشی لە یەکێتیی ئەوروپادا بۆ تورکیا گرنگە.(١)

## مێژووی ناکۆکییەکانی نێوان تورکیاو یۆنان

بوونی یۆنانییەکان لە سنوورەکانی تورکیای ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدەی پێش زایین لەگەڵ نیشتەجێبوونی ئایۆلییەکان. لە ساڵی ٣٢٤ ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی؛ کۆنستنتین، بیزەنتی وەک پایتەختی نوێی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی هەڵبژاردو ناوی لێ نا ڕۆمی نوێ (دواتر قوستەنتینیەو دواتر ئەستەنبوڵ). دوای ڕوخانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوا، قوستەنتینیە بووە پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتین (ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات)و ناوەندێکی شارستانیی جیهانی. زۆربەی ئەنجومەنە ئیکۆمێنیکییەکان لە قوستەنتینیە (ئەستەنبوڵ) ئێستا بەڕێوەدەچوون بە هۆی ئەوەوە کە ناوەندی ئیمپڕاتۆریەت بوو، ڕەنگە گرنگترینیان ئەنجومەنی نیقا، ئەنجومەنی ئەفسوسو ئەنجومەنی کالسیدۆن بووبێت.(٢)

لە سەردەمی زێڕینی ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتین، بە تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی شانشینی مەقدۆنیو کۆمنینۆسدا، ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتین ڕێنێسانسێکی کولتووریو زانستیی بەخۆیەوەبینیو قوستەنتینیە لە سەردەمی ئەواندا لە ڕووی قەبارەو سامانەوە پێشەنگی جیهانی مەسیحی بوو، لە سەردەمی جەنگی خاچپەرستەکاندا، شانشینی قۆنیا لە باشووری تورکیای ئێستا شانبەشانی

میرنشینی ئەنتیکە (ئەنتاکیا) دامەزرا. ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتین زیاتر لە جارێک هاوپەیمانیی لەگەڵ کۆچبەراندا کرد، ڕەنگە بەناوبانگترینیان لەگەڵ شانشینی قودس بووبێت بە ئامانجی داگیرکردنی میسر، بەڵام هەڵمەتەکە شکستیهێنا. جێگەی سەرنجە، جەنگی خاچپەرستیی چوارەم بەرەو خودی قوستەنتینیە ڕێگەیگرتەبەرو لە ساڵی ١٢٦١ داگیریکرد، بەڵام دەوڵەتەکە زۆری نەخایاندو سەرەڕای پێکهێنانەوەی ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتین لە سەدەی چواردەیەمدا، بەڵام ئەم جارەیان دەوڵەتەکە بەهێز نەبوو و شکۆمەندیی جاری پێشووی خۆی بەدەستنەهێنایەوە. سەبارەت بەوەی کە لە تورکیادا هەبوو، واتە ئەنادۆڵ، دابەشبوو بە سەر دەوڵەتە بچووکەکانو پارێزگای بچووکو سوپای خەلافەتی ئیسلامی بە درێژایی سەدەی چواردەیەمو پازدەیەمدا، تا ئەستێرەی عوسمانیی یەکەم درەوشایەوە، شەڕی بیزەنتینەکانی کردو شارو قەڵاکانی داگیرکردن، پاشان خۆیو جێنشینەکانی ڕوویانکردە شانشینییە بچووکەکانی دراوسێو یەک لە دوای یەک لەناویانبردو بەم شێوەیە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دامەزرا.(٣)

مێژووی ململانێو ناکۆکییەکانی نێوان یۆنانو تورکیا، ڕەگێکی مێژوویی قووڵی هەیە، چەند جارێک گەیشتووەتە ئاستی پێکدادانی سەربازی. ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە، ڕووی سیاسی، ئابووریو چەندین ڕەهەندی دیکەیان هەیە. لە دوای جیابوونەوەو سەربەخۆبوونی یۆنان لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٣٢، هیچ کاتێک پەیوەندییەکانی نێوان یۆنانو تورکیا جێگیر نەبووە، ئەو دوو وڵاتە لە مێژووی خۆیاندا چوار جار بە فەرمی شەڕیان بەرانبەر بە یەکدی کردووە، کە بریتی بوون لە:

- جەنگی عوسمانی-یۆنان لە ساڵی ١٨٩٧،
- جەنگی یەکەمی بەڵقان لە ساڵی ١٩١٢،
- جەنگی جیهانیی یەکەم لە ١٩١٤-١٩١٨،
- جەنگی دووەمی یۆنان-تورکیا لە ١٩١٩–١٩٢٢.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەرەو باشی هەنگاویناوە، هەردوو وڵات لە ساڵی ١٩٥٢ بوونە ئەندامی ناتۆ، بەڵام جارێکی دیکەو پاش ماوەیەکی کەم لە دوای ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکان، ناکۆکییەکانی نێوانیان لە سەر دورگەی قوبرسو دەرکردنی یۆنانییەکان لە تورکیا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا پەرەیسەند، لوتکەی ناکۆکییەکانی نێوانیان لە ١٩٧٤ بە دەستبەسەرداگرتنی بەشێک لە خاکی قوبرس لەلایەن تورکیاوە کۆتاییهات، تاوەکو ئێستاش دەسەڵاتداریی تورکیا بە سەر ئاوی ئیجە، خاڵێکی گەورەی ناکۆکیی نێوان هەردوو وڵاتەکەیە.(٤)

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکان، کە ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی

قووڵترکردەوە، دەستتێوەردانی سەربازیی تورکیا بووە لە قوبرس، ئەو دورگەیەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، بە شوێنێکی گرنگی ستراتیژیو مێژوویی گەورە دادەنرێت، بەو پێیەی قوبرس بە درێژایی سەدەکان شوێنێکی گرنگو کاریگەریی شارستانیەتە جیاوازەکان بووە، بە گشتی ململانێ سیاسییەکانو کۆڵۆنیالیزمی بیانی یەکێکە لەو قۆناغە دیارانەی کە قوبرس بە درێژایی مێژووی خۆی شایەتحاڵی بووە، فاکتەرێکی سەرەکیی کێشەی نێوان تورکیاو یۆنانیش بووە. ئەگەر سەرنجبدەین، هۆکارەکانی شەڕی نێوان تورکیاو یۆنانییەکان لە دورگەکەدا لە ساڵی ١٩٧٤دا، دەبێت هەندێک ڕەهەندی مێژوویی لە سەر ئاستی قوبرس تێبگەین، ئەوەی کە مێژووی قوبرس درێژدەبێتەوە بۆ چەندین سەدەی پێشتر، دورگەکە بە هۆی ئەو مێژووەوە کە هەیەتی، کاریگەریی زۆر شارستانیەتی لە سەر بووە، لەوانە: یۆنانی، فینیقی، ڕۆمانی، مەسیحی، عەرەب، تورکی عوسمانی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەی ململانێکان لە قوبرس دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتای سەدەی بیستەم، بە تایبەتی کاتێک ململانێی نەتەوەیی لە نێوان قوبرسی یۆنانیو قوبرسی تورکیدا دەستیپێکرد. بۆئەوەی قوبرس لە شەڕ دووربکەوێتەوە، ڕێککەوتنی زیوریخ لە لەندەن لە ساڵی ١٩٦٠ واژووکرا، کە سەربەخۆیی بە قوبرس بەخشی، هەروەها کۆماری یەکگرتووی قوبرس دامەزرا، هاوکات چەند مافێکی دیاریکراوی بۆ کەمینەکان دابینکرد، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گرژییەکانی نێوان هەردوولا هەڵکشا، لەگەڵ ئاڵنگاریی سیاسیو ڕەوشە جیاوازەکاندا ئەو پێشهاتانەی کە لەگەڵیاندا بوون، دۆخەکە هێواش هێواش لە کۆنترۆڵ دەرچوو.

لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٧٤دا کودەتای یۆنانو قوبرس ڕوویدا، کە حکومەتی یۆنان دەستی بە سەر حکومەتەکەی قوبرسدا گرت بە ئامانجی لکاندنی بە یۆنانەوە، لە بەرانبەردا تورکیا لە ٢٠ی تەممووزی ١٩٧٤ ئۆپراسیۆنێکی سەربازیی بۆ سەر دورگەکە دەستپێکرد، ئامانجی ئۆپراسیۆنەکە بە گوێرەی بەیاننامەکانی حکومەتی تورکیا، پاراستنی دانیشتوانی قوبرسی تورکیو دەستەبەرکردنی مافەکانیان بووە لە دورگەکەدا.(٥)

### خاڵە ناکۆکەکانی نێوان تورکیاو یۆنان

پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆنان کێشەو دۆسیێ هەمەجۆرو فراوان لە ناکۆکی لەخۆدەگرێت، لەوانەش: کێشەی سنووری زەمینیو دەریایی، ئاوی هەرێمایەتی، بواری ئاسمانیو دۆسیێ دورگەی قوبرس. چەندین دورگەی ناکۆکیلەسەر لە نێوان هەردوو وڵاتدا. ئەمە جیا لە نوێترین ناکۆکی کە پەیوەندیی

بە مافی گەڕان و پشکنینی تورکیا بە دوای نەوتدا لە دەریادا هەیە.
یەکێکی تر لە ناکۆکییەکانی یۆنان لەگەڵ تورکیادا کۆچبەرانە، ئەمەش کاتێک سەریهەڵدا، لە ساڵی ٢٠١٥و ٢٠١٦دا تورکیا یۆنانی کرد بە هێڵی پێشەوەی کۆچبەران بۆ ئەوروپا، کاتێک ملیۆنێک پەنابەر گەیشتنە یۆنان، لە لایەکی ترەوە تورکیا دراوسێکەی تۆمەتباردەکات بە داڵدەدانی ئەندامانی گرووپی خزمەت (گولەنییەکان)، کە بە ئەنجامدەری کودەتا شکستخواردووەکەی ١٥ی تەمووزی ٢٠١٦ی تورکیا دادەنرێن، ئەمە جگە لە داڵدەدانی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)و هەر کەسێک کە دژی ئەنقەرە بوەستێتەوە.
جیا لەوەی "ئایاسۆفیا"ش جارێکی دیکە کێشەکانی نێوان هەردوو وڵاتی قووڵترکردەوە. بڕیاری ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، بە گۆڕینی "ئایاسۆفیا" لە مۆزەخانەوە بۆ مزگەوت لە ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن حکومەتی یۆنانەوە سەرکۆنەکراو بە نادروست لەقەڵەمدرا.(٦) کەنیسەکانی یۆنان لەگەڵ بەڕێوەچوونی یەکەم نوێژ لە مزگەوتی "ئایاسۆفیا"، زەنگیانلێداو لە زۆرینەی شوێنەکانی یۆنان، ئاڵای وڵات وەک خەمباریو ناڕەزایی بەرانبەر بەو کارە داگیران. هەروەها خۆپیشاندان دژی تورکیا کراو خۆپیشاندەرە یۆنانییەکان، لە بەردەم کونسوڵخانەی تورکیا لە "سالۆنیک"کۆبوونەوەو بە دەم گوتنەوەی دروشمی دژ بە حکومەتی تورکیاوە، ئاڵای ئەو وڵاتەیان سوتاند، ئەم کارانە پەرچەکرداری خێرای ئەنقەرەی بەدواداهاتو یۆنانی بە دژایەتیکردنی ئیسلامو تورکیا تۆمەتبارکرد.(٧)

**دوو کارەساتی سروشتی/مرۆیی هاوکاربوون لە ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆناندا. یۆنان تاکە وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپایە، هاوسنووری تورکیا بێت.**

### کەمپی لاڤریۆن

یەکێکی تر لە خاڵە ناکۆك و سەرەکییەکانی نێوان تورکیاو یۆنان بریتییە لە کەمپی لاڤریۆن. ئەم کەمپە لە ساڵی ١٩٤٧ دروستکراوەو دەکەوێتە نزیک ئەسینای پایتەختی یۆنان، کە تورکیا بە "لانکەی تیرۆر" ناویدەبات، وەك ئاماژەیەك بۆ کۆبوونەوەی بەشێکی سەرکردەو چەکدارانی پەکەکە تێیدا، لاڤریۆن کە نزیکەی کاژێرێک لە ئەسیناوە دوورە، شارۆچکەیەکی دڵگیرە بۆ پشوودانو بەندەرێکی بچووکەو کافێی بە درێژایی کەنار دەریاکە تێدایە، بەڵام ئەوەی لاڤریۆن دەهێنێتەپێشەوە، جوانییە سروشتییەکانی نییە بە تەنیا، بەڵکو ئەو کەمپەیە کە بووەتە شوێنی داڵدەدانی نەیارانی تورکیا.

ناوەندی توێژینەوە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان (SETA)، کە بارەگا سەرەکییەکەی لە ئەنقەرەیە، لە راپۆرتێکیدا دەربارەی کەمپەکە ئاماژەی بەوە داوە کەمپی لاڤریۆن بارەگایەکە ئەندامانی رێکخراوی پەکەکە مەشقو وانەی ئایدیۆلۆژییان پێ دەدرێت. سەدان ئەندامی ئەو رێکخراوە لەو کەمپەدا ماونەتەوە، هەندێك جار ژمارەیان ٤٠٠ کەس بووە. ئەم بارەگایەی کە لە شێوەی کەمپی پەنابەراندا دروستکراوە، بۆ خۆدزینەوەیە لە دانپێدانان بەوەی چالاکییەکانی رێکخراوی پەکەکەی تێدا دەکرێتو یۆنانییەکان دەیانەوێت بە هێنانەوەی پاساوی مرۆیی بە کراوەیی بیهێڵنەوە.(٨)

بوونی ئەم کەمپە زۆر جار کێشەی گەورەی نێوان هەردوو وڵاتی لێ کەوتووەتەوە، لە راستیدا مێژووی ئۆردوگاکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی جەنگی سارد. کەمپەکە زیاتر لە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر کراوەتەوە، ئەو کەسانەیان تێدا بوو کە لەو کاتەدا لە یەکێتیی سۆڤیەت هەڵهاتبوون، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە ئەو کەمپە کەوتەژێر دەسەڵاتی رێکخراوی پەکەکە، تورکیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چەند سەرکردەیەکی دەستگیرکراوی پەکەکە دانیان بەوەدا ناوە کە چەکدارانی رێکخراوەکە لە کەمپی لاڤریۆن مەشقی چەکدارییان پێ کراوە، بۆیە تورکیا بە فەرمی داوای داخستنی ئەو کەمپەی لە یۆنان کردووە، بە سەرچاوەی هێرشە خوێناوییەکانی ناو تورکیای داناوە، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی بەرپرسانی ئەسینا وەڵامی ئەرێنییان نەبووە بۆ هەوڵەکانی تورکیا بۆ داخستنی کەمپەکە. هەروەها پۆلیسی یۆنان دوای ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێک بۆ سەر کەمپەکە لە ساڵی ٢٠١٣ رایگەیاندووە کە هیچ بەڵگەیەکی "گوماناوی" لە کەمپەکەدا نەدۆزراوەتەوە. بەڵام هێرشە خوێناوییەکانی پەکەکە لە تورکیادا بانگەشەی دەسەڵاتدارانی یۆنان پوچەڵدەکاتەوە، کە دەگوترێت دەستگیرکراوەکان دانیان بەوەدا ناوە لە لاڤریۆن مەشقو راهێنانیان وەرگرتووە، سەرەڕای رەتکردنەوەی لێدوانە جیاوازەکانی تورکیا سەبارەت بەم کەمپە لەلایەن ئەسیناوە.

**مێژووی ململانێو ناکۆکییەکانی نێوان یۆنانو تورکیا، رەگێکی مێژوویی قووڵی هەیە، چەند جارێک گەیشتووەتە ئاستی پێکدادانی سەربازی. ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە، رووی سیاسی، ئابووریو چەندین رەهەندی دیکەیان هەیە.**

تورکیا پێی وایە پۆلیسی یۆنان بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆنترۆڵی دەوروبەری کەمپەکەی رادەستی رێکخراوی پەکەکە کردووە، هەروەها بوونی خودی کەمپەکە

هاوکاری ڕێکخراوە جیاجیاکان دژ بە تورکیا دەسەلمێنێت، ئەو وێنانەشی لە ناوەوە گیراون و لەلایەن ماڵپەڕە نزیکەکانی ڕێکخراوەکەوە بڵاوکراونەتەوە، بە ڕوونی دەرکەوتووە کە لاڤریۆن کەمپی پەنابەران نییە، بەڵکو کەمپی مەشقی ڕێکخراوە دژەکانی حکومەتی تورکیایە، کە ئەو بە تیرۆریست ناویاندەبات، لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا باس لە هەندێك وێنە دەکات، کە دەرخەری ئەوەن ڕێکخراوەکانی ناو ئەو کەمپە لە دەرەوەی تورکیا چۆن هاوکاریدەکرێن، پێویستییەکانیان لەلایەن خاچی سووری یۆنانییەوە دابیندەکرێت. حکومەتی تورکیا پێی وایە ڕاستە کەمپەکە بە فەرمی سەر بە وەزارەتی کۆچی یۆنانییە، بابەتە کارگێڕییەکان وەک مەرجی شوێنی نیشتەجێبوون لەلایەن لیژنەیەکی حەوت کەسییەوە بەڕێوەدەبرێن. پێداویستییەکان زیاتر لەلایەن خاچی سووری یۆنانییەوە دابیندەکرێن، بەڵام دەرگاکانی چوونەژوورەوەو دەرچوون بە تەواوی لەلایەن ئەندامانی پەکەکە کۆنترۆڵکراون، چەکدارانی ناو کەمپەکە ناوبەناو میوانداریی ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژئاواش دەکەن. (٩)

دواجار لە هاوینی ٢٠٢٣دا حکومەتی یۆنان بە بەهانەی مەترسیی بومەلەرزەو کۆنیی بیناکەوە، کەمپەکەی بە تەواوی چۆڵکردو دانیشتوانەکەی گواستەوە بۆ ناوچەو گەڕەکە جیاوازەکانی ئەسینای پایتەخت، ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنیی زۆر باشی هەبوو لە سەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەسیناو ئەنقەرەو تورکیا دەستی ئاشتەوایی لە یۆنان نەگەڕاندەوە. (١٠)

## هەڕەشەکانی هەڵگیرسانی جەنگ

بە پێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی بلومبێرگی ئەمریکی، ئاشکراکردنی بڕێکی زۆری نەوت و غاز لە نزیک کەناراوەکانی قوبرس و بوونی یەدەگێکی زۆر لەو ناوچەیەدا هەوڵەکانی تورکیاو یۆنانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی زیاتری ئەو ناوچەیەی فراوان و خێراترکرد، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئاڵۆزبوونی زیاتری پەیوەندییەکانیان، ڕاپۆرتەکە ئاشکرایکردووە ڕێککەوتنەکەی نێوان تورکیاو حکومەتی کاتیی نیشتیمانیی لیبیا لە ساڵی ٢٠١٩ بۆ هەمان مەبەست واژووکراوە، تاوەکو تورکیا بیانووی پشکنین و دۆزینەوەی نەوتی لە دەریادا هەبێت.

ئەمە جگە لەوەی ساڵی ١٩٩٦ تورکیاو یۆنان بە هۆی ناکۆکییانەوە لە سەر دورگەکانی ئیمیای یۆنانی و کارداکی تورکی، تا ئاستی پێکدادانی سەربازی پەیوەندییەکانیان گرژی تێکەوتووە.

بە پێی هەندێك ڕاپۆرت کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوکرانەوە تاکتیکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، بە وتنی

هەڕەشەی داگیرکردنی یۆنان بووە نەک سوریا، بەوەی ئەمڕۆ تورکیا بانگەشەی بۆ دەکات، کە "هەندێک دورگە لە دەریای ئیجەدا لەلایەن یۆنانەوە داگیرکراون، دەگەڕێنینەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆمان"، تەنانەت لە جیابوونەوەی قوبرسی باکوور لە ساڵی ١٩٧٤دا، بەم شێوەیە هەڕەشە لە دراوسێکانی تورکیا نەکراوە. لە بەرانبەر ئەو وتانەی سەرۆککۆماری تورکیا ئەوکات وەزارەتی دەرەوەی یۆنان بە بەیاننامەیەک وەڵامیداوەتەوەو وتوویەتی: "ئەو دورگانەی دەوترێت داگیرکراون، لە چوارچێوەی ئەو سنوورە دەریاییەدا نین کە بە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی دیاریکراوە، ئەو بانگەشەو تۆمەتانەی باس لەوە دەکەن لە ساڵی (٢٠٠٣)وە سەروەریی تورکیا بە سەر دورگەکانیەوە پێشێلکراوە، بە تەواوی دوورە لە ڕاستییەوە." (١١)

هەڕەشەکانی تورکیا بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لەگەڵ یۆنان کاتێك زیادیکرد حکومەتی ئەسینا دەستیکرد بە هاوردەکردنی فرۆکەی جەنگی ڕافالی فەڕەنسی، کە ژمارەیان شەش فرۆکەی شەڕکەر بوون بە پێی گرێبەستێک بۆ کڕینی ٢٤ فرۆکەی لەم جۆرە لە فەڕەنسا، لە ناوەڕاستی گرژییە بێوچانەکانی لەگەڵ تورکیاو کێشە مشتومڕاوییە هەڵپەسێردراوەکاندا، کە تەنانەت دوای ٦٢ خولی دانوستانەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر نەگەیشتنە ئەنجام، ئەم ڕێککەوتنە بۆ چەکدارکردنی یۆنان، ئەنقەرەی تووڕەکردو بەرپرسانی تورکیا ڕایانگەیاند بە گومانەوە لە پاڵپشتیی سەربازیی فەڕەنسا بۆ ئەسینا دەڕوانن، لە کاتێکدا پاریس لە پێناو سنووردارکردنی هەژموونی تورکیا هاوسۆزیی خۆی وەک وڵاتانی تری یەکێتیی ئەوروپا بۆ یۆنان نەشاردەوە، جموجوڵەکانی تورکیاشی بە پێشێلکاری بۆ سەروەریی دەریایی یۆنان ناوزەدکرد.(١٢)

هەرچەندە هەڕەشەکانی تورکیا بۆ هێرش و پەلاماردانی یۆنان زۆربەی کات لە ڕاگەیاندنەکانو لە سەر زاری بەرپرسە باڵاکان پرسێکی جددیو حاشاهەڵنەگر بوو، بەڵام بەرپرسانی یۆنان بە تایبەت وەزیری بەرگریی یۆنان (نیکۆلاوس پاناگیۆتۆپۆلۆس)لەلێدوانەکانیدا زۆربەی کات سەرهەڵدانی ململانێیەکی گەرمی نێوان وڵاتەکەیو تورکیای ڕەتدەکردەوەو ئاماژەی بەوە دەدا "کات دیاریدەکات، کە ئایا ئەو گرژییەی لە وتارەکاندا هەیە، لە گۆڕەپانەکەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت یاخود نا"، لە بەرانبەردا جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت هێزەکانی یۆنان هەمیشە ئامادەبن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر دۆخێکی لە ناکاو. هەروەها وەزیری بەرگریی یۆنان باسی ئەو ڕێککەوتنە سەربازییانەی کرد کە ئەسینا لەگەڵ پاریسو واشنتۆندا واژوویکردووە، ئەمە جگە لەو هاوپەیمانیەتییە گەورەو بچووکانەی کە یۆنان دایمەزراندوون.(١٣)

ئەسینا چەندین جار گلەیی لە پێشێلکارییەکانی تورکیا بۆ بەزاندنی سەروەریی دەریایی خۆیو دووبارە ئیستفزازی لە ڕێگەی فڕینی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە سەر دورگەکانی یۆنان لە دەریای ئیجەدا کردووە، ئەمە جگە لەوەی تورکیای دراوسێی تۆمەتبارکردووە بە پشتگوێخستنی شەپۆلەکانی کۆچکردن یان شکستهێنان لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی بازرگانیدا بە مرۆڤەوە. ناوبەناو، هەردوو وڵات تۆمەتی بەرپرسیارەتیی ڕوداوە دەریاییەکان، خنکانی کۆچبەران، یان گیرخواردنی بەلەمەکانی هەڵگری پەنابەرو کۆچبەر لە دەریادا ئاڕاستەی یەکدی دەکەن.

**بە درێژایی مێژووی تورکیاو یۆنان؛ جەنگی عوسمانی-یۆنان لە ساڵی ١٨٩٧، جەنگی بەڵقانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٢، جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩١٤-١٩١٨، جەنگی دووەمی یۆنان-تورکیا لە ١٩١٩–١٩٢٢ ڕوویداوە.**

## هۆکارەکانی نزیك بوونەوەو کەمبوونەوەی ئەگەرەکانی شەڕ

هەمیشە ئەوەی شەڕ هەڵدەگیرسێنێت، ڕاکردنە بە دوای بەرژەوەندییە تاکلایەنییەکاندا لە سەر بنەمای هێزو گوێنەدان بە سروشتی پەیوەندییە دوورمەوداکانو ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندیی ئەوانی دیکە، بە تێگەیشتن سروشتی پەیوەندیی نێوان یۆنانو تورکیا پێویستی بە شیکردنەوەی ئەو زەمینە جیۆپۆلەتیکییە هەیە کە لە چوارچێوەیدا سیاسەتی دەرەوەی هەردوو وڵات دارێژراوەو پەیوەستە بە قوڵاییەکی مێژووییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندییەکانیان لە سەر بنەمای پێداویستیی هاوبەشی ئابووریو سیاسی وەستاوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆکار، کە تا ڕادەیەك بە زۆرەملێو ناچاری هەردوو وڵات لە یەکدی نزیکببنەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن، ڕەنگە ئەوەش وای کردبێت ئەردۆغان لە سەردانەکەی ئەم دواییەیدا بۆ یۆنان ڕایبگەیەنێت کە هیوایخواستووە بۆ دەستپێکردنی "سەردەمێکی نوێ" لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. چاوخشاندنێکی خێرا بەم هۆکارانە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورتبکرێتەوە:

### یەکەم: ئایندەی نادیاری ناتۆ

دیبلۆماتکارانی ئەوروپی پێیان وایە ئەگەر دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا سەربکەوێت، ڕەنگە بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە ناتۆ بدات، ئەمەش تواناکانی هاوپەیمانییەکە لاوازدەکاتو ڕەنگە تەنانەت

هەڵوەشانەوەو دارمانیشی بەدوادابێت. (١٤)

چەندین بەڵگە ئاماژە بەوە دەکەن دیدی سیاسیی ترەمپ تەواوکەری بیرۆکەی "دەرچوونە" لە ناوچە جێناکۆکەکان لە جیهاندا، تەنانەت ڕەنگە بیکاتە پایەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی، ئەم بابەتە لەو کاتەوە دەستیپێکردووە کە ئەو لە دەسەڵاتدا بووەو فەرمانی کشانەوەی لە ئەفغانستان دەرکردووەو تەنانەت دانوستانی ئەنجامداوە لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیباندا، کە ئەمریکا هەمیشە وەک بزوتنەوەیەکی تیرۆریستی ناوزەدیکردووە. دەتوانرێت هەنگاوەکانی ئەم دواییەی تورکیا بەرەو یۆنان وەک هەوڵێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ستراتیژییە ئەگەرییە لێکبدرێتەوە، کە دەکرێت بە هۆی بڕیارێکی ئەمریکاوە بێت بۆ پەراوێزخستنی ناتۆ.

لە هەمان کاتدا یۆنانیش ترسی لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی هەیە، ئەگەر ترەمپ هێزەکانی ئەمریکا لە خاکی یۆنان بکشێنێتەوە، یان کەمیانبکاتەوە، ئەمەش وەک بەشێک لە پلانێکی فراوانتر بۆ کشانەوە لە ئەوروپا بە هۆی هۆکارەکانی پێشوو یان خواستی کەمکردنەوەی گرژییەکانەوە لەگەڵ ڕووسیادا دووبارە یۆنان پێویستی بەوە دەبێت پێش ئەو ڕوداوە گرفتەکانی لەگەڵ تورکیادا چارەسەربکات.(١٥)

**دووەم: چۆڵکردنی کەمپی لاڤریۆن**

لە سەرەتای حوزەیرانی ٢٠٢٢ حکومەتی ئەسینا بڕیاری چۆڵکردنی کەمپی لاڤریۆنی داوەو لە هاوینی ساڵی ڕابردوو کەمپەکە بە تەواوی چۆڵکراوە، دواتر وەزیری دەرەوەی یۆنان؛ جۆرجۆس جیراپێتریتس، ڕایگەیاند یۆنان ئامادەیە دانوستان لەگەڵ تورکیادا دەستپێبکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە سەر سنوورە دەریاییەکان.

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی لە میدیاکانی یۆنانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە باس لە "تیرۆریزم" دەکەن، پەکەکە چەندین جار باسی لە "نیەتپاکی" لە پشت چۆڵکردنی کەمپی لاڤریۆنەوە کردووە. بە گوێرەی بەیاننامەیەکی دەزگای پۆلیسی یۆنان (ELAS)، ٥٣ کەس لە کەمپی لاڤریۆن مابوونەوە، گواستراونەتەوە بۆ کەمپەکانی دیکەی سەر بە وەزارەتی کۆچو پەنابەری ئەو وڵاتە.

بە پێی ڕوونکردنەوەی ناو بەیاننامەکەی پۆلیسی یۆنانی، بە هۆی خراپیی دۆخی دانیشتوانەکەیەوە، کەمپەکە چۆڵکراوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ یۆنان، کە لە ڕاستیدا داوای دانوستانی لە سەر کێشە گرنگەکانی نێوان دوو وڵات دەکرد، چونکە تورکیا ساڵانێکە داوای چۆڵکردنو داخستنی دەکاتو دەڵێت ئەم کەمپە "لانکەی تیرۆرە". ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی زۆرێک لە دەستگیرکراوان لە تورکیا دانیان بەوەدا ناوە کە لە کەمپی لاڤریۆنەوە

پەیوەندییان بە یەکەکەوە کردووە، بەڵام ئەم هەنگاوەی حکومەتی یۆنان ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ چوونەپێشەوەی دانوستانەکانو نزیکبوونەوەی هەردوو وڵات لە ڕێککەوتن.(١٦)

## سێیەم: تورکیا گرەنتیی ئەمنیەتو ئاسایش بە یۆنان دەدات

زۆرێک لە چاودێران هاوڕان لە سەر ئەوەی تورکیا لە دوای ئەمریکاوە دووەم گەورەترین سوپای لە ناتۆدا هەیە، ئەمەش وا دەکات بتوانێت ڕۆڵێکی ستراتیژیی گەورەتر لە بواری ژیانی ڕاستەوخۆی خۆیدا لە یۆنانو وڵاتانی باڵکانو دەریای سپی/ناوەڕاستو دەریای ڕەشدا بگێڕێت. سەبارەت بە یۆنانیش، هیچ ناڕەزایەتییەکی نییە بەرانبەر بە بەشداریکردن لە ڕێکخستنە بەدیلەکان، کە ئاسایشی خۆی لە ڕێگەی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ دراوسێکانیەوە گرنتیدەکات، لەوانەش: تورکیا.(١٧)
بومەلەرزەکەی ٦ی شوباتی ٢٠٢٣ گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی کەمترکردەوەو سەردانی نیکۆس دێندیاس؛ وەزیری دەرەوەی یۆنان، بۆ ناوچە زیانلێکەوتووەکانی کارەساتەکە وەک یەکەم وەزیری وڵاتانی ئەورووپاو ناردنی تیمی هاوکاریو فریاگوزاریی سەرەتایی لە ڕۆژانی سەرەتای بومەلەرزەکەدا؛ کاریگەریی ئەرێنیی زۆر باشی دروستکرد لە سەر بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەردوولاو هەنگاونانی تورکیایش بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان.(١٨)
کیریاکۆس میتسۆتاکیس؛ سەرۆکوەزیرانی یۆنان، لە تەمموزی ساڵی ڕابردوودا ڕایگەیاند وڵاتەکەی ئامادەیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیای دراوسێدا "ڕێکبخاتەوە"، ئەمەش لە هەوڵەکانی یۆنانە بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکیی دەیان ساڵەی نێوان هەردوو وڵاتە ئەندامەکەی ناتۆ.

**دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دورگەی قوبرس کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی جارێکی دیکە تەقاندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناتۆ چەترێکی گرنگ بوو بۆ کۆکردنەوەی ئەم دوو دراوسێ دژیەکە.**

میتسۆتاکیس لە ١٢ی تەمموزی ٢٠٢٣ لە پەراوێزی کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ لە ڤیلنیوسی پایتەختی لیتوانیا کۆبوونەوەیەکی یەک کاژێریی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیادا ئەنجامداو بە ڕۆژنامەنوسانی ڕاگەیاند لەگەڵ تورکیادا ڕێککەوتوون لە سەر درێژەدان بە پەیوەندییەکانیان لە ئاستێکی بەرزدا. سەرۆکوەزیرانی یۆنان ئاماژەی بەوەشدا؛ کێشەکانمان بە شێوەیەکی سیحراوی چارەسەرنابن، بەڵام

کۆبوونەوەی ئەمڕۆ نیازی هەردوو وڵاتی بۆ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی یۆنان و تورکیا پشتڕاستکردەوە.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، ئاڵوگۆڕی بیرورا لە نێوان میتسۆتاکیس و ئەردۆغان لە میانی کۆبوونەوەیەکی نافەرمیی یەکێتیی ئەوروپا لە پراگ ڕوویدا، دواتر میتسۆتاکیس ئێوارەخوانێکی فەرمیی ڕێکخست، کاتێک ئەردۆغان وتارێکی پێشکەشدەکرد.(١٩)

## چوارەم: پەیوەندییەکانی هەردوولا لەگەڵ ئەوروپادا

ڕاستە یۆنان ئەو پاڵپشتییە داراییە باشەی لەبیرنەکردووە کە لە دوای قەیرانی بانکی لە ئەڵمانیاوە وەریگرتووە، بەڵام گومانیشی هەیە لە دووبارە بەردەستبوونی پاکێجی ڕزگارکردنی دارایی لە یەکێتیی ئەوروپا، ئەگەر قەیرانێکی هاوشێوەی لێ بکەوێتەوە.

ماڵپەری دۆیچەڤێل تەنها دوو مانگ دوای سەرهەڵدانی شەڕ لە ئۆکرانیا بڵاویکردەوە، ئابووریی ئەڵمانیا بە زەحمەت کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای تێپەڕاندووە، پێش ئەوەی بەر کاردانەوەی شەڕی ئۆکرانیا بکەوێت، جەنگێک نرخی وزەو ئاستی هەڵاوسانی بەرزکردەوە، ئەمەش وای کرد ئابووریی ئەڵمانیا-لوکۆمۆتیڤی (جوڵەی ئابووری) و ئابووریی ئەوروپا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت.

سەبارەت بە تورکیاش، ئەو ئاڵنگاریانەی کە ئابوورییەکەی بە دەستییەوە دەناڵێنێت لە دابەزینی بەردەوامی بەهای لیرە، بەرزبوونەوەی نرخی وزەو ڕێژەی هەڵاوسان هۆکارن بۆ هەنگاونان بەرەو سفرکردنەوەی کێشەکانی وڵاتو دروستکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر لە نزیک سنوورەکانی لەگەڵ یۆناندا، هەروەها دەرفەتی پێ بدات نیازی باشی خۆی بۆ هاوبەشە ئەوروپییەکان بسەلمێنێت، بۆئەوەی بەردەوامبن لە کردنەوەی بازاڕەکانیان بۆ بەرهەمەکانی تورکیا.(٢٠)

**داخستنی کەمپی لاڤریۆن لەلایەن یۆنانەوە کە تورکیا وەک "قەندیلی ئەسینا" ناوزەدیدەکرد، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ تورکیادا.**

## پێنجەم: غازی سروشتی لە دەریای ناوەڕاست

سەبارەت بە پرسی گەڕان بە دوای غازی سروشتی لە دەریای سپی/ناوەڕاستدا، کە لە نێوان تورکیاو یۆناندا وەک کێشەیەکی هەڵپەسێردراو ماوەتەوە، دواجار هەردووکیان ئەو

باوەڕەیان لە لا دروستبووە کە هیچ چارەسەرێک بۆ ئەم ناکۆکییە نییە جگە لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، وەک هەوڵەکانی پێشووی هەردوو وڵات بۆ دەربازبوون لێی بە ڕێکخستنی دیداری ئابووری یان ڕێککەوتنەکان، بە ئامانجی دوورخستنەوەی لایەنی سێیەم لە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی غازی سروشتی لە دەریای ناوەڕاست. ئەم بۆچوونە نوێیە ڕەنگە لێدوانەکەی ئەردۆغان دوای کۆبوونەوەکەی ڕۆژی ٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ ڕوونبکاتەوە، کە ڕایگەیاندبوو: "چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان هەردوو وڵات چیتر پێویستی بە دەستتێوەردانی لایەنی سێیەم نییە." لەم ڕوانگەیەوە هەنگاوی هەردوو وڵات بۆ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانیان هەر لەو دیدارەی حوزەیرانی ٢٠٢٣ ئەردۆغانو سەرۆکوەزیرانی یۆنان وەک ئاماژەیەک بۆ دیدی تورکیاو یۆنان بۆ ئایندەی یەکێتیی ئەورووپاو ناتۆ دەردەکەوێت، بەو پێیەی وا دیار بوو کە تورکیاو یۆنان ئاگاداری قەبارەی گەورەی خۆیانن پەیوەست بە ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئەورووپاو ناتۆوە، بە تایبەت دوای نزیکەی دوو ساڵ لە دەستپێکردنی شەڕی ئۆکرانیا، کە تێیدا ئەورووپاو ناتۆ نەیانتوانیوە هیچ پێشکەوتنێک لەوێ بەدەستبهێنن، یان ڕووسیا سنوورداربکەن لە ڕووی سەربازیو ئابوورییەوە.(٢١)

## ئەنجام

تورکیاو یۆنان پاش ئەو ململانێ درێژخایەنەی نێوانیانو ناوەندگیریی چەندین وڵات بە درێژایی مێژوو، ئێستا بڕوایان وایە کە "چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان چیتر پێویستی بە دەستتێوەردانی لایەنی سێیەم نییە". لەم ڕوانگەیەوە هەنگاوی هەردووولا لە هەوڵدانیان بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکیو گرژییەکانو دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش؛ زەمینەیەکی باشی لێکتێگەیشتنی هێناوەتەئاراوە.

سەرۆکوەزیرانی یۆنانو سەرۆککۆماری تورکیاش لە چاوپێکەوتنو لێدوانەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییو ئێستاشدا نیازی خۆیان بۆ چارەسەری گرفتەکانی نێوان هەردوو وڵات نەشاردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە هێندە ئاسان نین بە شێوەیەکی سیحراوی چارەسەربن، پێویستی بە کاتو هەنگاوی کرداریو دڵنیایی لەلایەن هەردوو وڵاتەوە هەیە. داخستنی کەمپی لاڤریۆن لەلایەن یۆنانەوە، کە تورکیا وەک "قەندیلی ئەسینا" ناوزەندیدەکرد، بە یەکێك لە هەنگاوە کردارییەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دادەنرێت.

لە لایەکی دیکەوە، لە دوای ئەمریکا؛ تورکیا دووەم گەورەترین سوپای لە ناتۆدا هەیە، ئەمەش وا دەکات بتوانێت ڕۆڵێکی ستراتیژیی گەورە لە ژیانی یۆنانو وڵاتانی

باڵکانو دەریای سپی/ناوەڕاستو دەریای ڕەشدا بگێڕێت، لەگەڵ ئەمەشدا دۆخی خراپی ئابووریی تورکیا، ئەو ئاڵنگارییانەی کە ئابوورییەکەی بە دەستیەوە دەناڵێنێت لە دابەزینی بەردەوامی بەهای لیرە، بەرزبوونەوەی نرخی وزەو ڕێژەی هەڵاوسان، بوونەتە هۆکارێك کە ئەو وڵاتە بیر لە هەنگاونان بەرەو سفرکردنەوەی کێشەکانی وڵاتو دروستکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر لە نزیک سنوورەکانی لەگەڵ یۆناندا بکاتەوە، هەروەها ئەم هەنگاوە بکاتە دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نیازپاکیی خۆی بۆ وڵاتانی ئەوروپا. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت: قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆنان هاتووەتەپێشەوە، ئەم قۆناغەش کاریگەریی لە سەر پرسی کوردو توانای پارتی کرێکارانی کوردستان لە تورکیاو ئەوروپادا دەبێتو ڕەنگە دواجار بە سوودی دەوڵەتی تورکیا بشکێتەوە.

---

## پەراوێزەکان

Constantinople/Istanbul". University of Washington, Seattle," .(٢٠٠٤) DanielC. Waugh Washington. مؤرشف من الأصل فى ٢٠١٨-٠٩-٢٧. اطلع عليه بتاريخ ٢٠٠٦-١٢-٢٦.

١. كتاب «تاريخ الدول الإسلاميه ومعجم الاسر الحاكمه» لستانلى بول (ترجمه أحمد السعيد سليمان)، المجلد الاول ص٣١٣ إلى ص٣٢٥ (السلاجقه)، دار المعارف بمصر - القاهره.

٢.- كتاب «تاريخ الدول الإسلاميه ومعجم الاسر الحاكمه» لستانلى بول (ترجمه أحمد السعيد سليمان)، المجلد الاول ص٣١٣ إلى ص٣٢٥ (السلاجقه)، دار المعارف بمصر - القاهره.

fbclid=IwAR١uYpL٨BB٣S?٢٨٠٧٢٠٢٠١/https://www.rudaw.net/sorani/middleeast.٣ تورکیاو یۆنان... لە zBxP٢CIgxfqAGZY٠uGVlPWN-fwGucm٥EkBat٦A_E٥UOk٦٩٢ بەردەم پێنجەم شەڕی مێژوویی نێوانیاندا (ڕێبوار محمد) (٢٨-٧-٢٠٢٠).

٨A٪D٩٪٨١٪D٩٪-A٨٪D٨٪B١٪AD٪D٨٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٧٪https://www.syria.tv/٪D٨.٤ -A٧٪D٨٪٨٥٪AF٪D٩٪D٨٪٨٦٪D٩٪B٩٪D٨٪-B٥٪D٨٪B١٪D٨٪A٨٪D٨٪٨٢٪٥D٩ -A٩٪D٨٪B٤٪D٨٪A٦٪D٨٪A٧٪D٨٪B٩٪AA-٪D٨٪AC٪D٨٪D٨٪B١٪AE٪D٨٪D٨٪ -A٩٪D٨٪٨٤٪D٩٪B٧٪D٨٪B٩٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪-٨٩٪D٩٪٨٤٪D٩٪A٥٪D٨٪ ٪D٨٪B٩٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٥- (عدي محمد ظاهر ١٩٧٤ الحرب في قبرص... عندما خرجت عائشة إلى العطلة عام ١٩٧٤

-٨A٪D٩٪٨١٪D٩٪-A٨٪D٨٪B١٪AD٪D٨٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٧٪https://www.syria.tv/٪D٨.٥ -A٧٪D٨٪٨٥٪AF٪D٩٪D٨٪٨٦٪D٩٪B٩٪D٨٪-B٥٪D٨٪B١٪D٨٪A٨٪D٨٪٨٢٪D٩٪--٥ -A٩٪D٨٪B٤٪D٨٪A٦٪D٨٪A٧٪D٨٪B٩٪AA-٪D٨٪AC٪D٨٪D٨٪B١٪AE٪D٨٪D٨٪ D٨٪٨٤٪D٩٪B٧٪D٨٪B٩٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪-٨٩٪D٩٪٨٤٪D٩٪A٥٪D٨٪ ٪-A٩٪D٨٪B٩٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٥-١٩٧٤(عـــدي محمد ظاهر ١٩٧٤ الحرب في قبرص.. عندما خرجت عائشة إلى العطلة عام

fbclid=IwAR١uYpL٨BB٣S?٢٨٠٧٢٠٢٠١/https://www.rudaw.net/sorani/middleeast.٦
zBxP٢CIgxfqAGZY٠uGVlPWN-fwGucm٥EkBat٦A_E٥UOk٦٩٢ تورکیا و یۆنان... لە
بەردەم پێنجەم شەڕی مێژوویی نێوانیاندا (ڕێبوار محمد).
٢Flavrion-kampi-iyi-niyet-mi-٪٢Fdunya٪٢Fhaber٪https://www.trthaber.com.٧
٣DIwAR١Xif٨٧٤SXdvosmYAS٦CUsltOsTqcqqe٪٣Ffbclid٪html.٧٧٩٧٧٣-oyalama-mi
١AftxMSeYQ٥٨puDZusJL٩٤IgyO_-NEsWRAuqbmeAM٣VpnFpVzmSluc&h=AT٢Py٤٣
D٩I٧٦hh٧P٩QmVcglctQC٢h--J٤dGRgeLYz٦٨dPWdapNeU٢m٩
z٦pg٨kQtF١K٢rS٦sqxPXg_rRNHrb٩٢r٨gPZsNIovYG٦a٩٠KBK١
-https://www.trthaber.com/haber/dunya/lavrion-kampi-iyi-niyet-mi-oyalama-mi.٨
Yunanistan'daki tartışmalı Lavriyon Kampı kapatıldı, ,٠٥,٠٥,٢٠٢٣,Stelyo Berberakis.٩
) ٢١,٠٢,٢٠٢٤ ,https://www.bbc.com/turkce/articles/c٥١j١٢mr١mmo
-.١٠ https://www.bbc.com/arabic/world-٥٣٥٦٩٢٦٢ تركيا واليونان: هل التناحر بينهما في
شرقي المتوسط برميل بارود على شفا الانفجار؟ جوناثان ماركوس
١٢-https://ahvalnews.com/ar/alywnan-tzz-qwt-alrd-fy.١١ تركيا تستدعي سفير اليونان
بسبب معسكر لافريون "الكردستاني"
mwajht-althdydat-altrkyt/allaqat-altrkyt-alywnanyt.١٢
١٢-/٢٤/١٢/٢٠٢٣/https://www.aljazeera.net/blogs.١٣ تركيا واليونان.. أعداء الأمس هل
يصبحان حلفاء الغد؟ حسام عمر
٪D٩٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪/١٢/٠٧/٢٠٢٣/https://www.alarabiya.net/arab-and-world.١٤
٨A٪D٨٪D٩٪٨٣٪D٩٪B١٪AA٪D٨٪D٨٪٨٨٪D٩٪-٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪٨٦٪D٩٪٨٨٪٨A٪D٩
AA٪D٪AA٪D٨٪D٨٪.اليونان وتركيا تتعهدان بإعادة ضبط العلاقات.. وتجاوز الخلافات -A٧٪
AF٪D٪D٨٪A٧٪D٨٪B٩٪D٨٪A٧٪D٨٪A٨٪D٨٪-٨٦٪D٩٪A٧٪AF٪D٨٪D٨٪٨٧٪D٩٪B٩٪٨
B٧٪D٨٪A٨٪D٨٪B٦٪D٨٪-A٩٪٨
٪D٩٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪/١٢/٠٧/٢٠٢٣/https://www.alarabiya.net/arab-and-world.١٥
٨A٪D٨٪D٩٪٨٣٪D٩٪B١٪AA٪D٨٪D٨٪٨٨٪D٩٪-٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪٨٦٪D٩٪٨٨٪٨A٪D٩
AA٪D٪AA٪D٨٪D٨٪.اليونان وتركيا تتعهدان بإعادة ضبط العلاقات.. وتجاوز الخلافات -A٧٪
AF٪D٪D٨٪A٧٪D٨٪B٩٪D٨٪A٧٪D٨٪A٨٪D٨٪-٨٦٪D٩٪A٧٪AF٪D٨٪D٨٪٨٧٪D٩٪B٩٪٨
B٧٪D٨٪A٨٪D٨٪B٦٪D٨٪-A٩٪٨
٢Flavrion-kampi-iyi-niyet-mi-٪٢Fdunya٪٢Fhaber٪https://www.trthaber.com.١٦
٣DIwAR١Xif٨٧٤SXdvosmYAS٦CUsltOsTqcqqe٪٣Ffbclid٪html.٧٧٩٧٧٣-oyalama-mi
١AftxMSeYQ٥٨puDZusJL٩٤IgyO_-NEsWRAuqbmeAM٣VpnFpVzmSluc&h=AT٢Py٤٣
D٩I٧٦hh٧P٩QmVcglctQC٢h--J٤dGRgeLYz٦٨dPWdapNeU٢m٩
z٦pg٨kQtF١K٢rS٦sqxPXg_rRNHrb٩٢r٨gPZsNIovYG٦a٩٠KBK١
٪D٩٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪/١٢/٠٧/٢٠٢٣/https://www.alarabiya.net/arab-and-world.١٧
٨A٪D٨٪D٩٪٨٣٪D٩٪B١٪AA٪D٨٪D٨٪٨٨٪D٩٪-٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪٨٦٪D٩٪٨٨٪٨A٪D٩

٪A٧- اليونان وتركيا تتعهدان بإعادة ضبط العلاقات.. وتجاوز الخلافات٪D٨٪D٨٪AA٪D٪AA
٪٨٪B٩٪D٩٪٨٧٪D٨٪D٨٪AF٪A٧٪D٩٪٨٦-٪D٨٪A٨٪D٨٪A٧٪D٨٪B٩٪D٨٪A٧٪D٨٪D٪AF
٪٨٪A٩-٪D٨٪B٦٪D٨٪A٨٪D٨٪B٧
١٨.https://www.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٣/١٢/٢٤/٪D٨٪D٨٪AA٪B١٪D٩٪٨٣
٪D٩٪D٨٪٨A٪A٧-٪D٩٪٨٨٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪D٩٪٨A٪٨٨٪D٩٪٨٦٪D٨٪A٧
٪D٩٪٨٦-٪D٨٪A٣٪D٨٪B٩٪D٨٪D٨٪AF٪A٧٪D٨٪A١-٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨-٪A
٪٣٪D٩٪٨٥٪D٨٪B٣-٪D٩٪٨٧٪D٩٪٨٤-٪D٩٪D٨٪٨A٪B٥٪D٨٪A٨٪D٨٪D٨٪AD٪A٧
٪D٩٪٨٦٢ تركيا واليونان... أعداء الأمس هل يصبحان حلفاء الغد؟ حسام عمر
١٩.https://www.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٣/١٢/٢٤/٪D٨٪D٨٪AA٪B١٪D٩٪٨٣
٪D٩٪D٨٪٨A٪A٧-٪D٩٪٨٨٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪D٩٪٨A٪٨٨٪D٩٪٨٦٪D٨٪A٧
٪D٩٪٨٦-٪D٨٪A٣٪D٨٪B٩٪D٨٪D٨٪AF٪A٧٪D٨٪A١-٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨-٪A
٪٣٪D٩٪٨٥٪D٨٪B٣-٪D٩٪٨٧٪D٩٪٨٤-٪D٩٪D٨٪٨A٪B٥٪D٨٪A٨٪D٨٪D٨٪AD٪A٧
٪D٩٪٢٦٨ تركيا واليونان... أعداء الأمس هل يصبحان حلفاء الغد؟ حسام عمر
٢٠.https://zoomnews.info/٣١٥٢٤/?fbclid=IwAR٠il٥٣٩PzmsRlzhsWJ٧١d٩IKtyKeKTt
Xpb٢vAXXGPWQLqP-TQiEJcs٩٠y١ تورکیاو یۆنان؛ لە دوژمنایەتییەوە بۆ دۆستایەتی.

# داهاتووی ململانێکانی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان

بەختیار ئەحمەد ساڵح

**پوختە**

ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا دژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە لە شوباتی ٢٠٢٤، ٤٠ ساڵی تەواوکرد، ئاڕاستەکەی لە هێرشی گەورەو قورس‌و تا ڕادەیەک کاریگەرەوە گۆڕاوە بۆ تێکەڵەیەک لە ئۆپراسیۆنی درێژخایەن لەگەڵ هێرش‌و بۆردومانی وردو ئۆپراسیۆن بۆ سەر تاکەکەس‌و گەیاندنی زیانی کاریگەرتر، ئەم گۆڕانکارییە کە بەشێکی زۆری بە هۆی بەکارهێنانی فڕۆکەبێفڕۆکەوان‌و زیادبوونی هەماهەنگییەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی)دا هاتووەتەئاراوە، وای کردووە ئەنقەرە بتوانێت زۆربەی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی دژ بە پەکەکە بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی نزیک لە پێگە سەرەکییەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان.

ستراتیژی تورکیا لەم ئۆپراسیۆنانەدا، هاوکات لەگەڵ ئۆپراسیۆنە هاوشێوەکان لە سوریا، ڕێگەی بۆ هێزە سەربازی‌و ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە خۆشکردووە، ژمارەی قوربانیانی پەکەکە چەند هێندە بکات، ئەمەش فشاردەخاتەسەر سەرکردایەتی

ئەم پارتە، تا بەردەوام شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی بگۆڕێت.
پێشبینیدەکرێت ململانێکان لە ساڵی ٢٠٢٤دا بەو شێوەیەی کە هەیە، بەردەوامبێت، بەو پێیەی کە هیچ جۆرە ئاماژەیەک نییە بۆ پاشەکشەی لایەنێک لە بەرانبەر لایەنەکەی تر. تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٣ ویستی خۆی نیشاندا بۆ کۆتاییهێنان بە چالاکییەکانی پەکەکە، بەڵام پێناچێت سەرکەوتن تەنها بە گرتنەبەری میکانیزمی ئەمنیو هەواڵگری یان ئیرادەی سەربازی بەدەستبهێنرێت. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا هەوڵدەدات گوشاری زیاتر دروستبکات لە سەر دراوسێکانی، بە تایبەت عێراقو سوریا بۆ کەمکردنەوەی زیانە گیانییەکان.

### مێژوویەکی ٤٠ ساڵە

تورکیا ٤٠ ساڵ لەمەوبەر شەڕی خۆی لە دژی پەکەکە دەستپێکرد، بە تایبەتتر لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤، کاتێک پەکەکە لە یەکەم هێرشی خۆی شاری شێمدینلی سەر بە پارێزگای هەکاریو شاری ئێرۆحی سەر بە پارێزگای سیرتی کردە ئامانج.
ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٧٣ لە ژێر ناوی "گرووپی ئاپۆجولار" لە ئەنقەرە دامەزرا، لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ لە گوندی "فیس"ی سەر بە شاری "لیس" لە پارێزگای ئامەد چالاکییەکانی لە ژێر ناوی "پەکەکە" دەستپێکرد. هاوشان لەگەڵ خەباتی چەکداریو تەنها دوای ٦ ساڵ لە ڕوداوی تەقاندنی یەکەمین فیشەک لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤، پەکەکە جموجوڵی سیاسیی خۆی لە قەوارەی پارتی گەلی کۆماریخواز لە پەرلەمانی تورکیادا جێگیرکرد. بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، باڵی سیاسیی پەکەکە لە ناوخۆی تورکیا لە ژێر چەندین ناودا چالاکیکردووە، لەوانە: پارتی کردەوەی گەل (هەپە)، پارتی ئازادیو دیموکراسی (ئۆزدەپ)، پارتی دیموکراسیی گەل (هەدەپ)، پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە)، پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە)، پارتی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)و ئێستاش لە ژێر ناوی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی)دا بەردەوامە لە چالاکیی سیاسی. شایانی باسە، پەکەکە بەردەوام پارتی جێگرەوەی بۆ ئەگەری داخستنی پارتە سیاسییە چالاکەکانی لە تورکیادا هەبووەو چەندین جاریش ڕووبەڕووی دۆخی لەم جۆرە بووەتەوە(١).
بە پێی داتاکانی وەزارەتی بەرگریی تورکیا، لە شەڕی ٤٠ ساڵەی پارتی کرێکارانی کوردستان دژ بە تورکیا، زیاتر لە ١٤ هەزارو ٨٥١ کەس لە هێزە چەکدارەکانی تورکیا کوژراون، ژمارەی ئەو بەرپرسە حکومیو مەدەنیانەی کە لە کاتی شەڕی بەردەوام لەگەڵ پەکەکەدا برینداربوون، ٣٢ هەزارو ٦٨٥ کەسی تێپەڕاندووە. لە بەرانبەرداو بە پێی زانیارییەکانی تورکیا، ٤٥ هەزارو ٦٦٧ چەکداری پەکەکە کوژراونو شەشهەزارو ٣٧٠ ئەندام

بریندار بوون و هەشتهەزار و ١٣٦ کەسیش خۆیان ڕادەستکردووەو ١٢ هەزار و ١٠١ کەسی دیکەش لە ئۆپراسیۆنە جۆراوجۆرەکاندا دەستبەسەرکراون. لە ڕووی ئابوورییشەوە تورکیا نزیک بە دوو ترلیۆن دۆلار زیانی پێ گەیشتووە(٢).

تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ ڕێژەی قوربانییەکانی هەردوولا نزیک بوون لە یەکسانەوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە دوای ٥ ساڵ و لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢١ دەگۆڕێت بۆ ڕێژەی ٦ بەرانبەر بە ١ بە زیانی پەکەکە، گۆڕینی ستراتیژی شەڕ لەلایەن سوپای تورکیاو بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێی وەک فڕۆکەیبێفڕۆکەوان، لە گرنگترین هۆکارەکانی زیادکردنی ڕێژەی قوربانییەکانی پەکەکە بوون(٣).

## شەڕ لە دەرەوەی سنوورەکان، ستراتیژی تورکیا

هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٩، بە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی، بە تایبەت فڕۆکەیبێفڕۆکەوانی جەنگی، هێرشەکانی چڕکردووەتەوە بۆ سەر پێگەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و هێزەکانی سوریای دیموکرات/ هەسەدە لە سوریاو چەندین کەسی دیاری ئەو پارتانەی کردووەتە ئامانج. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا ئەنقەرە سنووری بوونی سەربازیی خۆی لە سەر زەوی فراوانترکردووەو ئێستا هەزاران سەرباز لە نزیکەی بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق و سوریا جێگیرکراون و پێشبینیشدەکرێت ئەم ستراتیژە لە ساڵی ٢٠٢٤ بەردەوامبێت.

لە ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، هاکان فیدان کە بە هاوبەشی لەگەڵ یاشار گیولەر وەزیری بەرگریی تورکیا بانگهێشتی پەرلەمانی تورکیا کرابوون بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستیی بوونی سەربازی تورکیا لە وڵاتانی دراوسێ، ڕایگەیاند: چالاکییەکانی پەکەکە کۆتاییهاتووەو تورکیا بڕیاریداوە بەردەوامبێت لە شەڕ دژی ئەم ڕێکخراوە. تورکیا لە بەرانبەر هەڕەشە تیرۆریستییەکان لە ناوچە سنوورییەکان و دەرەوەی وڵات، ناوچەیەکی ئارام بۆ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بەجێناهێڵێت تا لێوەی هەڕەشە دروستبکات لە سەر ئەم وڵاتە. تورکیا بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکەدا درێژە بەو خەباتە دەدات و داوای پشتیوانی لە دراوسێ و هاوپەیمانەکانی دەکات(٤).

بە هەمان شێوە یاشار گیولەر؛ وەزیری بەرگری تورکیا، لە وتارێکدا لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، بەپێویستیزانی کە ئۆپراسیۆنی سەربازی لە دەرەوەی سنوورەکان و لە ناو خاکی عێراق و سوریا بکرێت و ڕایگەیاند: ئەگەر ئەو ئۆپراسیۆنانە لەو وڵاتانە نەکرێت، تورکیا ناچاردەبێت لە ناو شارەکانیدا شەڕبکات(٥).

لە لایەکی دیکەوە، دەوڵەت باغچەلی؛ سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی

تورکیا (مەهەپە)، لە وتەیەکیدا لە پەرلەمانی تورکیا پێشنیاری دروستکردنی پەرژێنکی ئاسایشی کرد بە قووڵیی ٦٠ کیلۆمەتر لە ناو خاکی عێراقدا، بۆ ڕێگریکردن لە هێرشەکانی پەکەکە(٦).

**سترِ اتیژی تورکیا لە سوریا**

لە ساڵی (١٩٩٩)وە کە عەبدوڵڵا ئۆجالان؛ ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، لەلایەن حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریاوە دەرکرا، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو وڵاتەدا گەیشتە ئاستێکی تا ڕادەیەک دۆستانەو گەرم، بەڵام دوای دە ساڵ لە پەیوەندیی دۆستانە، حکومەتی تورکیا ئیدانەی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریای کرد، بە هۆی سەرکوتکردنی توندوتیژانەی خۆپیشاندانەکانی (٢٠١١)وە.

لە سەرەتای قەیرانی سوریاوە، دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانیی تورکیا (میت) لە ناو خاکی وڵاتەکەیدا لە ژێر ناوی سوپای ئازادی سوریا (FSA)دا مەشقو ڕاهێنانی بە کەسانی هەڵهاتوو لە سوپای سوریا دەکرد. لە ئایاری ٢٠١٢، میت دەستیکرد بە چەکدارکردنو دابینکردنی بنکەیەکی ئۆپراسیۆن بۆ سوپای ئازادی سوریا. دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی تورکیا لەلایەن هێزەکانی سوریاوە لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٢و پێکدادانی سنووری لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، گرژییەکانی نێوان سوریاو تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند. دوای دروستبوونی ڕێکخراوی داعش، هێزە چەکدارەکانی تورکیا بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە ٢٤ی ئابی ٢٠١٦، ئۆپراسیۆنی قەڵغانی فوراتیان دژ بە هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) ڕاگەیاندو دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆیان لە سوریا کرد. دوای ئەم ئۆپراسیۆنە کە لە ناوچەکانی باکووری پارێزگای حەلەب کراو بە هۆیەوە شارەکانی باب و عەزازو جەرابلوس لەلایەن میلیشیاکانی سەر بە تورکیاوە دەستیبەسەرداگیرا، دواتر چەندین ئۆپراسیۆنی دیکە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە ناوخۆی سوریا کران و بووە هۆی گرتنی شارەکانی ئیدلب و عەفرین لە باکووری ڕۆژئاوای سوریاو شارەکانی گرێسپی و سەرێکانی لە باکووری سوریا.

**لە کۆبوونەوەی ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ی پەرلەمانی تورکیا دەوڵەت باغچەلی؛ سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا (مەهەپە)، پێشنیاری دروستکردنی پەرژێنکی ئاسایشی بە قووڵی ٦٠ کیلۆمەتر لە ناو خاکی عێراقدا بۆ ڕێگریکردن لە هێرشەکانی پەکەکە کردووە.**

دوایـین هـێرشی بـەرفـراوانـی هـێزە سەربازییەکانی تورکیاو هاوپەیمانەکانی بۆ سـەر سوریا، ئۆپراسیۆنی ئاسمانی چنگشمشێر بـوو، کـە تێیدا حکومەتی تورکیا تاکلایەنەو بەبێ هیچ پاساوێک هێرشیکردە هـەسـەدە، ئۆپراسیۆنەکە بـووە هـۆی وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری باکوورو ڕۆژهـەڵاتی سوریا، کـە تێیدا نەخۆشخانە، قوتابخانە، وێستگەکانی کارەباو ئاو لـەگـەڵ بەنزینخانەکان لە کانتۆنی شـەهباوە تا کانتۆنی دێـرەزوور کرانە ئامانج(٧).

تـورکـیا لـە سـاڵی ٢٠٢٣ لـە هێرشە ئاسمانییەکانیدا زۆرێک لە وێستگەکانی ئـاوو کـارەبـاو کێڵگە گازیـیـەکانو سەرچاوە گرنگەکانی کردووەتە ئامانج. ئـەم کـارە بـە ستراتیژی نـوێی ئەنقـەرە دادەنرێت بۆ لاوازکردنی زیاتری ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری کورد لە سوریا لە ڕێگەی گەمارۆی ئابووریو لەناوبردنی ژێرخانو سەرچاوەکانی سووتەمەنیو خۆراک وەک ستراتیژێکی نوێ بۆ نەهێشتنی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرییەکان. وەک ڕوونە، چیتر تورکیا بە دوای داگیرکردنی سەربازیی ئەو ناوچانەوە نییە، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی لێدان لە ژێرخانی ئەو ناوچەیەوە، ئابووریی دەسـەڵاتی کوردەکانی سوریا بکاتە ئامانج، کـە لـە ڕووی تێچوونەوە کەمتری تێدەچێت بە بەراورد بە داگیرکاریی سەربازی. بێگومان یەکێک لەو هۆکارانەی کە تورکیا لە بریی ئۆپراسیۆنی سەربازیی زەمینی ڕووی لە بۆردومانی ئامانجدار بۆ سـەر سـەرچـاوە ئابوورییـەکان کـردووە، دژایەتیی توندی ڕووسیاو ئەمریکایە بۆ ئۆپراسیۆنە زەمینییەکان. هەروەها هەرێمی کوردستانی عێراق لە ژێر گوشاری تـورکیا کاریگەریی لـە سـەر گـەمارۆی ئابووری کوردەکانی سوریا هەیە، چونکە دەروازەکانی بە ڕووی کوردەکانی سوریادا داخستووە. لە لایەکی دیکەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی گرنگیدانی بەهێزی تورکیا بۆ توندکردنەوەی هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر کورد دەگەڕێتەوە بۆ ڕووماڵنەکردنی هەواڵەکانی ئەم ناوچەیە لە میدیاکانی جیهـاندا، چـونکە وا دێتەپێشچاو کە پێشهاتەکانی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسـەڵاتی کوردەکانی سـوریـادان، وەک جاران بۆ میدیاکانی جیهان گرنگ نین(٨).

### ستراتیژی تورکیا لە عێراق

هـەرچـەنـدە زیـاتـر لـە ٣٠٠ کیلۆمەتر سـنـووری هـاوبـەشو ڕووبـاری دیجلەو فـوراتو چـەنـدین لایـەنی کولـتووریو کۆمەڵایەتیو پرسی ئەمنیی هاوبەش هەیە لە نێوان تورکیاو عێراقدا، بەڵام بە هۆی چـەند هـۆکارێکەوە جۆرێک لـە ناتەبایی لە نێوان هـەردوولادا دروستبووە. عێراق پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیە بۆ ئاسایشی سنوورەکانی باشووری تورکیا، ئەمە جگە لەو پەیوەندییە مێژووییو ئابوورییەی کە هـەردوو وڵات بـەیەکەوە دەبەستێتەوە، بـەڵام سـەربـاری ئـەوەش پـەیـوەنـدیی

نێوان تورکیاو عێراق بە ناسەقامگیری تایبەتمەندبووە، کە ئێستا بوونی پێگە سەرەکییەکانی پەکەکە لە باکووری عێراق بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان ئەژماردەکرێت.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٨٣، ڕێککەوتنی هاوکاریو ئاسایشی سنوور لە نێوان تورکیاو عێراق واژووکراو بەو پێیە ڕێگە بۆ تورکیا کرایەوە بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن لە ناوخۆی عێراق. بە هەمان شێوە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٤ پرۆتۆکۆڵێکی ئەمنی لە نێوان تورکیاو عێراق واژووکراو ئەم پرۆتۆکۆڵە ڕێگەیخۆشکرد بۆ ئەوەی هێزەکانی تورکیا بە قوڵایی ٥ کیلۆمەتر بچنەناو سنووری عێراقەوە، بەبێ ئەوەی پێویستبکات دەسەڵاتدارانی عێراق ئاگاداربکەنەوە. لە ساڵی ١٩٨٤ تورکیا بە هێزێکی ٧ هەزار کەسییەوە یەکەم ئۆپراسیۆنی سەربازی خۆی لە ناو خاکی عێراق ئەنجامدا بۆ لەناوبردنی پەکەکە لە ناوچەکانی نێوان عەمادیەو زاخۆ(٩).

لەشکرکێشیی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بە یەکێک لە خاڵە وەرچەرخانە گرنگەکانی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە عێراق دادەنرێت. بە هۆی ئەم لەشکرکێشییەی ئەمریکاوە، عێراق چووەناو شەڕێکی ناوخۆییەوە، کە ساڵانێکی زۆر بەردەوامبوو، ئەم بارە دۆخێکی ناسەقامگیری دروستکردو لەگەڵ چڕبوونەوەی ململانێی نێوان سوننەو شیعەکاندا، هەژمونی ئێران لە عێراق فراوانتربوو، زۆرێک لە سیاسەتمەدارە شیعەکان، کە لە سەردەمی سەدام حوسێندا لە دەربەدەریدا دەژیان، لە قۆناغی نوێدا کاریگەریان لە سەر ئیدارەی عێراق هەبوو، تورکیا ناچاربوو بۆ پاراستنی هەژموونی خۆی لە ناو عێراق دەستبەکاربێت.

لە دوای کشانەوەی ئەمریکاش لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١، هەژموونی ئێران لە عێراق فراوانتربوو و دواجار ڕێکخراوی داعشیش لە ناوچەکەدا سەریهەڵدا. بە مەبەستی پاراستنی هەژموونی خۆی، تورکیا بنکەیەکی سەربازیی لە ناوچەی بەعشیقە دروستکرد، بە بیانووی مەشق و ڕاهێنان بە هێزە عێراقییەکان بۆ شەڕ لە دژی هەڕەشەکانی داعش، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانج لەو کارە ئامادەکاری بوو بۆ هێنانی هێزی زیاترو ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندا.

**لە ساڵی ٢٠٢٤ تورکیا بەردەوامدەبێت لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی لە سوریاو عێراق، لەبەرئەوەی پێی وایە ئەگەرئەوکارە نەکات، ناچاردەبێت لە ناو شارەکانی خۆیدا ڕووبەڕووی پەکەکە ببێتەوە.**

توركیا سیاسەتی خۆی بەرانبەر عێراق لە سەر دوو بنەما دادەڕێژێت؛ جەختكردنەوە لە سەر گرنگیی یەكپارچەییو سەروەریی عێراق، دواتر ڕێگەنەدان بە پەكەكە تا لە ناو عێراقەوە هەڕەشە لە سەر توركیا دروستبكات، بەڵام ئەوەی كە حكومەتی عێراق؛ پەكەكە وەک ڕێكخراوێكی تیرۆریستی ناناسێت، بە یەكێک لە خاڵە سەرەكییەكانی ناكۆكیی نێوان هەردوو وڵات ئەژماردەكرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عێراق چەند هەنگاوێكی ناوە كە بۆ توركیا گرنگ بوون، لەوانە: دامەزراندنی یەكەكانی پاسەوانی سنوورو جێگیركردنیان لە سەر سنوورەكانی عێراق لەگەڵ توركیاو ئێراندا، كۆنترۆڵكردنەوەی كەمپی مەخمورو پاككردنەوەی لە ڕێكخستنەكانی پەكەكە، هەروەها سوپای عێراق كاریكرد لە سەر سنووردراكردنی چالاكییەكانی پەكەكەو باڵەكانی لە شەنگال، ئەمەش ئەو بڕوایەی لای توركیا دروستكرد كە حكومەتی عێراق بە لایەنی كەمەوە هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەم پارتە گۆڕیوە، هەرچەندە ئەم هەنگاوانە ئەوەندە بەرجەستە نین، بەڵام دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی ئەرێنیی بۆ بكرێت(١٠).

ئێستا عێراق پێویستی بە پتەوكردنی پەیوەندییەكانی خۆی هەیە لەگەڵ توركیادا، بە تایبەتی بە هۆی دروستبوونی قەیرانی ئاوەوە، كێشەی ئاوی نێوان بەغداو ئەنقەرە لە شەستەكانەوە دەستیپێكرد، كاتێک توركیا دەستیكرد بە دروستكردنی بەنداوی ئەتادۆڵ لە سەر ڕووباری فورات، بەمەش عێراق لە پشكی دادپەروەرانەی ئاوی ڕووبارەكە بێبەشبوو، بەڵام ئێستا كێشەكە خراپتربووە، بە تایبەتی لەگەڵ گۆڕانكاریی كەشوهەواو شەپۆلی وشكەساڵیدا، كە عێراقی گرتووەتەوە، عێراق تەنها (٣٠٪) ی پشكی خۆی لە ئاو وەردەگرێت، لە ڕوانگەی توركیاوە پرسی ئاو ئامرازێكە بۆ فشارخستنەسەر عێراق بەرانبەر بە پرسی پارتی كرێكارانی كوردستان(١١).

لە لایەكی دیكەوە، گرووپە چەكدارە سەرەكییەكانی شیعە، كە تا ڕادەیەكی زۆر كاریگەرییان لە سەر حكومەتەكەی سودانی هەیە، توركیا وەک هەڕەشەیەک سەیردەكەن. ئەم گرووپانە هەڕەشەیانكردووە كە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بوونی سەربازی توركیا ببنەوە لە ناو عێراقدا. بۆ ئەوان پەكەكە جۆرێكە لە كارتی فشار، كە دەتوانن بەرانبەر بە ئەنقەرە بەكاریبهێنن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەژموونی توركیا، بە تایبەتی لە پارێزگای نەینەوای زۆرینە سوننە. هەروەها توركیا هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە ناوچە سوننەنشینەكانی عێراق فراوانتربكاتو ئەمەش بۆ گرووپە شیعەكان جۆرێكە لە هێڵی سوور. دواجار بوونی پەكەكە لە باكووری عێراق سوودی بۆ بەغدا هەیە لە مامەڵەكانی لەگەڵ توركیادا، چونكە ئەو پارتە كارتێكی فشار دەداتە دەسەڵاتدارانی عێراق، كە هەمیشە

دەتوانن لەکاتی دانوستان لەگەڵ ئەنقەرەدا یاریی پێ بکەن.
سەبارەت بە واشنتۆن، دەکرێت بوترێت کە ئەو وڵاتە هانی هیچ جۆرە رێککەوتنێکی نێوان بەغداو ئەنقەرە نادات سەبارەت بە پەکەکە، بە هۆی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ هەسەدەدا، هەر بۆیە ئەو پرسە لایەنێکی ناوچەییە تا نێودەوڵەتی(١٢).

## هاوبەشیی تورکیاو پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە

تورکیا، پارتی دیموکراتی کوردستانی وەک هاوبەشێکی سەرەکیی خۆی دەبینێت بۆ لێدانی پەکەکە لە باکووری عێراق، لە لای خۆشیەوە هەولێر بەردەوام هەوڵیداوە نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا کەمبکاتەوە، ئەمەش لە رێگەی هاوکاریکردنی تورکیاو هەوڵدان بۆ سەپاندنی جۆرێک لە گەمارۆ بە سەر پەکەکەدا. لە ڕاستیدا تورکیا لە رێگەی هاوکارییەکانی پارتییەوە توانیی دزەبکاتەناو قوڵایی هەرێمەوەو تۆڕی سەرچاوە هەواڵگرییەکانی بەهێزتربکات بۆ بەدواداچوون و چاودێریکردنی چەکدارانی پەکەکەو بۆمبارانکردنیان لە رێگەی بەکارهێنانی فرۆکەبێفرۆکەوانەوە(١٣).
پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧دا گەیشتە ئاستێکی نزم، کاتێک ئەنقەرە دژی ڕیفراندۆم هەڵوێستیوەرگرت، بەڵام پەرەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکان یارمەتیدەر بوو بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا. پارتی رێگەی بە ئەنقەرە داوە بنکەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان دابنێتو ئۆپراسیۆنی سەربازی دژ بە پەکەکە لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان فراوانتربکاتو لەو بارەوە زانیاریی هەواڵگری پێشکەش بە تورکیا دەکات.

**بە پێی داتاکانی وەزارەتی بەرگریی تورکیا، لە شەڕی ٤٠ ساڵەی پارتی کرێکارانی کوردستان دژبە تورکیا، زیاترلە ١٤ هەزارو ٨٥١ سەربازلەگەڵ ٤٥ هەزارو ٦٦٧ چەکداری پەکەکە کوژراون، لە ڕووی ئابووریشەوە تورکیا نزیک بە دوو ترلیۆن دۆلار زیانی پێ گەیشتووە.**

لە ساڵی ٢٠٢٠دا، سەرەڕای سنووردارbوونی چالاکییەکان بە هۆی پەتای کۆرۆناوە، ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان عێراقو تورکیا گەیشتە نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار، کە دوو هێندە زیاتر بوو لە ساڵی ٢٠١٩، نزیکەی لە سەدا ٧٠ی ئەو بازرگانییە لە رێگەی دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوە بووە، ئەمە جگە لەوەی نزیکەی هەزارو ٥٠٠ کۆمپانیای

تورکی لە هەرێم کاردەکەن. کۆمپانیاکانی بیناسازیی تورکیا بە قەبارەیەکی بەرفراوان وەبەرهێنانیان لە پرۆژەکانی ژێرخان‌و گواستنەوەدا کردووە، لەوانە: ڕێگەوبان‌و هێڵی ئاسن. هەروەها تورکیا وڵاتێکی گرنگی ترانزێتە بۆ نەوت‌و غازی هەرێم. پێش گرتنەوەی هەناردەی نەوت، ڕۆژانە نزیکەی ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە هەناردەکراوە.

لە لایەکی دیکەوە، هاوپەیمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەنقەرەدا وای کردووە ئەم پارتە ببێتە ئامانجی هێرشەکانی پەکەکە. لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ گرژییەکان بە خێرایی پەرەیانسەند، کاتێک دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەکەکەیان تۆمەتبارکرد بە تیرۆرکردنی غازی ساڵح، کە ئەفسەرێکی ئەمنی بوو لە زاخۆ. لەو کاتەوە، پەکەکە دوو جار هێرشیکردووەتەسەر هێڵی بۆریی هەرێم-تورکیا (کەرکووک-جەیهان)و بۆ ماوەیەکی کورت ڕۆیشتنی نەوتی بەرەو ڕۆژئاوا پچڕاندووە، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠و کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، هەروەها لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ بەرپرسیاریەتیی خۆیان لە دانانی بۆمبێکی کەنار ڕێگە ڕاگەیاند، کە بووە هۆی کوژرانی پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ لەگەڵ زیادبوونی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان پەکەکەو گرووپە هاوپەیمانەکانی پارتیدا لە سوریا، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم بڕیاریاندا دەروازەی سنووریی سمێلکا-فیشخاپور دابخەن(١٤).

تورکیا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی زنجیرەیەک ئۆپراسیۆنی بە ناوی (چنگ١) ەوە ئەنجامدا، کە لە مانگی ئایاری ٢٠١٩ دەستییپێکرد، ئامانجی هێرشەکە بەئامانجگرتنی ئەشکەوت‌و کۆگاکان‌و ڕێڕەوەکانی جوڵەی پەکەکە بوو لە ناوچەی خواکورک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق. زنجیرە ئۆپراسیۆنەکانی چنگ سەرکەوتوو بوو لە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی جوڵەی پەکەکەو دروستکردنی پەرژێنێکی ئاسایش بۆ پاراستنی خاکی تورکیا لە هێرشەکانی پەکەکە، جگە لەوەش، ئۆپراسیۆنی چنگ١ دەرفەتی بۆ دانانی ژمارەیەک بنکەی نوێی سەربازی ڕەخساند، کە توانیی بگاتە قوڵایی ئەو ناوچانەی کە پێشتر بە پەناگەی ئارامی پەکەکە دادەنرا. ئامارە فەرمییەکانی تورکیا لە مانگی حوزەیران سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئۆپراسیۆنەکانی چنگ ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ئۆپراسیۆنانە ئاسایشی سنوورەکانی تورکیایان بەهێزترکردووەو زیانی گەورەی بە توانای لۆژستیی پەکەکە گەیاندووە. تورکیا بە هۆی ئۆپراسیۆنە یەکلەدواییەکەکانەوە سنووری چالاکییەکانی پەکەکەی بەرتەسکترکردووەتەوەو لە ناوچە

شاخاویەکاندا قەتیسیکردووە. کاریگەری ئەم دۆخە نوێیەش بە ڕوونی بە سەر پەکەکەوە دەبینرێت، هەر بۆیە پێدەچێت ئاسۆیەکی کەم هەبێت، کە پەکەکە بتوانێت لە ڕێگەیەوە دانوستان ئەنجامبدات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتری سیاسی(١٥).

## گرنگترین ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا دژی پەکەکە

١.ئۆپراسیۆنی پۆڵا: لە ئازاری ساڵی ١٩٩٥ دەستپێکرد، ئۆپراسیۆنێکی سەربازیی سنووربەزێن بوو، کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکیاوە بۆ باکووری عێراق دژی پەکەکە ئەنجامدرا. ئامانج لێی لێدان بوو لە چەکدارانی پەکەکە لە خاکی عێراق.

٢.ئۆپراسیۆنی بەرەبەیانی ئاشتی: لە شوباتی ١٩٩٧ دەستپێکردو دیسانەوە بنکەکانی پەکەکەی لە لە خاکی هەرێم کردەئامانج. ئۆپراسیۆنەکە بۆردومانی ئاسمانیو تۆپخانەو هێرشی زەمینیی لەخۆگرتبوو.

٣.ئۆپراسیۆنی خۆر: لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ لە وەڵامی زنجیرەیەک هێرشی پەکەکە لە ناوخۆی تورکیا ئەنجامدرا. هێزەکانی تورکیا ئۆپراسیۆنی ئاسمانیو زەمینییان بۆ سەر پێگەکانی پەکەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاو باکووری عێراق دەستپێکرد.

٤.ئۆپراسیۆنی چنگ ٢و چنگ٣: لە هاوینی ٢٠١٩ بە ئامانجی ڕێگریکردن لە دزەکردنی گەریلاکانی پەکەکە لە عێراقەوە ئەنجامدرا، بە تایبەت لە ناوچەکانی سیناتو حەفتانین.

٥.ئۆپراسیۆنی چنگی هەڵۆ (هێرشی ئاسمانی)و چنگی پڵنگ (هێرشی زەمینی): ئەم دوو ئۆپراسیۆنە لە هاوینی ٢٠٢٠ ئەنجامدران.

٦.ئۆپراسیۆنی چنگی هەڵۆ٢: لە شوباتی ٢٠٢١ ئەنجامدرا بۆ ڕزگارکردنی ژمارەیەک بارمتەی تورکیا لە چیای گارە، کە دواجار شکستهێنا.

٧.ئۆپراسیۆنی پاکسازیکردن: لە هاوینی ٢٠٢١ ئەنجامدرا لە دەڤەری مەتیناو ناوچەی ئاڤاشینو باسیان بە ئامانجی لەناوبردنی ئەو ئەشکەوتانەی کە پەکەکە بۆ خۆحەشاردانو هێرشو پێداویستیو گواستنەوەو مەشقو ڕاهێنان بەکاریدەهێنا.

٨.زنجیرە ئۆپراسیۆنەکانی چنگ–قفڵ: لە مانگی ئایاری ٢٠١٩ دەستپێکرد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی، کە ئامانجی هێرشەکە بەئامانجگرتنی ئەشکەوتو کۆگاکانو ڕێڕەوەکانی جوڵەی پەکەکە بوو لە ناوچەی خواکورک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق.

## ستراتیژی تورکیا بۆ ساڵی ٢٠٢٤

هێرشەکانی پەکەکە لە کۆتایی ٢٠٢٣ بۆ سەر سوپای تورکیا چاوەڕواننەکراو بوو، بە جۆرێک شڵەژانی لە ناو سوپاو دەزگای

هەواڵگریی ئەو وڵاتەدا دروستکرد(١٦). هەواڵی کوژرانی ١٢ سەربازی تورکیا لە ناوچەی ئۆپراسیۆنی ناسراو بە پەنجەقوفڵ (زاپ، ئاڤاشین، مەتینا) و خواکورک، کاردانەوەی بەرفراوانی لە میدیای تورکیادا دروستکرد. یەکێک لەو کاردانەوانە پەیوەندیدارە بە قسەکانی ئۆرکون ئۆزلەر؛ ئەفسەری خانەنشینکراوی سوپای تورکیا، کە پێشتر لە بنکەی سەربازیی ئینجەرلیک خزمەتیکردبوو، ناوبراو پێی وایە کە ئۆپراسیۆنی جنگی قوفڵ هەڵەیەکی گەورە بووە(١٧).

**تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ ڕێژەی قوربانییەکانی تورکیاو پەکەکە نزیکبوون لە یەکسانەوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە دوای ٥ ساڵو لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دەگۆڕێت بۆ ڕێژەی ٦ بەرانبەر بە ١ بە زیانی پەکەکە.**

شەڕی سوپای تورکیا لەگەڵ پەکەکەدا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستانو لەو ناوچانەی کە پەکەکە تێیاندا بالادەستە، بۆی هەیە زیانە گیانییەکانی سوپای تورکیا زیاتربکات، بە هۆی توانای خۆگونجانو شارەزایی گەریلا بە سروشتی سەختی ناوچەکە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە بە ئەگەری زۆرەوە تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا پەنا بۆ چەند ڕێکارێک دەبات، لەوانە: بەشدارپێکردنی سوپای عێراقو پێشمەرگە لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی لە هەرێمی کوردستان، ئەم خواستەش لە سەردانەکەی ئیبراهیم کاڵن میت بۆ بەغدادو هەولێرو کۆبوونەوەی لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراقو دواتر مەسعوود بارزانیو چەند بەرپرسێکی دیکەدا بە ڕوونی دەرکەوت. بە پێی زانیارییەکان، تەوەری سەردانەکانی کاڵن هاوکاریکردنی تورکیا بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکاری کوردستان.

یەکێکی دیکە لە ڕێکارەکان کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردووەوە سوپای تورکیا کاری لە سەر دەکات، بەئامانجگرتنی ژێرخانی ئابووریی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل/ یەپەگەیە لە سوریا، بۆیە دەکرێت بڵێین: ئەم هێرشانە ستراتیژی نوێی تورکیا دەبن بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی پەکەکە بۆ سەر هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی پەکەکە لە خاکی سوریاوە ئۆپراسیۆن دژی تورکیا ئەنجامنادات، لە ئەنجامدا ئەوە هاوڵاتیانی مەدەنیی کوردی سوریان کە بە دەست ئەم هێرشانەی تورکیاوە دەناڵێنن، ئەوەش کە حکومەتی تورکیا دەیکات دژ بە ژێرخانی ئابووریی ڕۆژئاوا، بۆ ڕازیکردنی ناسیۆنالیستەکانی ناوخۆی وڵاتەکەیەتی(١٨).

## ئایا پەکەکە لە ساڵی ٢٠٢٤دا ستراتیژی خۆی دەگۆڕێت؟

موراد قەرەیلان لە سەرەتای ئەمساڵدا رایگەیاند: هەر لە ئێستاوە روونە کە ٢٠٢٤ ساڵێکی ئاسایی نابێت لە رووی خەباتی ئێمەوە، روونە کە ئێمە چووینەتە قۆناغێکی مێژووییەوە(١٩). لێدوانەکەی قەرەیلان سەبارەت بە گۆڕینی بیروباوەڕی شەڕی پەکەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پەکەکە شێوازی شەڕی خۆی دەگۆڕێتو تاکتیکی شەڕی تونێلو دروستکردنی هێزی سەربەخۆی بچووک دەگرێتەبەر. هەڵبەتە روونە کە پەکەکە ناتوانێت وەڵامێکی کاریگەری ئۆپراسیۆنە ئاسمانیو فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکانی تورکیا بداتەوە، بەڵام بە گۆڕینی شێوازی رووبەڕووبوونەوەکانی پەیڕەوی لە دوو ئامانجی گرنگی خۆی دەکات:

بە پلەی یەکەم پەکەکە بە نیازە تونێلەکان وەک ناوەندی فەرماندەییو بنکەی نوێی پشتیوانی بەکاربهێنێت، ڕەنگە ئەم کارەش بە هۆی کاریگەربوونیەوە بێت بە ستراتیژی بەکارهێنانی تونێلەکان لەلایەن بزوتنەوەی حەماسەوە لە دژی ئیسرائیل لە گەردەلوولی ئەقسادا.

بەپلەی دووەمیش ئامانجێکی تری پەکەکە ڕێکخستنی هێرشی کاریگەرو هەماهەنگە لە ڕێگەی گرووپی بچووکو سەربەخۆوە، سەرباری ئەوە پەکەکە دەیەوێت بەرەیەکی نوێ لە گۆڕەپانەکە بۆ ململانێکانی زیادبکات، کە ئەویش شەڕی ئەلیکترۆنییە، بە ئامانجی ئەوەی زۆرترین زیان بگەیەنێت بە کەمترین سەرچاوەی مرۆیی(٢٠). پەکەکە پێی وایە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ هەموو دەرفەتێک هەیە تا بە میتۆدی داهێنەرانە خەبات بەرەو سەرکەوتنو پێشەوەببەن(٢١).

**چیترتورکیا بە دوای داگیرکردنی سەربازیی ڕۆژئاوای کوردستانەوە نییە، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی لێدان لە ژێرخانی ئەو ناوچەیەوە، ئابووری دەسەڵاتی کوردەکانی سوریا بکاتە ئامانج، کە لە رووی تێچوونەوە کەمتری تێدەچێت بە بەراورد بە داگیرکاریی سەربازی.**

لە کۆتاییدا ئەگەرچی ئەستەمە پێشبینیبکرێت کە پەکەکە لە ساڵی ٢٠٢٤ چۆن رووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ تورکیا بەڕێوەدەبات، بەڵام هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە ڕەنگە ئەو گرووپە هێرشەکانی زیاتربکات لە پێناو فشارخستنەسەر حکومەتی تورکیا، بۆئەوەی دەستکەوتی زیاتر بەدەستبهێنێت لە دانوستانەکانیدا، هەندێکی دیکە پێیان وایە کە ڕەنگە پەکەکە هەوڵی چەسپاندنی هەژموونی خۆی بدات لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. پێدەچێت ستراتیژی پەکەکە بەند بێت بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، لەوانە: بارودۆخی

سیاسی تورکیا، ئاستی پشتیوانیی لایەنگرانیو کاریگەریی ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورکیا، بەڵام پێشبینیدەکرێت ساڵی ٢٠٢٤ بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو پەکەکە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورەتر ببێتەوە(٢٢).

**لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ڕێگەی ڕێککەوتنی ئەمنییەوە توکیا ڕەزامەندیی لە عێراق وەرگرتووە بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی بۆ سەرچەکدارانی پەکەکە لە خاکی عێراقدا. تەنانەت ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن تا قوڵایی ٥ کیلۆمەتر پێویست بە ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی عێراقیش ناکات لەلایەن تورکیاوە.**

## ئەنجام

١.لە ساڵی ٢٠٢٤دا تورکیا بەردەوامدەبێت لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی لە سوریاو عێراق، لەبەرئەوەی پێی وایە ئەگەر ئەو کارە نەکات، ناچاردەبێت لە ناو شارەکانی خۆیدا ڕووبەڕووی پەکەکە ببێتەوە.

٢.لە ڕێگەی ئۆپراسیۆنە بەردەوامەکانەوە، ئەنقەرە توانیویەتی پەکەکە بخاتەژێر گوشارێکی زۆرەوە لە بەرەکانی شەڕدا، بەڵام ئەم ستراتیژە لە رووی مرۆییەوە بۆ تورکیا تێچوویەکی زۆرهەبووە.

٣.تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٣ ویستی خۆی نیشاندا بۆ کۆتاییهێنان بە چالاکییەکانی پەکەکە، بەڵام سەرکەوتنی یەکلاییکەرەوە تەنها بە گرتنەبەری میکانیزمی ئەمنی یان ئیرادەی سەربازی بەدەستبهێنرێت، بۆیە پێشبینیدەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٤ تورکیا هەماهەنگییەکانی زیاتربکات لەگەڵ عێراقو هەرێمی کوردستاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە.

٤.لە ساڵی ٢٠٢٤دا بۆ کەمکردنەوەی زیانە مرۆییەکان، تورکیا داوای بەشداریی ڕاستەوخۆی سوپای عێراقو پێشمەرگە دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە.

٥.ستراتیژی پەکەکە لە ساڵی ٢٠٢٤دا بەند دەبێت بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، لەوانە: بارودۆخی سیاسیو ئاستی بەرەوپێشچوونو کاریگەریی ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورکیا، بەڵام پێشبینیدەکرێت ساڵی ٢٠٢٤ بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو بۆ پەکەکە سەختتر بێت.

## سەرچاوەکان

١.نديم شنر: تركيا و٣٩ عاما من النضال الداخلي والخارجي ضد الإرهاب وحلفائه (https://m-r.pw/Zivj).
٢.نديم شنر: تركيا و٣٩ عاما من النضال الداخلي والخارجي ضد الإرهاب وحلفائه (https://m-r.pw/Zivj).
٣.گزارش مشرق: ۶ هزار کشته در نبرد ۶ ساله ارتش ترکیه با گروه تروریستی پ. ک. ک / از بمب گذاری‌های استانبول تا نبرد در کوهستان قندیل؛ آتش، دود و ویرانی به پای

یک آرمان سوخته +نقشه، نمودار و تصاویر (https://gwnW/٢h.ae)
٤.هاکان فیدان: دیپلماسی خود را با توجه به حضور PKK در عراق، سوریه و ایران شکل می دهیم(https://WuEJAM١/٢u.pw).
٥.یاشار گولر:اگر در اقلیم کردستان و سوریه با PKK نجنگیم، مجبوریم در شهرهایمان بجنگیم (http://q٣o٩at.ttu.cc).
٦.دولت باغچه لی: باید در عمق ٦٠ کیلومتری از مرزهای ترکیه یک کریدور صلح و آرامش ایجاد کنیم (https://٢u.pw/٤Ruu٩Lm).
٧.خورشيد دلي: تركيا ٢٠٢٤ .. قنبلة الاقتصاد وتحديات السياسة (https://npasyria.com/١٧٦٩٤٩/).
٨.کرد پرس: استراتژی تازه ترکیه برای تضعیف منطقه تحت کنترل کردهای سوریه(https://bYMY/٢h.ae).
٩.فاتيح موسلو : إستراتيجية القواعد العسكرية التركية في العراق(https://m-r.pw/lOQW).
١٠.ترک پرس: تركيا قدمت للعراق مقترحات للتخلص من "PKK"(https://www.turkpress.co/node/٩٩٣١٣).
١١. شيماء على : تركيا والعراق: علاقة معقّدة وخلافات حادة (https://gulfhouse.org/posts/٦١٥١/).
١٢.على أسمر: ملامح العلاقات التركية الخارجية خلال ٢٠٢٤ (http://r٢٢j٢t.ttu.cc).
١٣.جورجيو كافيرو: تأثير حزب العمال الكردستاني في العلاقات العراقية التركية (https://m-r.pw/FAdT).
١٤.Berkay Mandıracı: Turkey's PKK Conflict: A Regional Battleground in Flux (http://opyk٨x.ttu.cc).
١٥.Winthrop Rodgers: Under threat from Turkey, is the PKK changing its strategy?(https://V٦١wGxK/٢u.pw).
١٦.کورد پرس: شمار جانباختگان درگیری ها در کردستان عراق به ١٢ تن رسید/وزیر دفاع راهی منطقه شد (https://zylC/٢h.ae).
١٧.کورد پرس: سرهنگ ارتش ترکیه: عملیات پنجه قفل اشتباهی بزرگ از سوی خلوصی آکار بود (https://OFkAhYa/٢u.pw).
١٨.کورد پرس: استراتژی تازه ترکیه برای متوقف کردن پ.ک.ک (https://skdd/٢h.ae).
١٩.ن‌پگ: عملیات انقلابی را تبریک گفت: سال ٢٠٢٤ یک مرحله تاریخی خواهد بو (https://ZoAnRFO/٢u.pw).
٢٠.سیاق: مبارزات ترکیه با پ ک ک: تحورت سال ٢٠٢٣ و انتظارت در ٢٠٢٤ (https://m-r.pw/ipHN).
٢١.دوران كالكان: هدفنا جعلْ عام ٢٠٢٤ عام انتصار الثورة الديمقراطية المناهضة للفاشية(https://m-r.pw/JNNJ).
٢٢. سيتا: معركة تركيا ضد حزب العمال الكردستاني: التطورات في عام ٢٠٢٣ والتوقعات لعام ٢٠٢٤ (https://www.setav.org/ar/٨٢٣١-٨٢٣١/).

# وەرگێڕان

تورکیاناسی

# قەییوم؛ پەڵەیەکی ڕەش لە سیستەمی ئیدارەی خۆجێیی تورکیادا

ڕاپۆرتی ناوەندی سپێکترووم هاوس بۆ بیرو توێژینەوە (Spectrum House Düşünce ve Araştırma Merkezi) قەییوم؛ پەڵەیەکی ڕەش لە سیستەمی ئیدارەی خۆجێیی تورکیادا

نوسینی: دەنیز گەدیك (Deniz Gedik)
وەرگێڕانی: لاڤە ڕەسوڵ

### دەروازە

لە کاتێکدا سەدەیەک بە سەر دامەزراندنی کۆماری تورکیادا تێپەڕیوە، ئەو گرفتە بنچینەییانەی کە لە سەدەی ڕابردوودا لە ڕێکخستنی ئیداری، یاسایی و بیرۆکراتیی کۆمارەوە سەریانهەڵداوە ئەو مشتومڕانەی کە بە هۆی ئەم کێشانەوە هاتوونەتەئاراوە، تا ئەمڕۆش بەردەوامن. ئەو پرۆسەیەی کە بە میکانیزمی ئیداریی نائاسایی بەڕێوەدەبرێت لە دامەزراندنی کۆمارەوە تا گواستنەوە بۆ ژیانی سیاسیی فرەحیزبی، کێشەکانی نێوان ناوەندو داینامیکی ژینگەیی/خۆجێیی زیاتر قووڵترکردووەتەوە. دانانی حکومیەت کە لە شێوەی "پشکنەری گشتی" لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧ بۆ ١٩٥٢، باری نائاسایی و "سەرۆکی پارێزگاری" لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ بۆ ٢٠٠٢ و هەروەها "قەییوم" لە ساڵی (٢٠١٦)وە جێبەجێکراون، گرنگن بۆ تێگەیشتن لە پاشخانی پەیوەندیی نێوان ناوەندو ئیدارە خۆجێییەکانی بەڕێوەبردن.

قەییوم، کە وەک پراکتیزەیەکی سیستەماتیک لە مێژووی سیاسی و ئیداریی تورکیادا لە دوای هەوڵی کودەتاکەی ١٥ی تەمموزی ٢٠١٦ جێگەی خۆی گرتووە، لە تیشکخستنەسەر ڕەهەندە بەردەوامەکانی پرسەکانی حوکمڕانی لە نێوان دەسەڵاتە ناوەندی و خۆجێییەکان گرنگە. ئەم پراکتیزانە وەک پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی سیاسی و حوکمڕانیی ناوخۆیی تورکیادا هەژماردەکرێت، دەتوانرێت وەک چەمکی هەڵبژاردن

لە تورکیا، دیموکراسیکردن، ئیرادەی گشتی، تاکڕەویو پەیوەندییە ناوەندی-خۆجێییەکان وەسفبکرێت.

ئەم تێگەیشتنە لە حوکمڕانی، کە لە ساڵی ١٩٢٧ تا ٢٠٠٢ لە پشکنەرە گشتییەکانەوە تا دەگاتە سوپەر پارێزگارەکان، بەردەوامبوو و چوارچێوەی بنەڕەتی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان پێکدەهێنێت، لە دوای ساڵی ٢٠١٦ لە چوارچێوەی قەییومەکاندا ڕەهەندێکی نوێی بەدەستهێناوە. نموونەکانی وەک دەرکردنی نادر تەمێل؛ سەرۆکی شارەوانیی هیلڤانو ئەندامانی ئەنجومەن لە ساڵی ١٩٧٩، پێدانی بڕاردەی دیکە بەو پارتانەی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ١٩٩٩دا شارەوانیی ئامەد، لیجە، ئاگریو دیادینیان بردبووەوە، دەرکردنو دەستگیرکردنی سەرۆکشارەوانییەکان لە کاتی ئۆپراسیۆنەکانی کەجەکە لە ساڵی ٢٠٠٩، دەستتێوەردانەکانی ناوەند دژی شارەوانییەکانی دەبەپەو هەدەپە دوای هەوڵی کودەتاکەی ٢٠١٦و دوای هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ٢٠١٩، گرنگن لە ڕووی تێگەیشتن لە پاشخانی ئەو زەمینە درێژخایەنەی حکومەتداری، کە پراکتیکی قەییوم تێیدا لەقاڵبدراوە.

دانانی قەییومەکان، کە نموونەیەکی ناوازەن لە مێژووی حکومەتە سیاسیو خۆجێییەکان لە تورکیا، لە دوای ساڵی (٢٠١٦)وە بووەتە ئامرازێک لە کارنامەی تاکڕەویو ناوەندگەرایی پارتی دەسەڵاتدار. ئەم پراکتیزانە دەتوانرێت وەک ڕەنگدانەوەی کارەکتەری ڕژێمی ناوەندگەراییو تاکڕەویی تورکیا سەیربکرێت. لە ئەنجامی ئەم پراکتیزەیەدا، قەییوم بۆ زۆرێک لە شارەوانی، زانکۆو تەنانەت ڕێکخراوە پیشەییەکان، بە ڕێکاری جیاواز دانراوە.

پێش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە کۆتا ڕۆژی ئەم مانگەدا، ئەم پراکتیزانە کە قەیرانی نوێنەرایەتی لە شارە کوردنشینەکاندا خێراترکردووەو پاڵنەرەکانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا کەمکردووەتەوە، لایەنێکی گرنگی چاوەڕوانیو تێڕوانینی خەڵک سەبارەت بە خزمەتگوزارییە گشتییە ناوخۆییەکان پێکدەهێنن. ئەم پراکتیزە بەردەوامانە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی داهاتووی شارە کوردییەکان پێکدەهێنن. تێکدانی حوکمڕانیی خۆجێیی نەک تەنها وەک نکوڵیکردن لە ئیرادەی گشتی، بەڵکو وەک دەستتێوەردانی ناوەندی لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا سەیردەکرێت.

ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە نەخشاندنی تابلۆی سیاسیو یاسایی ئەو کێشانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانو حکومەتی ناوەندی لە ئەنقەرەوە دژی خەڵکی ناوخۆ دروستکراون، لە چوارچێوەی بونیادنانەوەی کۆمار لە سەدەی دووەمی تەمەنیدا.

**سەرەتا**

بە هۆی باری نائاساییەوە (ئۆهال) OHAL)Olağanüstü Hal) لە تورکیادا، دوای هەوڵی کودەتاکەی ١٥ی تەممووزی ٢٠١٦، لە ١١ی ئەیلولی ٢٠١٦دا، ٢٨ سەرۆکی شارەوانی لە کارەکانیان دوورخرانەوەو کەسانی ڕاسپێردراو لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە لە شوێنەکانییان دانران. دانانی قەییوم، کە بە یاسای "بڕیارنامە لە بریی یاسا" (کاهێکا) Kanun Hükmünde Kararname (KHK) دەستپێکردبوو، بە شێوەیەکی سیستەماتیک بووە هۆی دوورخستنەوەی نوێنەرانی بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی، کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە هەڵبژێردرابوون. لە هەنگاوی یەکەمدا، ٩٦ لە هاوسەرۆکانی شارەوانیی هەڵبژێردراوی پارتی دیموکراتیی هەرێمەکان (دەبەپە) لە (Demokratik Bölgeler Partisi(DBP پۆستەکانیان دوورخرانەوەو قەییومەکان جێگەیانگرتەوە. بەم جۆرە دەبەپە (٩٣٪)ی ئەو شارەوانییانەی لەدەستدا کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستیهێنابوون. دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩یش، لە کۆی ٦٥ شارەوانی، کە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) (Halkların Demokratik Partisi (HDP (٥٩)یان لابران و قەییوم لە جێگەیان دانرا.

کاریگەریی دانانی قەییوم لە سەر دیموکراسیی ناوخۆیی تەنها بە دەرکردنی هاوسەرۆکانی شارەوانی سنووردار نەبوو. جگە لە دانانی کەسێک لە ناوەندەوە بۆ جێگرتنەوەی سەرۆکشارەوانییەکان، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شارەوانییش پێویستی بە مۆڵەتی بەرپرسی ڕاسپێردراو بوو. بە هەمان شێوە، بە ئاماژەدان بە برگەی یاسا، کە باس لەوە دەکات ئەرکی ئەنجومەنی شارەوانی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە ڕادەپەڕێنرێت، هیچ کەسێک/دەستەیەکی هەڵبژێردراو نەماوە کە بتوانێت چالاکییەکان لە حکومەتە خۆجێییەکان بکات. ئەم پراکتیزە نەک تەنها بە پێشێلکردنی چوارچێوەی دەستووری سەبارەت بە پرەنسیپەکانی ڕێکخستنی ئیداری دادەنرێت، بەڵکو بە پێشێلکردنی مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هەژماردەکرێت، پەڵەیەکی ڕەشی لە سەر سیستەمی ئیداری تورکیاوە دروستکردووە.

ئەم دەستتێوەردانەی حکومەتی ناوەند بۆ حکومەتە خۆجێییەکان بە هۆی کردنەوەی "دۆسیەی لێکۆڵینەوەی تیرۆریستی"یەوە لە دژی نوێنەرانی هەڵبژێردراو هاتەکایەوە، ئەم بڕیارانەش لە سایەی کاهێکاو ئۆهالەوە جێبەجێکراون، هەروەها پرۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەو شارەوانییانەی کە سەرۆکەکانیان لابراون، لەباربرد. بەم شێوەیە کەسانی

دیاریکراو لەلایەن ئیدارەی ناوەندییەوە بۆ جێگرتنەوەی کەسانی هەڵبژێردراو دیاریکران، لابردنی هەڵبژێردراوەکانیش بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە لە چالاکییە سیاسییەکانو لێدوانو کۆبوونەوە سیاسییەکانی سەرۆکە هەڵبژێردراوەکان بووە.

بەم جۆرە دانانی قەییوم بەشێکە لە سیاسەتی دوورخستنەوەی بزوتنەوەی کوردی لە دەسەڵاتو حکومەتی خۆجێییەکان لە باکووری کوردستانو تورکیادا.

**چوارچێوەی سیاسی دانانی قەییومەکان**

ساڵی ٢٠١٦ ساڵێکی ئاڵۆز بوو لە مێژووی سیاسیی تورکیادا، پێویستە زەمینەی سیاسیی دامەزراندنی قەییومەکان لە دەوری سێ کێشەی ڕەگداکوتاوو تێکەڵاودا لەبەرچاوبگیرێت. یەکەمیان "پرسی کورد"، کە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی داواکارییەکانی دانپێدانانی کوردانی نیشتەجێی تورکیا لە ڕێگەی سیاسەتی ئەمنییەوە سەریهەڵدا، دووەمیان باری نائاساییە، سێیەمیشیان مشتومڕی تاکڕەویو گفتوگۆی سەرپەرشتیکردنە.

ململانێی پەکەکە لەگەڵ تورکیادا، کە لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە ڕێگەی خەباتی چەکداریی هەڵبژاردووە، دوای ئەوەی پرۆسەی چارەسەر لە ساڵی ٢٠١٥دا داخرا، گەشەیکردو بووە هۆی وێرانکارییەک، کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆدا تێیدا بە لایەنی کەمەوە نیوملیۆن هاوڵاتی مەدەنی بە زۆر ئاوارەبوونو سەدان کەسیش گیانیانلەدەستدا. ئەم پرۆسەیە، کە تێیدا ئەو کارانەی کە تەنانەت لە باری نائاساییدا نایاساییدەبن، بەبێ پێویستی بە باری نائاسایی دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، سنووری نێوان ئاساییو نائاسایی کاڵکردووەتەوە. لەم ژینگەیەدا کە دۆخی توندوتیژی فەزای سیاسی بەرتەسکدەکاتەوە، بزوتنەوەی سیاسیی کوردییش بە بەکارهێنانی میکانیزمی سیاسیو یاسایی دەورەدراوە. لابردنی پارێزبەندیو دەستگیرکردنی پەرلەمانتاران، دۆسیەی داخستنی هەدەپە، دادگاییکردنی بەکۆمەڵی سیاسەتمەدارانی وەک دۆسیەی (،DTK KCK))، کۆبانێ، دانانی قەییومەکان، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم گەمارۆیەن. لەو چوارچێوەیەدا، دانانی قەییومەکان نەک هەر مافی دەنگدانی لە دیموکراسیی خۆجێیی لەو ناوچانەی کە دانیشتوانی کورد بە چڕی دەژین، لەناوبرد، بەڵکو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی دیموکراسیانەی سیاسەتی کوردیشی لەناوبرد. پراکتیکەکانی قەییوم، کە لە ساڵی (٢٠١٦)وە جێبەجێکراون، بوونەتە بەشێک لە سیماکانی بەڕێوەبردنی تاکڕەوانەی ئیدارەی ناوەندی.

**ڕوانگەی یاسایی و بنەمای مافی مرۆڤ لە دانانی قەییومدا**

بڕگەکانی "بڕیارنامە لە بریی یاسا"، کە ناتوانرێت تانەی لێ بدرێت لە دادگا، دەبنە یاساو دەتوانرێت بخرێنەبەردەم دادگای دەستووری. جگە لەمەش، لەو سکاڵایانەی کە لەلایەن پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)وە، کە بە دایکی بەرەی ئۆپۆزسیۆن دادەنرێت، تۆمارکراون بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکانی باری نائاسایی، داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕگەیە نەکراوە کە ڕێگە بە دانانی قەییومەکان دەدات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئەوەندەی زانراوە، داواکارییەکانی پێداچوونەوە بە دەستوور، کە لە ڕێگەی پێداچوونەوەی نۆرمە پوختەکانەوە نەخراوەتەبەردەم دادگای دەستووری، بۆئەوەی لە ڕێگەی پێداچوونەوەی نۆرمێکی کۆنکرێتییەوە لێی بکۆڵرێتەوە، تا ئێستا لەلایەن دادگا کارگێڕییەکانەوە وەرنەگیراون. بەم شێوەیە هێشتا دەستووریبوونی پەیڕەوەکە لەلایەن دادگای دەستوورییەوە لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووارکردنەدا، بنەماکانی لامەرکەزی، کە بە دەستوورو چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیدارەی ناوەندیو حکومەتی خۆجێیی ڕێکدەخرێن، پێشێلکراونو فۆرمێکی نوێی حکومەتی خۆجێیی لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی ناوەندیدا هاتە بواری جێبەجێکردنەوەو هیچ بوارێک نەمایەوە بۆ ئیرادەی گەل. ئەو ڕێسایە پێچەوانەی هەیکەلی ئیداریی دەستووریو یاسایی تورکیاو هەروەها ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤو مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە، کە تورکیا تێیدا لایەنێکە.

**بڕیاری دانانی قەییوم لە سایەی باری نائاساییو "بڕیارنامە لە بریی یاسا" جێبەجێکراون، پڕۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەو شارەو انییانەشی کە سەرۆکەکانیان لابراون، لەباربرد.**

**قەییوم لە پەیکەری کارگێڕیی تورکیادا**

چوارچێوەی پێکهاتەی ئیداریی تورکیا بە مادەی ١٢٣، کە ئیدارەی تورکیا بە گشتی ڕێکدەخات، مادەی ١٢٦، کە ئیدارەی ناوەندی ڕێکدەخاتو مادەی ١٢٧، کە ئیدارە خۆجێییەکان ڕێکدەخات، دیاریکراوە. ئەم ماددانە لە سەر بنەمای پرەنسیپی لامەرکەزیەتو ڕژێمی ئیدارە ناوخۆییە خۆسەرەکانو پرەنسیپی یەکپارچەیی ئیدارە دامەزراون. پرەنسیپی لامەرکەزیەت، وەک یەکێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ئیدارەی ناوەندیو ئیدارە خۆجێییەکان، بە سادەترین پێناسەی خۆی، بە واتای بەکارهێنانی بەشێک لە دەسەڵاتە سیاسی یان

کارگێڕییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ترەوە جگە لە ئیدارەی ناوەندی، دێت. دەستوور باس لەوە دەکات کە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ئیدارە خۆجێییەکان بە یاسا ڕێکدەخرێن‌و داوادەکات ئەم ڕێسایانە بە پێی بنەمای لامەرکەزیەت دابنرێن. هەرچەندە ئیدارەی ناوەندی‌و ئیدارە خۆجێییەکان بە پێی ڕێکارو بنەمای جیاواز ڕێکدەخرێن، بەڵام کۆیەکن؛ بە گوێرەی بنەمای یەکپارچەیی کارگێڕی، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتردا کارەکانیان دەکەن‌و خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵک دەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی نایاسایی دەستوەردان لە بواری یەکتردا بکەن.

بنەمای دانانی قەییوم بۆ بەهێزکردنی بنەمای لامەرکەزی نییە، ئامانجی ئەوەیە کە لامەرکەزیەت ناکارامەبکات، هەر بۆیە پێچەوانەی چوارچێوەی لامەرکەزییە، کە دەستوورو لێکدانەوەکانی دادگای دەستووری لە سەر ئەم پرسە کێشراوە.

## ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی و قەییومەکان

بە گوێرەی پەیماننامەی خۆبەڕێوەبەری‌و ئیدارە خۆجێییەکانی ئەوروپا، کە تورکیایش واژووی کردووە لە سەر جێبەجێکرنی، "ئەو دەسەڵاتانەی کە بە ئیدارە خۆجێییەکان دراون، بە شێوەیەکی ئاسایی تەواو تایبەتن. جگە لەو حاڵەتانەی کە لە یاسادا دیاریکراوە، ئەم دەسەڵاتانە ناتوانرێت لەلایەن حکومەتی ناوەندی یان ناوچەییەکانی دیکەوە لاوازبکرێن، یان سنووردار بکرێن."

## قەییوم وەک ئامرازێکی دەستبەسەرداگرتنی کارگێڕی

سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی لامەرکەزی، جگە لە چاودێریی دادوەری، لە ڕێگەی ڕاهێنەری کارگێڕییەوە دەکرێت، کە فۆرمێکی ناوازەی چاودێریکردنەو پێویستە بە ڕوونی بە یاسا ڕێکبخرێت‌و سنووردار بێت بە چوارچێوەی دیاریکراو. پێویستە سەرپەرشتیی کارگێڕی بە تەسکی لێکبدرێتەوە، چونکە دەسەڵاتێکی جیاکارییە، بە پێچەوانەی کۆنترۆڵی پلەبەندییەوە، ناوچەی ئیدارە ناوخۆییەکان لە بەرژەوەندیی ئیدارەی ناوەندیدا سنووردارەدەکرێت، بەڵام سەرپەرشتیی کارگێڕی، لە ڕێگەی دانانی قەییومەوە بە شێوەیەکی کرداری دەست بە سەر سیستەمی لامەرکەزیدا دەگرێت. دەسەڵاتی دەرکردن، کە لەلایەن دەستوورەوە بە وەزیری ناوخۆ دراوە، جۆرێکی تایبەتی سەرپەرشتیی کارگێڕییە. ئەم دەسەڵاتە لە بڕگەی چوارەمی مادەی ١٢٧ی دەستووردا ڕێکخراوە، بە سنوورێکی ڕوون دیاریکراوە:

"چاودێری سەبارەت بە یەکلاییکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان سەبارەت بە بەدەستهێنان‌و لەدەستدانی ناونیشانی ئۆرگانەکانی پلە هەڵبژێردراوەکانی حکومەتە خۆجێییەکان لە ڕێگەی

دەسەڵاتی دادوەرییەوە بەڕێوەدەچێت، بەڵام وەزیری ناوخۆ دەتوانێت وەک ڕێکارێکی کاتی، دەستە کارگێڕییە ناوخۆییەکان یان ئەندامانی ئەو ئۆرگانانە ڕابگرێت کە لێکۆڵینەوە یان لێپێچینەوەیان لە دژی دەستپێکردووە لە سەر تاوانێکی پەیوەست بە ئەرکەکانیانەوە، تا بڕیاری کۆتایی لە سەریان دەدرێت."

لێرەدا دەستوور دەسەڵاتێکی جیاکاریو سنووورداری بە وەزیری ناوخۆ داوە سەبارەت بە شارەزایی ڕێکخراوەیی ئۆرگانەکانی حکومەتی خۆجێیی، کە بە هەڵبژاردن دیاریدەکرێن. ئەم دەسەڵاتە لە دەستووردا بۆ بارودۆخێکی زۆر تایبەت دراوە.

**پراکتیکەکانی قەییوم، کە لە ساڵی (٢٠١٦)وە جێبەجێکراون، بوونەتە بەشێک لە سیماکانی بەڕێوەبردنی تاکڕەوانەی ئیدارەی ناوەندی.**

بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی جیاکاریی سەرپەرشتیی کارگێڕی، ناتوانرێت ئەم دەسەڵاتە بە یاسا فراوانبکرێت، بە شێوەیەک کە ئیدارە خۆجێییەکانو ئیرادەی دەنگدەران بشێوێنێت. لە کاتێکدا ئەم سنووردارکردنە تەنانەت بە یاساش ناتوانرێت فراوانبکرێت، چونکە بە دەستوور هاتووەتەئاراوە، بەڵام فراوانبوونی بە "بڕیارنامە لە بریی یاسا" مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێکخستنی ئیداریی تورکیا بە "بڕیارنامە لە بریی یاسا" بەڕێوەدەبرێت، نەک لە ژێر چەتری دەستووردا.

لەم ڕووەوە، لە کاتێکدا بوونی چارەسەرێکی دادوەریی کاریگەر جێی مشتومڕە، بەڵام ناتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە پێداچوونەوەیەکی دادوەری هەیە، کە بتوانێت بە شێوەیەکی دروست توخمە ڕێژەییەکە هەڵبسەنگێنێت.

## لەناوبردنی دیموکراسیی ناوخۆیی

دوا خاڵ کە پێویستە جەختی لە سەر بکرێتەوە، سەبارەت بەو زیانانەی کە بە هۆی دامەزراندنی قەییومەکانەوە لە پەیکەری کارگێڕیی تورکیادا توشیبوون، ئەوەیە کە هیچ دەستەیەکی هەڵبژێردراو نەماوە بۆ کارکردن لەو شارەوانییانەی کە قەییومەکان تێیدا دامەزراون.ئۆرگانەکانی حکومەتە خۆجێییەکان بریتین لە سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی و دەستەی کارگێڕی. ئەنجومەنی شارەوانی دەزگای بڕیاردەرە، هەروەها ئەرکو دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی سەرۆکی شارەوانیی هەیە بە پێی دەستوورو یاساکان.

لە ئەگەری ڕاگرتنی سەرۆکی شارەوانی لە پۆستەکەی، دەبێت ئەو کەسەی بە وەکالەت ئەرکەکە لەئەستۆدەگرێت لە

نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیو لەلایەن ئەنجومەنەوە هەڵبژێردرێت. بەم شێوەیە سەرەڕای دوورخستنەوەی سەرۆکی شارەوانی لە پۆستەکەی یاساو بنەمای دیموکراسیی حکومەتە خۆجێییەکان دەپارێزێت، بەڵام "بڕیارنامە لە بریی یاسا" ئەم پرەنسیپە دیموکراسییەی هەڵوەشاندەوەو سیستەمی دانانی سەرۆکی شارەوانیی "نوێ"ی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆو تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا لەلایەن پارێزگارەکانیشەوەی هێنایەکایەوە. بە واتایەکی تر، لە کاتێکدا دوورخستنەوەی سەرۆکی شارەوانی لە پۆستەکەی بە پاساوی لێکۆڵینەوەی تیرۆر پێچەوانەی یاسایە، بەڵام پێویستیی هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانیو لە نێوان ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی شارەوانیدا نەهێشتووەتەوە، بەم شێوەیە زەبرێکی دیکە لە دیموکراسیی ناوخۆیی دەدات.

"بڕیارنامە لە بریی یاسا" تەنیا بەمانە سنووردار نییە. ئەنجومەنی شارەوانی تەنها لە سەر کاغەز لە ئەرکەکەی بەردەوامە، بەڵام کۆبوونەوەی پەیوەستە بە بانگەوازی قەیومەوە. جگە لەوەش، ئەندامانی ئەنجومەن تەنانەت قەدەغەیە بچنەناو بینای شارەوانی لەو شارەوانییانەی کە قەیومیان بۆ دانراوە. ئەنجومەنی شارەوانی، کە بەو پێیەی هەڵدەبژێردرێتو ئەندامانی پارتە سیاسییە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت، دەزگایەکی دیموکراسییە، هەروەها دەسەڵاتو ئەرکی سەرپەرشتیکردنی کارو مامەڵەکانی سەرۆکی شارەوانیی هەیە. ئەوەی کە ئەنجومەنی شارەوانی ناتوانێت کۆببێتەوە، ئەم ئەگەرەی کۆنترۆڵکردن لەناودەبات. بە واتایەکی تر، لە کاتێکدا حکومەت ئەو سەرۆکشارەوانییەی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابوو، لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، هاوکات ئەگەری هەڵبژاردنی ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی لە پارتی سیاسی بە زۆرینەی ئەنجومەنی شارەوانی (کە لە هەموو حاڵەتێکدا هەدەپەیە) نەهێشت.

هەر بە گوێرەی "بڕیارنامە لە بریی یاسا"، هەموو ئەرکەکانی ئەندامانی ئەنجومەن دەگوازرێتەوە بۆ فەرمانبەرانی ئەنجومەن، وەک ئەوەی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵوەشێنرابێتەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەن لەکارخراونو ئەنجومەن پێگەی خۆی وەک ئۆرگان لەدەستدەدات. ئەنجامی ئەمانەش بریتییە لە پەکخستنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بە تایبەتی داخستنی باخچەی منداڵانو دامەزراوە پەروەردەییە هاوشێوەکان، کە لەلایەن شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانەوە کراوەتەوە، کە ئەولەویەت بە فرەزمانیو پەناگەکانی ژنانوخزمەتگوزارییەکانی تر بۆ ئافرەتانو منداڵانو خێزانەکان دەدەن، کە لە مەترسیدان. ئەم دۆخە کە

پێشێلکردنی مافی حکومەتە خۆجێییەکانە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە داراییەکانیان بە ئازادی، لە ساڵی (٢٠١٦)وە بووەتە یاسایەک لە پارێزگا کوردییەکانە .

ئەم جۆرە وێرانکارییە بەربڵاوەی دیموکراسیی ناوخۆیی لەلایەن دەنگدەرانەوە تێبینیدەکرێتو ڕەتدەکرێتەوە. بە پێی ئەنجامی ئەو توێژینەوە مەیدانییەی کە لەلایەن دەزگای سپێکترووم هاوسەوە لە مانگی ئابی ٢٠٢٣ لەگەڵ ١٣٥١ کەس لە پارێزگاکانی ئامەد، ماردین، وان، ئورفا، هەکاری، ئاگری، ئادیەمان، باتمان، قارس، شرناخ، موش، بیتلیس، ئەرزروم، بینگۆل، سیرت، دەرسیم کراوە، (٧٥٪)ی دەنگدەران دامەزراندنی قەییوم بە هەڵە دەزانن. دەنگدەران زۆرینەیان لە سەر ئەو بۆچوونەن کە دامەزراندنی قەییوم کاریگەریی نەرێنیی هەیە، بە تایبەتی لە بوارەکانی وەک دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بۆ منداڵان بە زمانی دایکو چالاکییە کولتوورییەکان.

**دۆسیەی تیرۆر: پەڵەیەکی ڕەش**

دانانی قەییومەکان، کە بووە هۆی لێکترازانی جددی لە پێکهاتەی کارگێڕی تورکیادا، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو دۆسیەی تیرۆر لە دژی سەرۆکشارەوانییە هەڵبژێردراوەکان جێبەجێکرا. تیرۆر چەمکێکی سیاسییەو ناتوانرێت پێناسەیەکی یاسایی ڕوونی لە هەردوو یاسای نێودەوڵەتیو یاسای نیشتیمانیدا بۆ بدۆزرێتەوە. بەم شێوەیە، مەودای چەمکەکە لە دەوری لایەنە ئایدۆلۆژییەکانی دەسەڵات دەخولێتەوە.

تورکیا لەم نادڵنیاییە دوور نییە، لە ڕاستیدا بەراورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە یاسایان تا ڕادەیەک چەسپاندووە، دەسەڵاتە سیاسییەکان زیاتر ئەم نادڵنیاییەیان بەکارهێناوە بۆ دووبارە دارشتنەوەی کایەی سیاسی. حکومەتی ئێستاش بە شێوەیەکی بەرفراوان پەنا بۆ گوتاری تیرۆر دەبات، چ بە جێبەجێکردنی پێوەرە جیاوازەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، چ بۆ سەرکوتکردنو بێدەنگکردنی دەنگە دژبەرەکانو نارازییەکانی دژی. بە لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە لە تیرۆر، سنووری گۆڕەپانی سیاسیی یاسایی بە شێوەیەکی هاوبەش لە ڕێگەی میکانیزمە زۆرەملێکانی یاساوە جێگیردەکرێنەوە.

**دانانی قەییوم بەشێکە لە سیاسەتی دوورخستنەوەی بزوتنەوەی کوردی لە دەسەڵاتو حکومەتە خۆجێییەکان لە باکووری کوردستانو تورکیادا.**

پێویستە بە شێوەیەکی شیکاری لە بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر نزیکببینەوە، بۆئەوەی لە ئەرکی

لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر لە دامەزراندنی قەیومەکاندا تێبگەین. ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر لە دوای ساڵی ٢٠١٥ گرنگە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی نزیکبوونەوەی دەوڵەت دوای ساڵی ٢٠١٥ بۆ پرسی کوردو ڕوودۆخی نائاسایی، کە چوارچێوەی سیاسی دانانی قەییومەکان پێکدەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە نابێت بە پشتگوێخستنی سکالاکانی (KCK) ئەنجامبدرێت، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستیپێکردو کاریگەری لە سەر زۆرێک لە سیاسەتمەداران هەبوو، لەوانە: هاوشارەوانیەکان، هەروەها سکالا یاسایەکانی (DTK)، کە دژی بەشداربوانی تۆمارکرابوون بە تۆمەتی بوون بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، لە کاتێکدا ئەوە پێکهاتەیەک بوو کە بانگهێشتکرابوو بۆ پەرلەمانی تورکیا، بۆئەوەی بۆچوونی خۆی لە گفتوگۆکان لە سەر دەستووری نوێ بدات، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بەردەوامییانو ئەرکی چەوساندنەوەی بزوتنەوەی سیاسی کورد تا ڕادەی پێویست لە چوارچێوەی پرسی قەییومدا ئاماژە بەو کەیسانە دەکرێت.

دوای ئەوەی کە دانانی قەیوم لە ڕێگەی "بڕیارنامە لە بری یاسا" هاتە بواری جێبەجێکردنەوە، قەیومەکان بۆ نزیکەی هەموو ئەو یەکە کارگێڕییانە (شارەوانییەکانی شارە گەورەکان، پارێزگاکان، قەزاکان، شارەوانییەکانی شارۆچکەکان) دامەزران کە زۆرینەیان بە دەست پارتی دیموکراتی هەرێمەکانەوە بوون. لە شەپۆلی دووەمی دانانی قەیومەکان دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩، وەزارەتی ناوخۆو پارێزگارەکان دەستیان بە سەر شارەوانییەکانی هەدەپەدا گرت. ئەو بەدواداچوونانەی کە زەمینەی ئەو دەرکردنانەو دانانی قەییومەکان پێکدەهێنن، لە ناوچەیەکی فراواندا بڵاوبوونەتەوە، لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە، تا بەیاننامە ڕۆژنامەوانییەکانی هەدەپە، لە وتارەکانی هاوسەرۆکانی شارەوانییەکانەوە تا نارەزایەتییەکانی ٨ی ئازارو بەشداریکردن لە پرسەو دڵنەواییەکانی کەسوکاری گەریلا کوژرراوەکان.

تۆمەتبارکردنی گولتان کشاناک؛ هاوسەرۆکی شارەوانی ئامەد لەو کاتەدا، کە بۆچوونەکانی خۆی بەو لیژنە پەرلەمانییە وت، کە هاتبوون بۆ لێکۆڵینەوە لە هەوڵی کودەتاکەی ١٥ی تەمموز، بە کۆکردنەوەی ٤١ کرداری جیاواز پێکهێنرا، لەوانە: وتارەکانی، چالاکییەکانی (DTK)و پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی و وتاری ڕەخنەی سیاسی. لە کاتێکدا ئەم کارانە هیچ پەیوەندییەکیان بە توندوتیژییەوە نەبوو و نەدەکرا لە چوارچێوەی هیچ تاوانێکی دیکەدا هەژماربکرێن، لێکۆڵینەوەکان کە

کرایەوە، ڕێگەیخۆشکرد بۆ دانانی قەییومێک بۆ شارەوانیی گەورەی ئامەد. بەیاننامە ڕۆژنامەوانییە ناوخۆییەکان، بە تایبەتی لێدوانەکانی نارەزایەتیو رەخنەگرتن لە قەدەغەی هاتوچۆو ئەو ئۆپراسیۆنە سەربازیانەی لەو ماوەیەدا دەکران، کە مەترسی لە سەر مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانو بە تایبەت مافی ژیان دروستدەکەن، بنەمای گرنگی ئەو لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنن کە بەرانبەر بە هاوسەرۆکانی شارەوانی کراوەتەوە.

ئەو ڕاستییەی کە لێکۆڵینەوەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە کردەوانە دەکەن، کە دەبێت لە چوارچێوەی مافو ئازادییە بنچینەییو یاساییو تەنانەت بنەڕەتییەکاندا بپارێزرێن، نە نوێو نە تایبەتە بۆ حکومەتە خۆجێییەکانی تورکیا.

## دانانی قەییوم و مافەکانی مرۆڤ

پێشێلکردنی مافو ئازادییە بنەڕەتییەکان، کە بە هۆی دامەزراندنی قەییومەکانەوە دروستدەبێت، فرەڕەهەندە. هاوکات لەگەڵ مافی نوێنەرانی هەڵبژێردراوو دەنگدەراندا، مافی قەوارە یاساییەکانی حکومەتی خۆجێیی بە شێوەی جۆراوجۆر پێشێلکراوە. هێشتا هیچ چارەسەرێکی یاسایی مانادار سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، کە بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانو دەستوور پارێزراوە، بەدەستنەهاتووە. مافە پێشێلکراوەکانی مرۆڤ بریتین لە مافی هەڵبژاردنو بەشداریکردن لە چالاکییە گشتییەکانو ئازادیی ڕادەربڕینو کۆبوونەوەو هەروەها گریمانەکردنی بێتاوانیی بەرپرسانی هەڵبژێردراو. لە ڕووی دەنگدەرانەوە، مافی دەنگدان پێشێلکراوەو ئازادیی ڕادەربڕینو ڕێکخراوبوون بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سنووردارکراوە.

**لەو سکالایانەی کە لەلایەن پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) تۆمارکراون بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکانی باری نائاسایی، داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕگەیە نەکراوە کە ڕێگە بە دانانی قەییومەکان دەدات.**

پرەنسیپی هەڵبژاردن مەرجێکی حەتمیی دیموکراسییە، کە سیمای دامەزرێنەری کۆماری تورکیایشە، هەروەها یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی مادەکانی ٢و ٥ی دەستوور. هەروەها مافی دەنگدان، هەڵبژاردنو بەشداریکردن لە چالاکیی سیاسیو بەشداریکردن لە خزمەتی گشتیدا، وەک مافێکی بنەڕەتیی سیاسیو هەروەها مەرجێکی بنەڕەتیی دیموکراسی، لە مادەی ٦٧ی دەستووریشدا مسۆگەرکراوە. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، مادەی ٢٥ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافە

مەدەنیو سیاسییەکان، مافی دەنگدانو هەڵبژاردنو بەشداریکردن لە کارگێڕیی گشتیدا ڕێکدەخات. لە کاتێکدا لایەنێکی ئەم مافە گرەنتیی پێش هەڵبژاردنو ڕۆژی هەڵبژاردن دەگرێتەوە، لایەنێکی دیکە بریتییە لە ئیدارە خۆجێییەکان کە بە پێی ویستی دەنگدەران تا هەڵبژاردنی داهاتوو مامەڵەدەکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بنەمای لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر، کە وەک هۆکاری دانانی قەیومەکان نیشاندەدرێن، ئەو کردارو لێدوانانەن کە تێیدا سیاسەتمەداران بۆچوونی ڕەخنەیی خۆیان بڵاودەکەنەوەو نارەزایەتی بۆ ئەمە ڕێکدەخەن، ڕوونە کە دانانی قەیومەکان دەستتێوەردانێکی جددی پێکدەهێنێت دژی ئازادیی ڕادەربڕین. ئەم دەستتێوەردانە لەگەڵ مەرجەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا ناگونجێت، هەروەها ڕێژەیی نییە، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە بە وردی باسکراون. لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر تاکە هۆکار نین کە ئازادیی ڕادەربڕین لە چوارچێوەی پراکتیکەکانی قەیومدا پێشێلدەکەن. دوورخستنەوەی ئەو کەسەی کە خەڵک پێی باشترە، چونکە بۆچوونەکانی لەگەڵ خۆیاندا دەگونجێت لە دەسەڵات، پێشێلکردنی جددیی ئازادیی ڕادەربڕین پێکدەهێنێت.

دیسان ئەو ڕاستییەی کە ئەم کردارە لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی تیرۆریزمە، کە بە هۆی چالاکییەکانی حیزبە سیاسییەکانی بەرپرسانی هەڵبژێردراووەوە دەستپێکردووەو ئەو شارەوانییانە دەکاتە ئامانج کە بە زۆری لەلایەن بزوتنەوەی سیاسیی کوردەوە بەدەستیانهێناوە، زیان بە ئازادیی کۆمەڵەی دەنگدەرانو بەرپرسانی هەڵبژێردراو دەگەیەنێت. ئەوەی کە بانگەشەی هەڵبژاردنو نارەزایەتیو لێدوانی ڕۆژنامەوانی، کە لەلایەن هەدەپە یان دەبەپەوە ڕێکدەخرێن، دەبنە زەمینەی دەرکردن لە پۆستەکانیان، پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، هەروەها مافی کۆبوونەوەو گردبوونەوەو خۆپیشاندانە.

لە کۆتاییدا دەرکردنی کەسێک، کە هیچ بەربەستێکی هەڵبژاردنی نییە یان سزای نییە، پێویستە ڕێکارێکی ئیداریی کاتی بێت. ئەو کردەوانەی کە پەیوەندییان بەو دەسەڵاتی پارێزگاریکردنەوە هەیە، سروشتێکی کاتییەو پێویستە بە شێوەیەکی سنووردار لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ناگونجێت لەگەڵ گریمانەی بێتاوانی، کە بە تەواوی لە ماددەی ١٥ی دەستووردا پارێزراوە، ڕێگریکردن لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی، کە هیچ بەربەستێکیان لە بەردەم هەڵبژاردندا نییە لە کردنی ئەرکە هەڵبژێردراوەکانیان، ئاماژەیە بۆ سزادانی بەکۆمەڵ.

لە ڕاستیدا دەنگدەران دانانی قەیوم وەک پێشێلکردنی مافەکان دەبینن. (٪٧٧)ی دەنگدەران ئەم کارە وەک

دەستتێوەردانێک لە مافی دەنگدانو هەڵبژاردن لێکدەدەنەوە. دیسانەوە ڕێژەی ئەو دەنگدەرانەی کە پێیان وایە دانانی قەییوم کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ئازادیی ڕادەربڕین هەیە، (٧٥.٩٪) یە. ئەم بۆچوونە کە بە ڕێژەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاستی خوێندن زیاددەکات، لە ناو دەنگدەرانی خوێندنی ئاستی دەرچوو دەگاتە (٧٦.٩٪).

ئەم ڕێژەیە تەنیا لەو دەنگدەرانە پێکنایەت کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی پێشوودا دەنگیان بە هەدەپە داوە. نزیکەی (٦٠٪)ی دەنگدەرانی جەهەپەو (٦٤.٣٪)ی دەنگدەرانی پارتی باشو نیوەی ئەو دەنگدەرانەی کە ڕایانگەیاندووە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دەنگیانەداوە، پێیان وایە کە دانانی قەییوم کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ئازادیی ڕادەربڕین هەیە.

## ئەنجام

o- لەگەڵ مافی دەنگدانو هەڵبژاردن، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی کۆبوونەوەو مافی ئۆتۆنۆمیی حکومەتە خۆجێییەکان لە ڕێگەی دانانی ئەمیندارو قەییومەوە کراوە. تورکیا لە کاتێکدا هەڵبژاردنێکی نوێی شارەوانییەکان دەکات، کە هەم پێشێلی یاساو دەستوور دەکاتو هەم ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی کە واژووی پابەندیی لە سەر کردوون.

o-دانانی قەییوم وەک پراکتیکێک لە سەر بنەمای "سەرلەنوێ ناوەندگەرایی" لەو شارانە جێبەجێدەکرێت کە کورد بە چڕی تێیدا دەژی. ئەم پراکتیزەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بە قۆرخکردنی ئیرادەی خەڵک لە شارە کوردییەکانو نەهێشتنی نوێنەرایەتیی خۆجێیی، حکومەتی تاکڕەویی بەهێزترکردووە.

**بنەمای دانانی قەییوم بۆ بەهێزکردنی بنەمای لامەرکەزی نییە؛ ئامانجی ئەوەیە کە لامەرکەزیەت ناکارامە بکات، هەربۆیە پێچەوانەی چوارچێوەی لامەرکەزییە، کە دەستوورو لێکدانەوەکانی دادگای دەستووری لە سەر ئەم پرسە کێشراوە.**

o-دامەزراندنی قەییوم دەبێتە هۆی پچڕان لە خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکانو پشتگوێخستنی پێداویستییەکانی دینامیکی ناوخۆیی. ئەم کردارە دۆخی خراپی ناوچەکە بەرانبەر بە ئەنقەرە قووڵتردەکاتەوە. نابێت ئەوە لەبیربکرێت کە کۆنترۆڵی دیموکراسی لە خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکانیشدا لە ڕێگەی دانانی قەییومەکانەوە نەهێڵراوە. لەم ڕووەوە لێپرسینەوەو شەفافیەتی حکومەتە خۆجێییەکان سنووردارکراوەو کۆنترۆڵی بەکارهێنانی سەرچاوەکان مەحاڵ بووە. لە ئەنجامدا هەواڵەکان سەبارەت بەو یارمەتییە نایاساییانەی کە پێشکەش بە

گرووپە جیاوازەکان دەکرێن و ئەوەی کە مولکوماڵی خاوەندارێتیی شارەوانییەکان بە شێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشرێن، دەگوازرێنەوە، یان بە شێوەیەکی نایاسایی تەرخاندەکرێن، بووە بە هەواڵی میدیاکان، بەم شێوەیە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی هەردوو دەسەڵاتی کارگێڕی و دادوەری لە ناوچە کوردییەکاندا لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەهێزتربووە.

o-دانانی قەیومەکان، ئەنجامی ناساندنی چالاکییە سیاسییەکانی سەرۆکشارەوانییە هەڵبژێردراوەکانە وەک تاوانێک، کە بریتییە لە جێبەجێکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان، ئەو دەستەواژانەی کە لە بەیاننامە ڕۆژنامەوانییەکاندا بەکاریدەهێنن، ئەو کۆبوونەوە و ڕێپێوانانەی کە ئامادەیدەبن. بەستنەوەی ئەمە بە دانانی قەیومەکانەوە دەبێتە هۆی دووبارە ناوەندگەرایی حکومەتە خۆجێییەکان لە ڕێگەی دانانی ئارەزوومەندانەوە.

o-ئەو قەیومانەی کە بە نزیکەیی تەنیا بۆ ئەو شارەوانییانەی کە بزوتنەوەی سیاسیی کورد بەدەستیانهێناون، دانراون، بەکارهێنانی زمانی کوردییان لە کایەی گشتیدا سنووردارکردووە. جگە لە چالاکییە هونەری و کولتوورییەکان بە زمانی کوردی، پراکتیکەکانی وەک پەروەردەی کوردی و فرەزمانی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەک لە پەناگەکانی ژنان یان باخچەی مندالان، بە هۆی دانانی قەیومەکانەوە نەهێڵراون. بەم شێوەیە ئەو خزمەتگوزارییانەی کە کەمایەتییە ناوخۆییەکان، منداڵان، ژنان و گرووپە ئایینییەکان لە کایەی گشتیدا وەریدەگرن، سنووردارببوونەو لە هەندێک حاڵەتدا بە تەواوی نەهێڵراون.

o-جگە لەوەی دانانی قەیوم پێچەوانەی یاسایە، لە هەمان کاتدا وەک هەنگاوێک بەرەو دوورخستنەوەی سیاسەتی کوردی لە زەمینەی سیاسیی یاساییدا زیان بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. کاریگەرییەکانی پاڵنانی نەک تەنیا نوێنەرانی سیاسی، بەڵکو خودی دەنگدەرانی کورد لە گۆڕەپانی سیاسیی یاسایی، ئەوەندە جددییە کە ئەنجامەکانی زۆر لەوە زیاترە کە کێشەی حکومەتی خۆجێیی بێت.

**بەگوێرەی پەیماننامەی خۆبەڕێوەبەری و ئیدارە خۆجێییەکانی ئەوروپا، کە تورکیایش واژوویکردووە لە سەر جێبەجێکرنی، "ئەو دەسەڵاتانەی کە بە ئیدارە خۆجێییەکان دراون، بە شێوەیەکی ئاسایی تەواوو تایبەتن. جگە لەو حاڵەتانەی کە لە یاسادا دیاریکراوە، ئەم دەسەڵاتانە ناتوانرێت لەلایەن حکومەتی ناوەندی یان ناوچەییەکانی دیکەوە لاوازبکرێن، یان سنووردار بکرێن."**

o-پێشبینیدەکرا دانانی قەیوم سنووردار بێت بە باری نائاساییو گەڕانەوەی ڕێکخستنی کارگێڕیی تورکیا بۆ ئەو چوارچێوەیەی کە لە دەستووردا کێشراوە، بەڵام وا دیارە دەسەڵاتی ناوەندی دەیەوێت تەنانەت ڕەوایەتیی دەستووری بدات بە دانانی قەیوم لەلایەن وەزیری ناوخۆوە، لە جێگەی سەرۆکشارەوانییە هەڵبژێردراوەکان.

o-چاونوقاندنی لایەنی سەرەکیی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە دانانی قەییوم، هێمایە بۆ نەبوونی جیاوازیی تێڕوانینی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵات بۆ ئەو بارودۆخە.

**هەرچەندە بە گوێرەی ماددەی ١٢٧ی دەستووری تورکیا لادانی هەر کەسێک لە پلەو فەرمانبەری حکومی بە بڕیاری دادگا دەبێت، لە جێگەی سەرۆکشارەو انییە هەڵبژێردراوەکان قەییوم دادەنێت، بەڵام بەشی دووەمی هەمان ماددە، دەسەڵاتیداوە بە وەزیری ناوخۆ بۆ "ڕاگرتنی دەستە کارگێڕییە خۆجێییەکان یان ئەندامانی ئەو ئۆرگانانەی کە لێکۆڵینەوە یان لێپێچینەوەیان لێ دەکرێت لە سەر تاو انێکی پەیوەست بە ئەرکەکانیانەوە، تا بڕیاری کۆتایی لە سەریان دەدرێت."**

o-مەترسییەکی نزیک هەیە، کە ئەم کارە نایاساییە کاریگەریی لە سەر ئەو شارەوانییانە هەبێت کە هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان تێیدا سەردەکەون. لەم ڕووەوە پێشنیاردەکرێت هەنگاوی پێویست لە پەرلەمانەوە بگیرێتەبەر بۆ دانانی سنوورێک بۆ دەسەڵاتی ناوەندی.

o-گرنگە دەمپارتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو مافی مرۆڤ لێکۆڵینەوەی قووڵ لە سەر کاریگەرییەکانی دانانی قەییوم لە سەر حکومەتە گشتیو خۆجێییەکان بکەن، بۆئەوەی خەڵک وشیاربکەنەوە بۆ ڕێگری لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی دانانی قەییوم لە جێگەی سەرۆکشارەوانییە هەڵبژێردراوەکان.

---

**لینکی بابەتەکە لە ئینەرنێت**

http://spectrumhouse.com.tr/wp-content/uploads/2023/12/POLITIKA-RAPORU_KAYYUM_SHE.pdf

# کێ ئیسلامییە کوردەکان لەئامێزدەگرێت؟

نووسینی: نوسینی: ڕوشەن چاکر (Ruşen Çakır)
وەرگێڕانی: سەرکۆ عەلی عەبدولقادر

**ڕوشەن چاکر (Ruşen Çakır)**

ڕۆژنامەوانی تورک؛ ڕوشەن چاکر لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢ لەدایکبووە ساڵی ١٩٨٥ لە گۆڤاری نۆکتا (Nokta Dergisi) دەستی بە کاری ڕۆژنامەوانی کردووە. لە هەریەک لە ڕۆژنامەکانی (Tempo, Cumhuriyet, Vatan, Milliyet)و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی (CNN Türk, NTV, HaberTürk) کاری ڕۆژنامەوانیی کردووە. بەڕێوەبەرو پێشکەشکاری پرۆگرامی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیو جیهانی ئیسلامی (Demokrasi, Sivil Toplum ve İslam Dünyası programı) بووە لە وەقفی توێژینەوە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا ( Türkiye Ekonomik ve Sosyal Etüdler Vakfı). لە زانکۆی مەرمەڕە وانەی ئیسلامیی سەردەمیانەو هزری سیاسیو تورکیا (Çağdaş İslamî Siyasî Düşünce ve Türkiye) وتووەتەوە. ئێستا زیاتر لە ڕێگەی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە درێژە بە چالاکیو کارە ڕۆژنامەوانییەکانی دەدات.

## سەرەتا

هاوینی دوای هەڵبژاردنە خۆجێیەکانی ساڵی ١٩٩٤ لە تورکیا، زنجیرەیەک بابەتم لە سەر "عەلەویزم"٢ بۆ ڕۆژنامەی میللیەت٣ دەنوسیو لەو کاتەدا چوومە ئەوروپا بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕێکخراوە عەلەوییەکاندا کۆببمەوە. زۆر چاوپێکەوتنمدەکرد، بە تایبەت لە ئەڵمانیا. بە ڕێکەوت ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەیەکم بینی بە ناوی

"کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراسی"، کە لە بەرلین بەڕێوەدەچێت، ئەم ناونیشانە سەرنجیڕاکێشام، کە لە ڕۆژنامەیەکی نزیک لە پەکەکە لە دەرەوەی وڵات دەردەچوو، بڵاوکرایەوە، بۆیە منیش ڕۆیشتم بۆ کۆبوونەوەکە.

ئەم بۆنەیە "پەکەکە" ڕێکیخستبوو. کۆبوونەوەیەک بوو کە ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی تورکیای تێدا بوو، بەڵام بە گشتی خەڵکی ناوچەکە، واتە عێراقو سوریاو ئێران هاتبوون، کۆبوونەوەکە بە تەواوی بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچوو. لە کاتێکدا ئەوان لە هیچ تێنەدەگەیشتن، گوێیان لەو تۆمارە دەنگییە دەگرت کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ کۆبوونەوەکە ناردبووی، ئۆجەلانیش بیری خۆی دەربارەی "ئیسلامی دیموکراسی" خستبووەڕوو، ئاماژەی بە مێژووی ئیسلامو ... هتد دەکرد.

ڕێک ٢٠ ساڵ دوای ئەم ڕوداوە، واتە لە ساڵی ٢٠١٤، لە ڕۆژانی ١٠-١١ی ئایار لە ئامەد کۆبوونەوەیەک بە ناوی "کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتیک" بەڕێوەچوو. ئەم جارەیان ئەو ڕوداوە بە هەمان ڕوانگەوە لە ئامەد ڕوویداو پەیامی ئۆجەلان لە کۆنگرەکەدا خوێنرایەوە، پەیامێک لە ئیمراڵی ٤ لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، بە ڕەزامەندیی دەوڵەت، ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ بەشداربوانی کۆبوونەوەکە تێگەیشتنێکی خۆی بۆ ئیسلام ڕوونکردەوە، کە تێیدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش خەڵک لە بەرانبەر بزوتنەوە سەلەفییە عەرەبییەکانو شیعەی ئێرانی جەختی لە سەر ئیسلامو ئایینێک دەکردەوە کە لە خزمەتی خەڵکدا بێت.

ئەم ڕوداوە لە ساڵی ١٩٩٤ بوو، لە سەردەمێکدا کە پارتی "ڕەفا"٥ لە هەڵکشاندا بوو، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانو ئەمەی دەرکەوتو ئیسلامی سیاسی لە پرۆسە سیاسییەکانی تورکیاو لە جیهاندا قورسایی زیاتریان وەرگرت. قۆناغێک بوو کە پەکەکە لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی سارددا هێواش هێواش دەستیکرد بە دوورکەوتنەوە لە دوایین گوتاری. لێرەدا ڕوداوێکمان بینی، کە تێیدا پەکەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕووبەڕووی واقیعی ئیسلام دەبێتەوە. وەک لە تورکیادا دەزانرێت کورد بە تێکڕا پێکهاتەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئایینەوە، بەڵام دژی ئەمە، ڕێکخراوی پەکەکە هەر لە سەرەتاوە بە هێڵێکی زیاتر مارکسیانەو ماتریاڵیستیانە مامەڵەیکردووە. سەبارەت بە ئایین بە تایبەتی، ئەگەر هەڵوێستی نەرێنی نەبووبێت، ئەوا هیچ شتێکی ئەرێنیی نەکردووە.

پەکەکە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە تێڕوانینی خۆی بۆ ئایینو بە تایبەت بەرانبەر بە ئیسلامییە کوردەکان نەرمترکرد. بێگومان ئەم نەرمبوونە نەک هەر لە کردەوەکانی پەکەکەو ئۆجەلاندا، بەڵکو لە تێڕوانینی

ئەو پارتو ڕێکخراوانەی کە نزیکن لە پەکەکەو لە تورکیادا بە شێوەیەکی یاسایی چالاکییان هەیە، هاتەئاراوە. بە تایبەت لە ساڵی ٢٠١٥دا کە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە هەڵکشانێکی زۆر گەورەدا بوو، دەبینین لەوێ بەشدارییەکی ئایینی زۆر چالاکتر هەبووە.

بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ٢٠١٥دا، لە ژێر دروشمی بەتورکیاییبوون (Türkiyelileşme) لە هەموو تورکیاداو لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی لە ئامێزگرتنی خەڵکی ئیسلامی کوردەوە زۆر چالاکیی گرنگی کرد. هەندێک کەسایەتی هاتنەپێشەوە، لەوانەش: ئاڵتان تان (Altan Tan)و ئایهان بیلگەن (Ayhan Bilgen)، ئەم دوو کەسایەتییە کە پاشخانێکی ئیسلامییان هەبووە، هەم وەک پەرلەمانتارو هەم تا سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی هەدەپە پۆستیان وەرگرتووە. هەمیشە ژمارەیەک کەسایەتیی پاشخان ئیسلامی، یاخود پارێزکار؛ لە ژینگەی هەدەپەو پارتەکانی پێش خۆیدا هەبوونە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لە قۆناغی بوونی هەدەپەدا ئەم دیاردەیە تۆختربووەوە، بۆ نموونە: لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ساڵی ڕابردوودا هودا کایا (Hüda Kaya)، عومەر فاروق گەرگەرلی ئۆغلو (Ömer Faruk Gergerlioğlu)، نیعمەتوڵلا ئێردۆغموش (Nimetullah Erdoğmuş)، بە پاشخانێکی ئیسلامیو پارێزکارییەوە لە سەر لیستی هەدەپە وەک چوونە پەرلەمانی تورکیاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت بارودۆخ کەمێک گۆڕابێت، ئەوانەی خاوەنی پاشخانی ئیسلامی بوون، ئێستا بە جۆری دیکەو لە ژێر ناوی دیکەدا چالاکیدەکەن. ئێستا کاتێک سەیری ئەو ناوانە دەکەین کە لە لیستی هەدەپە-پارتی چەپی سەوز (یەسەپە) لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ڕابردوودا هەڵبژێردراون، ناوانێک نین کە خاوەن کەسایەتییەکی پارێزکار بن، یاخود بە ناسنامەی ئایینی بناسرێنەوە. ئێستا عومەر فاروق گەرگەرلی ئۆغلو زیاتر بە کەسێکی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ ناسراوە نەک کەسایەتییەکی ئیسلامی، بەڵام هێشتا دەکرێت لە گرووپی ئیسلامییەکان دابنرێت.

هەروەها مەهمەت کاماچ (Mehmet Kamaç) وەک پەرلەمانتاری هەدەپە/ یەسەپە لە ئامەد هەڵبژێردرا. کاماچ سەرۆکی پارتی مرۆڤو ئازادییە (İnsan ve Özgürlük Partisi)، کە بە درێژکراوەی باڵی مەنزیل (Menzil Kanadı)ی٦ی حیزبوڵڵای کوردی لە تورکیا٧ ناسراوە. بە واتایەکی تر، هەروەک چۆن پارتی داوای ئازاد (Hür Dava Partisi (Hüdapar (هوداپار) وەک درێژکراوەیەکی باڵی زانست (İlim Kanadı)ی٨ حزبوڵڵا دەبینرێت، پارتی مرۆڤو ئازادییش ڕکابەری هوداپارە، مەهمەت کاماچیش کەسێکە کە پێشتر

بەم هۆیەوە زیندانیکراوە، بەڵام دەوترێت لە چوارچێوەی هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی تردا پارتی مرۆڤو ئازادیی دامەزراندووە، نەک بە هۆی ناسنامە ئیسلامییەکەیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وەک کەسێکی خاوەن ناسنامەی ئیسلامی مامەڵەدەکات.

جگە لەوەش، بۆ نموونە: لە باتمان نورەدین ئێرتوغروڵ (Nurten Ertuğrul) هەبوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا بە جیاوازییەکی کەم شکستیهێناو نەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێتو هەڵنەبژێردرا. لە دوای ئەویش ئەکرەم باران (Ekrem Baran)؛ سەرۆکی کۆمەڵەی هاوکاریو هاوپشتی زانایانی ئایینی (DİAYDER)یش سەرنەکەوت بۆ پەرلەمان، وەک دیارە کۆمەڵەی "دیایدەر" ئەمانە کەسانێکن لەوانەی کە کاتێکی زۆریان لە زیندان بەسەربردووەو دۆسیەکانیان بەردەوامە بە ئەکرەم بارانیشەوە. ئەکرەم باران ساڵو نیوێک زیندانیکراوە، بەڵام نەدەکرا لە شوێنێکەوە هەڵبژێردرێت، کە هەڵبژاردنی قورس بوو.

## ئیسلامییە کوردەکان ئامانجی سەرەکیی هەڵبژاردنی شارەو انییەکان دەبێت

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کە ٣١ی ئازاری ٢٠٢٤ بەڕێوەدەچێت، بە شێوەیەکی زۆر جددیتر، پرسی سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی دەنگی ئیسلامییە کوردەکان لە لوتکەی کارنامەی کارو پرسی رۆژی تورکیادا دەبێت. ئێمە دەزانین کە حکومەت لە سەر ئەم بابەتە هەنگاوێک دەنێت. هوداپاری بردووەتەناو پێکهاتەی خۆیەوە، لە لیستی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) ٤ کاندیدیدیان بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئەمە لە خۆیدا خاڵێکی گرنگە. وەزیری ناوخۆی کابینەی پێشووی حکومەتەکەی ئەردۆغان؛ سولەیمان سۆیلو، ئەمەی بە "پرۆژەیەکی دەوڵەت" وەسفکرد. ئەم لەخۆگرتنەی هوداپار لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە بەو مانایە دێت کە لە قۆناغی داهاتوودا هەندێک دەستتێوەردان لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتدا (باکووری کوردستان) لە چوارچێوەی پرسی کورددا ڕوودەدات، کە هوداپار بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشداریی دەبێت. ئەم دۆخە نابێت وەک پرسێکی سادەو ساکار وەربگیرێت. ئاییندارى تایبەتمەندییەکی زۆر دیارە لە ناو کوردو دەنگدەرانی کورددا. دەسەڵاتی وەبەرهێنان لەم کارەدا، هەڵبەت ئاکپارتی هەمیشە دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەبووە، لە باشووری رۆژهەڵات هەمیشە لە هەندێک ناوچەدا یان لە دوای هەدەپە بووە، یان پێش هەدەپە بووە.

ئاکپارتی لە ئایندەدا ئەم بابەتە زۆر زیاتر دەخاتە بەرنامەی کارەوەو دەبێتە پرسێکی گەرمی رۆژ. پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە، ئەوەی کە وتەبێژانی حکومەتو بە تایبەت ئەردۆغان

پرسی هاوڕەگەزبازی (LGBT) ئەوەندە بەکاردەهێنن‌و بەردەوام باسیدەکەن، نابێت ئەم ڕەهەندە بەکەمسەیربکرێت. بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هاوڕەگەزبازی لەلایەن دەوڵەتەوە بە تایبەتی لە ناو ئیسلامییە کوردەکاندا دەنگدانەوەی دەبێت‌و لە هەمان کاتدا هەواڵ‌و لێدوانەکان سەبارەت بە نزیکبوونەوەو هاوسۆزی هەدەپە-یەسەپە (دەمپارتی) بۆ مافی هاوڕەگەزبازان لە سەر ئەم پرسە دەبێتە هۆی هەندێک لێکترازان. پێدەچێت ئەردۆغان لێرەدا بۆشاییەکی هەدەپەی دۆزیبێتەوەو بەردەوامیش دەبێت لە بەکارهێنانی‌و دەبینین لە قۆناغی داهاتوودا، لە کاتی هێنانی ئەم بابەتە بۆ بەرنامەی کار سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستوور، دەبێت یەکلاییبوویێتەوە کە پشتیوانیی ئیسلامییە کوردەکان وەردەگرێت، بە تایبەت لە دۆخی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا.

**پەکەکە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە تێڕوانینی خۆی بۆ ئایین‌و بە تایبەت بەرانبەر بە ئیسلامییە کوردەکان نەرمترکرد. بێگومان ئەم نەرمبوونە نەک هەر لە کردەوەکانی پەکەکەو ئۆجەلاندا، بەڵکو لە تێڕوانینی ئەو پارت‌و ڕێکخراوانەی کە نزیکن لە پەکەکەو لە تورکیادا بە شێوەیەکی یاسایی چالاکییان هەیە، هاتەئاراوە.**

## گەڕانەوەی پەکەکە بەرەوە ئیسلامییە کوردەکان

دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتیی کۆمار، جەمیل بایک؛ سەرۆکی دیفاکتۆی پەکەکە، ئەگەر ئۆجەلان ئەژمارنەکەین، لە چاوپێکەوتنێکی درێژخایەنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنیدا کۆمەڵێک دەستەواژەی بەکارهێناوە کە شایستەی لێوردبوونەوەو ڕاڤەکردنە.

لە بابەتی ئیسلامییە کوردەکاندا جەمیل بایک دەڵێت: "ئاکەپە سوکایەتی بە خەڵکی دیندار دەکات. لە دەوری خۆی کۆیاندەکاتەوە، پێویستە لە دژی ئەمە بجەنگین. ئەم بابەتە لە تورکیا بەهێزە، پرسێکی گەورەیە. ئەوەی نەتوانێت ئەمە ببینێت، ئەوا ناتوانێت بەو پێیە سیاسەت دابڕێژێت، ئەگەر نەتوانن ئەم کۆمەڵگایە لەباوەشبگرن، ئەوا لە تورکیادا ئەنجامێکی سەرکەوتووتان دەستناکەوێت."

من پێم وایە ئەمە بابەتێک نییە پشتگوێبخرێت، لە کاتێکدا ناوێکی وەک جەمیل بایک لە هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردندا ئەم پرسە بوروژێنێت‌و بیخاتە بەرنامەی کارەوە. جەمیل بایک دەڵێت: "با دیدی ئیسلامی دیموکراسیی ئۆجەلان جێبەجێبکەین، بۆئەوەی ڕێگری لە خراپبەکارهێنانی ئایین لەلایەن ئەردۆغانەوە بکەین." لێرەدا یەکێک لە هەڵسەنگاندنە گرنگەکانی

بزوتنەوەی کوردی لە هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکانیدا، بە لایەنی کەمەوە پێدەچێت ئەمە لە قەندیلدا بەو جۆرە بێت، پێی وایە ئەو ڕەوتەی کە بۆشایی لەگەڵ کوردی دینداردا دروستکردووە، پێویستە نەمێنێتو دابخرێت. ئەمە پێویستە بە جددی ئاماژەی پێ بدرێتو دەتوانین چاوەڕوانی هەندێک جوڵە لە هەدەپە یان یەسەپە بکەین لە ماوەی داهاتوودا، بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەو قەرەبووکردنەوەی ئەوەی کە کراوە، بەڵام کێشەیەکی زۆر جددی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە چۆنو لەگەڵ کێدا ئەم کارە دەکەن، چونکە هەندێک ناڕەزایی هەبوو لە سەر ئەم بۆچوونە. دەوترێت زۆرێک لەو ناوانەی کە ناسنامەیەکی دیاری پارێزکاریان هەبووە، کە لە لیستەکانی هەدەپە-یەسەپەدا داوای کاندیدبوونیان کردووە، یان ڕەتکراونەتەوە، یان لە شوێنێک دانراون کە نەتوانراوە هەڵبژێردرێن. بۆچوونێک هەیە لە ناو کوردە ئیسلامییەکاندا، کە هەست بەوە ناکەن نوێنەرایەتی تەواویان دەکرێت. جگە لەوەش، لەو هەڵسەنگاندنانەی کە کراوە، شتێک هەیە کە هەمیشە وتراوەو لە ڕاستیدا هەدەپەیش لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیگوت کە هەندێک کێشەی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی ڕێکخراوەکەدا لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە. لێرەدا پێدەچێت پرسی ئایینو ئیسلام بێتە بەردەممان. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ڕەنگە شاهیدی جەختکردنەوەیەکی زیاتر لە سەر ئەم پرسانە بین، چونکە ئەو کارانە کە بە مەنتقێکی زۆر مەرکەزییانە کراون، ئاماژەن بۆ ئەمە.

**هەمیشە ژمارەیەک کەسایەتیی پاشخان ئیسلامی یاخود پارێزکار لە ژینگەی هەدەپەو پارتەکانی پێش خۆیدا هەبوونە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لە قۆناغی بوونی هەدەپەدا ئەم دیاردەیە تۆختربووەوە.**

ئێستا ناتوانرێت پێشبینیی ئەنجامەکانی ململانێو ڕووبەڕووبوونەوەی هوداپار بکرێت، بەڵام لە داهاتوودا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕەنگە بزوتنەوەی کوردی ببنە خاوەنی کۆمەڵێک گوتاری ئایینی کە ڕێگەیان بۆ خۆشبکات، یان خۆیان لە لێدوانێک بپارێزن کە ئەگەری ئەوەی هەیە خەڵکی دیندار نیگەرانبکات. بێگومان ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی لێکترازانێکی دیکە لە ناو ئەم بزوتنەوە زۆر جددییەدا. لەبەرئەوەی هاوسەنگیی زۆر ورد لە ناو ئەمەدا هەیە، چەپ هێشتا زۆر بەهێزە، جگە لە ئیسلامی سوننە، کوردی عەلەویش زۆر بە جددی بەشدارن لەم بزوتنەوەیەدا… ئەوەندەی لەم قۆناغەدا دەبینرێت، پێناچێت سەرکردایەتییەک هەبێت کە

بتوانێت هەموو ئەمانە بە هاوئاهەنگی کۆبکاتەوە. بۆ نموونە: سەلاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە، زۆر وریا بوو لەم پرسانە، لەو لێدوانانەی پێش وازهێنان لە پۆستەکەی دابووی، هەندێک کەس تێبینیانکردووە. زۆر وریا بووە لە بەکارهێنانی زمانێکی ئیسلامیو توانیویەتی لە کاتی پێویستدا بەکاریبهێنێتو تەنانەت لەلایەن هەندێک کەسو بازنەشەوە بەم هۆیەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. کاتێک وەک خۆی سەیربکرێت، ئەو ئەندامانەی دەوروبەری هەدەپە، کە دەتوانن دیسانەوە ئەم توێژانە بە شێوەیەکی چالاکانە تێکەڵ بە حیزبو بزوتنەوەکە بکەنەوە، لەم قۆناغەدا زۆر دەرناکەون. لە داهاتوودا بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەمە ڕوودەدات یان نا، بەڵام بێگومان یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەی کە پێویستە لێرەدا سەیربکرێت، ئەوەیە کە هەنگاوەکانی حکومەت لە سەر ئەم پرسە چی دەبێت، کارێک نییە تەنها بە هوداپار بکرێت. ڕێکخراوێکی زەبەلاحی کاروباری ئایینی هەیە، بناغەی زۆر جددیی هەیە، مەزهەب هەیە، جەماعەت هەیە. ڕەنگە شایەتحاڵی قۆناغێک بین کە هەموو ئەمانە تێیدا کۆبکرێنەوەو پێم وایە لە قۆناغی داهاتوودا چەندین توێژی جیاواز کێبڕکێدەکەن بۆ بەدەستهێنانی کوردە دیندارەکان.

بێگومان پێویستە تێبینییەک بکرێت. کاتێک سەیری ئەم کێبڕکێیە دەکەین، واتە حکومەتو هەدەپە، وەک خۆی کێبڕکێی نێوان ئاکەپەو هەدەپە کە دەستیپێکرد، پێدەچێت بە سەرختنی کوردی دیندار چڕتربێتەوە.

**لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کە ٣١ی ئازاری ٢٠٢٤ بەڕێوەدەچێت، بە شێوەیەکی زۆرجددیتر، پرسی سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی دەنگی ئیسلامییە کوردەکان لە لوتکەی کارنامەی کارو پرسی ڕۆژی تورکیادا دەبێت.**

ئەمەش وەک پرسیارێکی زۆر جددی پێویستە وەڵامبدرێتەوە. بە واتایەکی تر، لە ئەگەری ئەوەی کە بزوتنەوەی کوردی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئۆپۆزسیۆن، ئۆپۆزسیۆنی دامەزراوەیی دووربکەوێتەوەو تا ڕادەیەکی دیاریکراو لە حکومەت نزیکبێتەوە، کە پێدەچێت لەم قۆناغەدا دوور بێت، بەڵام ناتوانرێت بگوترێت کە هەرگیز ڕوونادات، کوردی دیندار دەتوانێت بە جۆرێک لە نێوەندگیری مامەڵەبکات.

---

**پەراوێز**

١.میدیاسکۆپ پلاتفۆرمێکی میدیاییە، کە لە ٢٠ی ئابی ٢٠١٥ ڕۆژنامەنوس؛ ڕوشن چاکر، دایمەزراندووەو بە شێوەیەکی سەرەکی بابەتی سیاسی لە ڕێگەی یوتیوبو کەناڵەکانی پۆدکاستەوە پەخشدەکات.

٢.ڕەوتێکی ئایینی سەر بە مەزهەبی شیعەیە، کە لە تورکیاشدا هەن، هاوشێوەی وڵاتانی دیکە.
٣.یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی میللی لە ١١ی شوباتی ١٩٢٦، لەلایەن جێگری سیرت مەحمود سۆیدان، بە مۆڵەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک دەرچووە.
٤.ئیمراڵی دورگەیەکی بچووکی تورکیایە، لە باشووری دەریای مەرمەڕە لە ڕۆژئاوای نیمچەدورگەی ئارموتلو بۆزبورون لە سنووری پارێزگای بورسا. شوێنی زیندانیکردنی ڕێبەری ڕێکخراوی پەکەکە؛ عەبدوڵڵا ئۆجەلانە.
٥.پارتی ڕەفا؛ پارتێکی سیاسیی تورکیایە، بە هۆی ئاراستەی ئیسلامییەوە ناوبانگی دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن نەجمەدین ئەرباکانەوە دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٩٧ قەدەغەکرا.
٦.باڵێک بووە لە ڕێکخراوی حیزبوڵڵای کوردی.
٧.لە تورکیا بە حیزبوڵڵای کوردی ناسراوە، ڕێکخراوێکی چەکداریی ئیسلامیی سوننەی کوردییە، بە شێوەیەکی سەرەکی چەندین چالاکی چەکدارییان لە دژی حکومەتی تورکیاو پەکەکە کردووە.
٨.باڵێک بووە لە ڕێکخراوی حیزبوڵڵای کوردیو هەر لە سەرەتای سەرەتای کارەکانیاندا بڕوایان بە چالاکیی چەکداری هەبووەو لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حیزبوڵڵادا (مێنزیلی) ڕووبەڕووبوونەوەی توندی چەکدارییان هەبووە.

## لینکی بابەتەکە

https://medyascope.tv/2023/07/03/dindar-kurtleri-kim-kucaklayacak/

# بۆچی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تاوانکارییەکان دێنە تورکیا؟

نوسینی: عەلی جان ئولوداغ(Alican Uludağ)
وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە: سامان مستەفا

**عەلی جان ئولوداغ (Alican Uludağ)**

ساڵی ٢٠٠٨ بەشی ڕاگەیاندنی لە زانکۆی ئەگزی تەواوکردووەو لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەرزنجانە، وەک پەیامنێری دادگا لە ڕۆژنامەی جمهوریەتەوە دەستی بە کاری ڕۆژنامەوانی کردووە. پاشان لە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانی (Olay TV)و (ankaragazetecisi.com) کاریکردووە. لە ئازاری (٢٠٢٣)وە وەک پەیامنێری دادگاو دۆسیەکانی لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکار لە سایتی (DW/Türkçe) بەردەوامیی بە کاری ڕۆژنامەوانی داوە.

عەلی جان ئولوداغ کار لە سەر دۆسیەکانی دادگاو ئەنجومەنی دادوەری دەکاتو بە تایبەت بابەتەکانی پەیوەست بە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤو ڕێکخراوە تاوانکارییەکانو هەوڵەکانی داخستنی پارتو ڕێکخراوەکانەوە شرۆڤەدەکات. بە هۆی کاری ڕۆژنامەوانییەوە چەندین داوای یاسایی لە سەر تۆمارکراوەو بە هۆی دوانیانەوە ٢٠ مانگ زیندانیکراوە.

## سەرەتا

لەم دواییانەدا، دەنگوباسی هەڵبژاردنی تورکیا لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تاوانکارییەکانەوە وەک سەنتەری کاروبارەکانیان زوو زوو دەبێتە ڕۆژەڤ. ئەو ئۆپراسیۆنانەی لە دوای دانانی عەلی یەرلی کایا (Ali Yerlikaya) بە وەزیری ناوخۆ لە جێگەی سولەیمان سۆیلو (Süleyman Soylu) کراون، نموونەن لە سەر ڕاستیی ئەو باسانە.

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر سەرکردە، بەڕێوەبەر، ئەندامانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تاوانکارییەکان لە ئەستەنبوڵو شارە جۆراوجۆرەکانی تورکیادا دەستبەسەرکراون. لە دوا ئۆپراسیۆندا، کە لە ١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٣ کراوە، عەلی یەرلی کایا؛ وەزیری ناوخۆی تورکیا، دەستگیرکردنی هەریەکە لە محەمەد زاکیر میاهـ؛ هاوڵاتی بەریتانی، کە لە بەلجیکادا کاری بازرگانی ماددەی هۆشبەری کردووەو لە لیستی سووری داواکراوانی پۆلیسی ئەنتەرپۆڵدا بووەو هاوڵاتی؛ چینی چیێن خوفێنگ (چین شوفێنگ)ی لە ئەستەنبوڵ ڕاگەیاند.

ئاشکرابوونی پێدانی ڕەگەزنامە (مافی هاوڵاتیبوون)ی تورکیا بە هەندێک لەو دەستگیرکراوانە، ڕەهەندێکی تری بە مشتومڕەکان داوە. لەو ئۆپراسیۆنەی لە ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ ڕێکخرابوو، هەریەکە لە "مەکسیمیلیان ڕیڤکین و ناجی ساکی"؛ لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی کۆمانچێرو، کە لە سەنتەری ئوستورالیادا بازرگانی ماددەی هۆشبەریان کردووەو لە لیستی سووری داواکراواندا بووە، دەستگیرکراون. هەروەها ئەوەش ئاشکرابووە کە هاوڵاتیی سویدیی بە ڕەچەڵەک سرپی؛ ڕیڤکین، بە ناوی نیکۆلا ئانکۆڤو بە پاسپۆرتی بولگاریاوە بە ناوی "جەم جانسو"وە ڕەگەزنامەی تورکیی وەرگرتووە.

لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ململانێو پرۆسەی پاکتاوی یەکدییەوە لە نێوان ئەو ڕێکخراوە تاوانکارییانەدا بەشێکی سەرکردەو ئەندامانیان بەرەو تورکیا هاتوون، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەو ئەندامانی ڕێکخراوە تاوانکارەکان کە بە ڕەچەڵەک؛ ڕوس، ئازەریو بەلقان بوون، لە تورکیا کوژراون، هاوتەریب لەگەڵ خزانی ڕێکخراوە تاوانکارییەکان بۆ ناو تورکیا، لە بەندەرەکانیشدا بڕی ماددەی هۆشبەری دەستبەسەرداگیراو زیادیانکردووە. لە ٢٧ی تشرینی یەکەمدا لە بەندەری مێرسین بڕی ٦١٠ کیلۆ کۆکاین دەستیبەسەرداگیراوە، ئەو کۆکاینانە لەو بارە مۆزانەدا دۆزراونەتەوە کە لە ئیکوادۆرەوە هاتبوون. سەدات پەکەر[1] (Sedat Peker)، کە لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبە، ئاماژەی بە بەندەری مێرسین کردووە. هەروەها لە ئەستەنبوڵو بەندەری عەلی ئاغا لە ئیزمیر بڕێکی زۆر ماددەی هۆشبەر دەستیبەسەرداگیراوە.

**ئاسانی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی تورکی**

بۆچی لەم ساڵانەی دواییدا تورکیا بووەتە ئەو وڵاتەی کە ڕێکخراوە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان بە لێشاو ڕوویتێدەکەن؟

بە گوێرەی بۆچوونی شارەزایان، لەگەڵ ئەوەی ئەو دۆخە پاڵنەری زۆرە، بەڵام سێ هۆکاری بنەڕەتی هەیە، ئەوانیش: بارودۆخی گونجاو بۆ سپیکردنەوەی پارە، ئاسان وەرگرتنی ڕەگەزنامەیی تورکیو ئاسانیی وەرگرتنی ڤیزا.

وەرگرتنی ڕەگەزنامە (مافی هاوڵاتیبوون) بۆ بێگانەکان لە تورکیا کارێکی سەخت نییە. لە بەرانبەر بە ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی سەرمایەگوزاری، یان کڕینی موڵکی نەگواستراوە بە بەهای ٤٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی، یان بەگەڕخستنی پرۆژەیەک کە بە لایەنی کەمەوە ٥٠ کەس بخاتەسەرکار، یان خەواندنی ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی لە بانکێکی تورکیادا بەبێ جوڵاندنی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەتوانیت ببیت بە هاوڵاتیی تورکیا. لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تاوانکارەکان کە ڕەگەزنامەیان بەدەستهێناوە، لەلایەن پۆلیسی ئینتەرپۆڵەوە دۆسیەی بەدواداگەڕانیان نەبێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانن چالاکییەکانیان لە تورکیادا بکەن.

فورقان سەزەر (Furkan Sezer)؛ بەڕێوەبەری پێشووی هۆبەی بەرەنگاریی تاوانە داراییەکان لە ئاسایشی گشتیی ئەستەنبوڵ، ئاماژەی بەوە کردووە کە گرنگترین هۆکاری هەڵبژاردنی تورکیا لەلایەن گرووپە مافیاییە بیانییەکانەوە "ئاسان بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی تورکییە"، بە گوێرەی بۆچوونی سەزەر، بوونی تورکیا وەک پردێکی پەیوەندی لە نێوان ئەورووپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئاسیا یەکێکی ترە لە هۆکارەکان. هەروەها فورقان سەزەر ڕایگەیاندووە کە تێبینی ئەوە کراوە، خاوەندارانی پارەی ڕەش (نایاسایی) لە پێشدا ڕەگەزنامە وەردەگرن، دواتر پارە نایاساییەکانیان دەهێننەناو تورکیاوەو دەیخەنەناو سیستەمی داراییەوە. سەزەر جەختی لەوە کردووەتەوە کە هەڵسەنگاندنی ئەو دوو هۆکارە پێکەوە کارێکی سوودبەخشە. ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە هۆکارێکی تر نەبوونی پرۆگرامی ڤیزەیە بۆ زۆربەی وڵاتان لە کاتی گەشتکردنیاندا بۆ تورکیا، واتە بیانییەکان بە ئاسانی دەتوانن ژیانی بازرگانیی خۆیان داخڵبکەنو وەک هاوڵاتییەکی تورکی لە سیستەمی گشتیو داراییی تورکیادا خۆیان دەدۆزنەوە.

سەزەر باسی لە چەمکی ئاشتیی بوون (Varlık Barış)یش[٢] کردووە، کە وەک یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنی بەرپرسو ئەندامی ڕێکخراوە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکانو سپیکردنەوەی پارەکانیان لە ڕێگەی سیستەمی بانکیی تورکیاوە.

## زیادبوونی گواستنەوەی پارەو مرۆڤ لە دوای پەتای جیهانیی کۆرۆناوە (پاندەمییەوە)

ئێستا بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر ئەندامو بەرپرسی ڕێکخراوە تاوانکارییە جیهانییەکانو سپیکردنەوەی پارەو ئاسانکاری بۆیان لە بازرگانیو دەستخستنەناو بازاڕی ڕەشەوە، تورکیا خراوەتە لیستی خۆڵەمێشیی ئەو وڵاتانەی بوونەتە لانکەی ڕێکخراوە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان.

سەزەر گوتوویەتی: لە دوای پاندەمی کۆرۆناوە لە نێوان وڵاتاندا، هەم گواستنەوەی پارەی نایاساییو هەمیش گواستنەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەرچاو لە زیادبووندایە، هەروەها ئاماژەیشی بەوە کردووە لە کاتێکدا کە ئاسانکاریکراوە بۆ هەموو هاوردەو هەناردەیەک، کاری گەڕانو گواستنەوەی مافیاو پارە نایاساییەکانیان لە نێوان وڵاتانیشدا ئاسانکردووە. هەڵوێستی ئێمە لێرەدا ئەوە نیشاندەدات کە چۆنو تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ڕێکخراوە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکانو پارەی نایاساییدا دەجەنگین. هەروەها لیستێکی خۆڵەمێشیی کێشەدارمان هەیە. ئەمە پاڵنەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی هانمانبدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی پارەو ڕێکخراوە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان. ئەگەر بڕیاری ڕێکخراوی توانای کاری دارایی (FATF)، کە سەر بە ڕێکخراوی گەشەپێدانو هاوکاریی ئابووریی نێودەوڵەتییە، کە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤دا دەردەچێت، لە لیتاوی سیاسیو ئایدیۆلۆژیو ئایینیدا نەکرێت بە ژێرپێوە، ئەوا پێدەچێت تورکیا لە لیستی خۆڵەمێشیی ئەو وڵاتانە دەربهێنرێت کە بوونەتە پەناگەی ڕێکخراوە تاوانکارییە جیهانییەکان.

## چوونی ڕێکخراوە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ تورکیا پەیوەندی بەسێ هۆکاری بنەڕەتییەوە هەیە، ئەوانیش: بارودۆخی گونجاو بۆ سپیکردنەوەی پارە، ئاسان وەرگرتنی ڕەگەزنامەیی تورکیو ئاسانیی وەرگرتنی ڤیزا.

ڕێکخراوی (FATF) بە هۆی دەستەپاچەیی لە ڕێگریکردنی سپیکردنەوەی پارەو سەرچاوەی دارایی تیرۆریزمەوە؛ تورکیای خستووەتە لیستی خۆڵەمێشییەوە، بوونی تورکیاش لە لیستی خۆڵەمێشیدا زیانی بە ناوبانگی تورکیا لە لای وەبەرهێنەرە بیانییەکان گەیاندووە.

لەم بارەیەوە ئۆزان بینگۆڵی شارەزای بواری باج، ئەوەی خستووەتەڕوو، بابەتی سپیکردنەوەی پارە دیاردەیەک نییە ئەم دوایيانە زیادیکردبێت، بەڵکو دوو ساڵ

بەر لە ئێستاش بە هەمان چڕی و قەبارە هەر هەبووە، ئەو لەو باوەڕەدایە ئەوەی وای کردووە ئێستا زیاتر بەرچاوبکەوێت، بە هۆی ئەو ئۆپراسیۆنانەوەیە کە لەم دواییانەدا دژ بە چالاکیی پارەسپیکردنەوە دەکرێن.

بینگوێل لەگەڵ ئەوەی دەڵێت: لە تورکیادا زەمینەیەکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی پارەی نایاسایی ڕەخساوە، ئەگەرچی هەموو ساڵێک ئاماژە بەوە دەکرێت یاسایەک بۆ پرۆگرامی ئاشتیی بوون (Varlık Barış) دەردەکرێت، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو یاسایە دەرناکرێت، بەم شێوەیە لە قسەکانی بەردەوامدەبێت:

"ئەو پرۆگرامانە زەمینە بۆ ئاسان داخڵبوونی پارەی سەرچاوە نادیار بۆ ناو سیستەمی دارایی دەستەبەردەکەن. کەسێک کە خاوەنی پارەی نایاساییە (پارەی ڕەش)، لە کاتێکدا ڕازیبێت لە سەدا ١٥-٢٠ باجبدات بۆ سپیکردنەوەی پارەکەی، ئەمەش وا دەکات ئەو جۆرە پرۆگرامە بۆ کەسانی خاوەن پارەی نایاسایی دەرفەتێکی بێوێنە بێت."

بینگوێل ئاماژەی بەوە کردووە کە پرۆگرامی وەک (Stok affı)یش هەیە، کە بونیادی باج دەشێوێنێتو ڕێگە بۆ سپیکردنەوەی پارەی نایاسایی خۆشدەکەن. بەم دواییانە لە ڕێگەی (Stokaffı)و پرۆگرامە هاوشێوەکانیانەوە ئەو پشکانەی هەر نەبوونە، بە پێدانی بڕێکی کەم باج وەک ئەوەی هەبوون، نیشاندران. دواتریش لە ڕێگەی ئەو چەکانەی لە سەر ئەو بڕەپارانە دەبڕدران، پارەی نایاسایی دەخرایەناو سیستەمەکەوە، ئەمەش لە دۆسیەی (Engin Polat)و (Dilan Polat) بە ئاشکرا بەدەرکەوت، بەو واتایەی لە ڕێگەی ڕێکخستنی یاساییەوە زەمینە بۆ ئەو کارە خۆشدەکرێت.

**وەرگرتنی ڕەگەزنامە (مافی هاوڵاتیبوون) بۆ بێگانەکان لە تورکیا کارێکی سەخت نییە. لە بەرانبەر بە ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی سەرمایەگوزاری، بەبێ جوڵاندنی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەتوانیت ببیت بە هاوڵاتیی تورکیا.**

### کەس نییە بپرسێت: "لە کوێت بوو؟ یان لە کوێ دەستتکەوت؟"

بینگوێل ئاماژەی بەوە کردووە، نەپرسینی پرسیاری "لە کوێت دەستکەوت؟" دەرگا بە ڕووی پارەی نایاساییدا دەخاتەسەرپشت. هەروەها دەشڵێت: "لە تورکیادا ئەگەر کەسێک لە پڕ بە ملیۆنان دۆلارەوە بێتو بچێت، کەسێک، دەسەڵاتدارێک، هێزێک نییە بڵێت: بوەستە، ئەو هەموو پارەیەت لە کوێ بوو؟" ئەوەی ئەم دەسەڵاتە لە ساتی هاتنەسەر دەسەڵاتیەوە لە ساڵی ٢٠٠٢دا نەیخستە بواری جێبەجێکردنەوەو لایبرد، بنەمای یاسایی

لە بارەی پرسی "لە کوێت بوو؟"ەوە بوو. بینگوێل ئەوەی بەیانکردووە، پەیوەندیی نزیکی سەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تاوانکارەکان لەگەڵ سیاسییەکاندا لەم کێشەیەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. هێماشی بۆ ئەوە کردووە هۆکارێکی تری زیادبوونی پارەی نایاساییبوونی دەلاقەو بۆشاییو ڕێکخستنە لە بازاڕی دراوە ئەلیکترۆنییەکان (Kripto)دا. ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە زۆر جار بینراوە کە لە کەیسەکانی سپیکردنەوەی پارەدا دراوی ئەلیکترۆنی بەکارهێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە تورکیادا دراوی ئەلیکترۆنی بووەتە گۆڕەپانێکی ڕێکنەخراو، لەم سێکتەرەدا لە پاڵ ئەوەی سالانە ملیۆنان لیرە باج دەفەوتێت، مەترسیی جددیی پارەسپیکردنەوەش هەیە. ڕێکنەخستنی ئەم بوارە وا دەکات نەتوانیت نەپرسیت: ئایا ئەو ڕێکنەخستنە هەڵبژاردنێکی هۆشیارانەو بە ئەنقەستە؟ پێویستە بپرسین بۆچی بەردەوام بۆ فراوانکردنی بنکەی باجەکان چاویان لە سەر کەسانی کەمدەرامەتە، بۆ ئەو جۆرە بوارانە ناخەنەژێر ڕادارەکانیانەوەو نایانبینن؟

**پێویستە چۆن بەرەنگاریی پارەی نایاسایی (ڕەش) بکرێت؟**

بینگوێل ئاماژەی بەوە کردووە، بۆئەوەی بتوانین بەرەنگاری سپیکردنەوەی پارەی نایاسایی ببینەوە، پێویستە دیاردەی سپیکردنەوەی پارەو ڕەهەندەکانی بە باشی تێبگەین. ئەو دەڵێت: "هەڵەکان لە تێڕوانینی بنەڕەتیمان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارەی نایاسایی کاریگەریان دەبێت. پارەی ڕەش (نایاسایی) بەهای ئەو پارەو سامانەیە کە لە تاوانەوە بەدەستدەهێنرێت، داهاتی تاوانیش ئاماژەیە بۆ بوونی تاوان."

**بەرێوەبەری پێشووی هۆبەی بەرەنگاریی تاوانە داراییەکان لە ئاسایشی گشتیی ئەستەنبوڵ، ئاماژەی بەوە کردووە کە گرنگترین هۆکاری هەڵبژاردنی تورکیا لەلایەن گرووپە مافیاییە بیانییەکانەوە "ئاسان بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی تورکییە.**

بینگۆڵ بە ئاماژەدان بەوەی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی مادەی هۆشبەرو قوماری نایاسایی‌و سوو و بەرتیل‌و گەندەڵی‌و بازرگانیکردن بە ئافرەتان‌و چەندین تاوانی دیکەوە بەدەستدێت، پارەی ڕەشە (پارەی نایاساییە)، هەروەها بینگوێل ئەوە بەبیردەهێنێتەوە کە "کەسانێک هەن کە بە ملیۆنان دۆلارەوە، کە دیار نییە لە کوێیان دەستخستووە، دەسوڕێنەوەو لە سۆشیالمیدیاشدا نیشانی دونیای دەدەن."
هێشتا لە تورکیا پارەی سپی‌و پارەی ڕەش

بە باشی لەیەکترجیانەکراونەتەوەو بگرە ئەو بابەتە بایەخێکیشی نییە، کەواتە لە ڕاستیدا پێویستناکات زۆر کەس هەوڵی سپیکردنەوەی پارە بدەن لە تورکیا، چونکە هەر چۆنێک پارەکە بەکاربهێنیت، هیچ میکانیزمێک نییە لێت بپرسێتەوە، بۆیە خاوەنپارەی ڕەش (نایاسایی) پێویستناکات لە تورکیا خەریکی چالاکی سپیکردنەوەی پارە بێت. بە چەشنێک ئەگەر خۆت لە سۆشیالمیدیا بە شێوەیەک نەخەیتەڕوو، کە تەنانەت سوڵتانی کەڕیش بیبیستێتو کوێرترین کەسیش بیبینێت، کەس هەوڵنادات بپرسێت بە پارە ڕەشەکەت چی دەکەیت؟ لە ڕاستیدا تا ئێستا بەشێکی ئەمە بووە. بازرگانیی سپیکردنەوەی پارە؛ بازرگانییەکی ڕێکخراوو پیشەیی و فرەلایەنەیە.

بینگوێل پێشنیاردەکات ئەگەر بە ڕاستی دەویسترێت بەرەنگاریی و شەڕی سپیکردنەوەی پارە بکرێت، ئەوا پێویست بە دوورخستنەوەی "خاوەنی پارەی ڕەش (مافیا)، سپیکەرەوە (ئەوانەی ئایکۆنی گشتین)، بانکدارەکان، کەسانی دارایی، خاوەنپیشەکان، پارێزەرەکان، دادوەرەکان، سیاسییەکان، بیرۆکراتەکان"ە، کە لە بوارەکەدا کاردەکەن. ناوبراو ئاماژە بەوەش دەکات، ئەگەر یەک دوو کەسی دیاری ناو ڕایگشتی یان مافناسێک یان دانپێدانەرێک یان خاوەنپیشەیەک هەبێتو بگیرێت، مانای وایە دانەبەزیونەتە قوڵایی کارەکە،

ئەمەش واتە نەبینینی بەشە ڕاستەقینەو گەورەکەی وێنەکە دێت.

١- خاوەنی چەندین ڕێکخراوی تاوانکاریی و تۆڕی مافیایی تورکیاو جیهانییە. ساڵی ٢٠٢٢ دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی تورکیا سولەیمان سۆیلو، ناچاربوو لە تورکیا هەڵبێت. پەکەر لە ئیماراتەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی سولەیمان سۆیلوو چەندین بەرپرسی پلەباڵای دیکەی تورکیا کە تێوەگلابوون بە هاوکاریی و پاڵپشتی پەکەرو چەندین مافیاو ڕێکخراوی تاوانکاری تورکی و نێودەوڵەتی.

٢-بە گوێرەی نوێترین گشتاندنی وەزارەتی دارایی و گەنجینەی تورکیا کە لە ٩ی ئابی ٢٠٢٢ لە ڕۆژنامەی فەرمی ئەو وڵاتەدا بڵاوکراوەتەوە، ئاشتیی بوون (Varlık Barış) سەرجەم ماڵو سامان لە (پارە، ئاڵتون، پارەی بیانی) دەگرێتەوە کە لە دەرەوە یاخود لە ناوەوەی وڵات هەیەو لە چوارچێوەی سیستەمی دارایی و گەنجینەو باجدا تۆمارنەکراون، یاخود ئەو پارەو موڵکانەی کە باجێکی کەمیان دەخرێتەسەرو ڕێگەیان پێدەدرێت ببرێنە تورکیاوە. سەرچاوە: VarlıkBarışNedir?NasılUygulanır?https://www.pilc.law/tr/varlik-barisi-nedir-nasil-yapilir

## لینکی بابەتەکە

Alican Uludağ, Uluslararası Suç Örgütleri Neden Türkiye'ye Geliyor? DW/Türkçe https://www.dw.com/tr/uluslararas%C4%B1-su%C3%A7-%C3%B6rg%C3%BCtleri-neden-t%C3%BCrkiyeye-geliyor/a-67750250

# چاوپێکەوتن

تورکیاناسی

# چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغڵو

## (Reha Ruhavioğlu)

**سازدانی: تورکیاناسی**



توێژەر، ڕۆژنامەوان، نوسەرو چالاکوانی کورد لە باکووری کوردستان؛ ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغڵو، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ناوەندی توێژینەوەکانی ڕاوێست (Rawest Araştırma Merkezi)، ئێستاش بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوە کوردییەکانە (Kurdish Studies Center KSC). بنکەی سەرەکیی ناوەندەکە لە شاری ئامەدەو توێژینەوە دەربارەی سیاسەت‌و کولتووری کورد لە باکووری کوردستان دەکات.

**تورکیاناسی:** گرنگی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا لە چیدایە؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغڵو:** هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا بۆ پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)و کورد گرنگی‌و بایەخی جیاوازی هەیە. ئاکپارتی‌و ئەردۆغان، کە هەڵبژاردنە گشتییەکانی (٢٠٢٣)یان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند، دەیانەوێت شارەوانیی ئەستەنبوڵیش لە جەهەپەو ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو بسێننەوە. بەم جۆرە هەم سەرکەوتنەکەیان بەهێزتردەکەن، هەمیش ڕێگردەبن لە دروستبوونی

کەسایەتیی کاریزمایی ئیمام ئۆغڵو. لەم ڕوانگەیەوە ئاکپارتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان وەک دەرفەتێک بۆ لاوازکردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن و لێدان لە سەرکردەکانی دەبینێت.

سەبارەت بە جەهەپە وەک بەهێزترین پارتی بەرەی ئۆپۆزسیۆن، دوای شکستی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ پارتەکە کۆنگرەیبەستو بە پشتیوانیی ئیمام ئۆغڵو، ئۆزگور ئۆزێل وەک سەرۆکی جەهەپە هەڵبژێردرا، بۆیە ئەو دوو کەسە هەموو هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ بردنەوەی ئەستەنبوڵ و هەموو ئەو شارەوانییانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩دا جەهەپە بەدەستیهێنان، لەبەرئەوەی قەدەری هەریەک لە ئۆزێل و ئیمام ئۆغڵو پەیوەستە بە بەردەوامیدان بە سەرکەوتنەکانی (٢٠١٩)وە. ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا جەهەپە ئەستەنبوڵ و شارە گەورەکان لەدەستبدات، کەمال کلیچدار ئۆغڵوو پشتیوانانی، کە لە کۆنگرەی پارتەکەیاندا لاوازکران، دەکرێت فشاربکەن بۆ کۆنگرەی نائاسایی پارتەکە، ئەمەش لە پێناو دووبارە گەڕانەوە بۆ کورسی دەسەڵات لە حیزبەکەیاندا. لە لایەکی دیکەوە دۆڕاندنی ئەستەنبوڵ مەترسییەکی گەورەیە لە سەر کەسایەتیی ئیمام ئۆغڵوو ئامادەکارییەکانی بۆ خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٨دا.

گرنگترین خاڵ لەم هەڵبژاردنەدا بۆ کوردەکانیش بەدەستهێنانەوەی ئەو شارەوانییانەیە لە ڕێگەی دەنگەوە کە بە هۆی دانانی قەییومەوە لە جێگەی سەرۆکشارەوانییەکانی لەدەستیداون. هەروەها قەرەبووکردنەوەی لەدەستدانی دەنگەکانی پارتی یەکسانیو دیموکراسی گەلان (دەمپارتی). هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩ بە بەدەستهێنانی ٥ ملیۆن و ٨٦٦ هەزارو ٣٠٩ دەنگ، توانیی (١١.٧٪)ی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەربکات، کەچی لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٢٣دا تەنها ٤ ملیۆن و ٨٠٣ هەزارو ٧٧٤ دەنگی بەدەستهێنا، ئەمەش ڕێژەی (٨.٨٪)ی پەرلەمان دەکات. سەرەڕای بەشداریکردنی یەک ملیۆن و نیو دەنگدەری نوێی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣، کەمبوونەوەی دەنگی هەدەپە بەرپرسانی پارتەکەی توشی شۆک کرد. هەرچەندە هەدەپە کۆنگرەیبەستو هاوسەرۆکان و بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی گۆڕان، بەربژێری شارەوانییەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی لق و ناوچەکانی حیزبەکەوە دیاریکران، بەڵام قورسە بتوانن لەم هەڵبژاردنەشدا ڕێژەی دەنگەکانیان بەرزبکەنەوە. ڕکابەری پارتی ڕەفاهی نوێ (یەرەپە)و پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) بەرانبەر بە ئاکپارتی لە شارە کوردییەکان ڕەنگە سوودی بۆ دەمپارتی تێدا بێت، بەڵام ئاکپارتییش لە ڕێگەی گواستنەوەی شوێنی دەنگدانی

ژمارەیەکی زۆر پۆلیس و هێزی ئەمنییەوە، تا ڕادەیەک گرنتیی بردنەوەی ژمارەیەک شوێنی بەدەستهێناوە.

**تورکیاناسی:** لەم هەڵبژاردنەدا دەمپارتی لە بریی پشتیوانی لایەنێک و دژایەتیی لایەنێکی دیکە، کاندیدی خۆی بۆ شارەوانییەکان دیاریکردووە، کەواتە پشتیوانیی هەدەپە بۆ جەهەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩ هەڵە بوو؟ ئایا بوونی کاندیدی دەمپارتی لە شارە گەورەکان لە بەرژەوەندیی ئاکپارتی نییە!

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغلو:** بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە سایەی پشتیوانیی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩، لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣)یشدا بە شانازییەوە بانگەشەی بردنەوەی دەکرد، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ فشاری دەوڵەت و کێشە ناوخۆییەکانی دەمپارتی و کۆمەڵێک هەڵەی ستراتیژی حیزبەکەی بچووککردەوە، بۆ نموونە: بەرانبەر بە کەمکردنەوەی بەربەستی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ (٧.٥٪) بەدیلێکیان بۆ جۆشدانی جەماوەر نەبوو، کاندیدەکانی؛ هاوڵاتیانیان نەخرۆشاند، بەستنی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی لەگەڵ پارتی کارکەرانی تورکیا (تیپ) بە سوودی ئەو پارتەو زیانی هەدەپە/دەمپارتی کۆتاییهات. هەر بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر دەنگدەری دەمپارتی بایکۆتی هەڵبژاردن یاخود دەنگدان بە کەمال کلیچدار ئۆغڵویان کرد. پشتیوانیی هەدەپە بۆ ئۆپۆزسیۆن هەڵە نەبوو، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکەو تواناکانی هەدەپە ئەو دۆخەی هێنایەئاراوە. هەرچەندە دەکرا لەگەڵ ئەردۆغانیشدا ڕێککەوتنبکرێت، بەڵام ڕەوتی دژەئەردۆغانی لە باکوور زۆر بەهێز بوو، ئەمەش ڕێگر بووە لە ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە.

لەم هەڵبژاردنەشدا دەمپارتی هەوڵیداوە ڕێگەی سێیەم بگرێتەبەر، بەڵام هێشتا بە تەواوی دەستبەرداری پشتیوانیی جەهەپە نەبووە، بۆ نموونە: دەیتوانی لە بریی مێرال دانش بێش، باشاک دەمیرتاشی خێزانی سەلاحەدین دەمیرتاش کاندیدبکات بۆ شارەوانیی ئەستەنبوڵ و دەنگی زیاتری بەدەستدەهێنا. هەروەها لە چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردندا لە ئەستەنبوڵ لە بەرژەوەندیی جەهەپە کاندیدی بەرپێرنەکردووە. ئەم هەڵوێستانەی دەمپارتی دەنگدەرانی توشی سەرلێشێوان کردووە. ئێستا ڕەنگە نزیکەی (٧٥٪)ی دەنگدەرانی دەمپارتی لە ئەستەنبوڵ دەنگ بە ئیمام ئۆغڵو بدەن. ئیمام ئۆغڵو سەربکەوێت، لە سایەی دەنگی کوردەوەیەو بشدۆڕێت، بە هۆی دابەشبوونی دەنگی کوردەوەیە، بەڵام ئەگەر کاندیدەکەی ئەردۆغان و ئاکپارتی؛ مورات کوروم، سەربکەوێت، هیچ منەتێکی دەنگدەری کوردیان ناکەوێتەسەرشان. لەم ڕوانگەیەوە دەمپارتی ستراتیژێکی زۆر مەترسیداری لە ئەستەنبوڵ گرتووەتەبەر.

**تورکیاناسی:** پێشتر دەگوترا ئەوەی ئەستەنبوڵ بباتەوە، تورکیاش دەباتەوە، بەڵام سەرەڕای بردنەوەی ئەستەنبوڵ لە ٢٠١٩، جەهەپە نەیتوانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ بباتەوە، کەواتە دەکرێت هاوکێشەکە پێچەوانەبێتەوەو ئاکپارتی ئەستەنبوڵیش بباتەوە؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغڵو:** بەرەی ئۆپۆزسیۆن و جەهەپە بە هۆی ناکۆکیو ململانێ ناوخۆییەکانیەوە نەیتوانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ بباتەوە. کەمال کلیچدار ئۆغڵو لاوازترین کاندید بوو لەو سێ کەسەی کە چاوەڕێدەکرا یەکێکیان کاندیدی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بن. جگە لەوەیش، پارتی باش وەک پارتێکی نەتەوەپەرست کلیچدار ئۆغڵوی ماندووکردو پشتیوانیی تەواوی نەکرد. پشتیوانیی لەڕادەبەدەری هەدەپەیش بۆ کلیچدار ئۆغڵو بەشێک لە دەنگدەرە نەتەوەپەرەستە تورکەکانی ئاڕاستەی هەڵبژاردنی کاندیدی دیکە کرد، تەواوی دەنگدەری هەدەپەیش دەنگی بە کلیچدار ئۆغڵو نەدا. مورات کوروم وەک کاندیدی ئاکپارتی توانای ڕکابەریی ئیمام ئۆغڵوی نییە. بانگەشەکانیشی بەهێز نین، بوونی کاندیدی یەرەپەیش بۆ ئەستەنبوڵ بەربەستێکی دیکەی بەردەم کاندیدەکەی ئاکپارتییە. تا ڕادەیەک دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئیمام ئۆغڵو دەردەکەوێت، بەڵام هێشتا سێبەری ئەردۆغان بە سەر ئەستەنبوڵەوە ماوە.

**تورکیاناسی:** دوای هەر هەڵبژاردنێک، زۆرێک لە کاندیدە سەرکوتووەکانی هەدەپە/دەمپارتی لەلایەن حکومەتەوە دووردەخرێنەوەو قەییوم لە جێگەیان دادەنرێت. بۆ ئەم هەڵبژاردنەش هەمان پێشهات ڕوودەدات؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغڵو:** دانانی قەییوم یاسایی نییە، دەستتێخستنی سیاسییە، لەبەرئەوە لە هەر ئانوساتێکدا دەکرێت دەسەڵات بەهانە بدۆزێتەوە بۆ دانانی قەییوم، تەنانەت لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەڵگەنامەی بردنەوەی هەڵبژاردنی بە چەند کاندیدێکی سەرکەوتووی هەدەپە نەداوە. تا ئێستا هیچ گۆڕانێک بە سەر سیاسەتی ئاکپارتیدا نەهاتووە، هەر بۆیە دانانی قەییوم لە ماوەیەکی کەم دوای هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئەردۆغانەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە.

**ئاکپارتیو ئەردۆغان هەڵبژاردنی شارەو انییەکان بەدەرفەتێکدەزانن بۆڕێگرتن لە دروستبوونی کەسایەتیی کاریزمایی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵوی کاندیدی جەهەپە.**

**تورکیاناسی:** قەییوم لە هەڵبژاردنەکاندا سوودی بۆ ئەردۆغان دەبێت، یاخود زیانی لێ دەدات؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغڵو:** قەییوم کەسێکی بیرۆکراتەو گرووپێکیش لە دەوروبەری خۆی دەهێنێتە شارەوانییەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دیوارێک لە نێوان خەڵکو شارەوانیدا. بیهێنەبەرچاوت، سەرۆکی شارەوانی یان پارێزگاری سلێمانی لاببرێت، کەسانێک لە بەغدادەوە بنێردرێت بۆ جێگەکەیان. جگە لەمانەش، قەییومەکان تەندەری پڕۆژەکان دەدەن بە کۆمپانیایەک لە شارێکی دیکەیە، واتە نە سوود لە توانای هاوڵاتیانی شارەکە وەردەگرێت، نە قازانجی پڕۆژەکانیشی بۆ خەڵکی شارەکە دەبێت، بەڵام سەرۆکشارەوانیی هەڵبژێردراو بەم جۆرە مامەڵەناکات، لەبەرئەوەی پێویستی بە پشتیوانیی خەڵکە.

لە لایەکی دیکەوە دانانی قەییوم زیانی سیاسیو یاسایی بۆ ئاکپارتی لە ئاستی تورکیادا نابێت، ئەمەش کاریگەریی لە سەر کەمبوونەوەی دەنگەکانی نابێت، ئەمەش ئاسانکاری بۆ دانانی قەییوم دەکات. لێرەدا بەرپرسیاریەتی لە سەر شانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنە. پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دانانی قەییوم وەک لێدان لە پرۆسەی دیموکراسی نابینن، پێیان وایە کێشەیەکە لە نێوان کوردو دەوڵەتداو پێویستناکات قسەی تێدا بکەن. ئەگەر لەگەڵ دانانی قەییوم لە ساڵی ٢٠١٩ جەهەپە لە تەواوی تورکیادا خۆپیشاندانی سازبکردایەو دانانی قەییومی وەک کێشەیەک لە سیستەمی دیموکراسیی تورکیادا ناوزەدبکردایە، ئاکپارتییش بەو ئاسانییە بەردەوام نەدەبوو لە دانانی قەییوم، هەر بۆیە جێبەجێکردنی هەمان سیاسەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵیش ئەگەرێکی بەهێزە.

## دۆڕاندنی ئەستەنبوڵو شارە گەورەکان لەلایەن جەهەپەوە سەرەتایەکە بۆ کوژانەوەی کەسایەتیی کاریزمی ئیمام ئۆغڵوو ئۆزگور ئۆزێل.

**توركیاناسی:** هوداپار لە چەند شارێک کاندیدی هەیەو لە شارە گەورەکان پشتیوانی لە کاندیدی ئاکپارتی دەکات. بە بۆچوونی ئێوە ئەگەر هەیە ئاکپارتییش پشتیوانیی کاندیدەکانی هوداپار بکات؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغڵو:** هوداپار ئەگەر لە شارە گەورەکانیش پشتیوانیی ئاکپارتی بکات، ئەوا لە تەواوی شارەکانی باکووری کوردستانو چەند شارێکی ناوچە تورکییەکانیش کاندیدی خۆی هەیە، تەنانەت لە هەندێک قەزادا بە هۆی کاندیدی یەرەپەو هوداپارەوە ڕەنگە کاندیدی ئاکپارتی بدۆڕێت.

**تورکیاناسی:** پێشبینیی ڕکابەرییەکی سەختی نێوان هوداپارو دەمپارتی لە ناوچە کوردییەکان دەکەن؟

**ڕیحا ڕوحاڤی ئۆغلو:** ئێستا ڕکابەریی هوداپارو دەمپارتی لە سەر ژمارەو ڕێژە نییە، بەڵکو زیاتر ململانێی ئایدۆلۆژیی نێوان ئەو دوو پارتە ڕەنگدانەوەی بە سەر شەقامی باکووری کوردستانەوە هەیە، لە ئاستی تورکیادا ڕکابەریی هوداپارو دەمپارتی تا ڕادەیەک نەهاتووەتەکایەوە، لە هەمان کاتدا ئەگەر ڕێژەی دەنگی هوداپار زیادبکات، ئەوە لە سەر حسابی ئاکپارتییە.

**ڕکابەری یەرەپەو هوداپار بەرانبەر ئاکپارتی لە شارە کوردییەکان ڕەنگە سوودی بۆ دەمپارتی تێدا بێت، بەڵام ئاکپارتییش لە ڕێگەی گواستنەوەی شوێنی دەنگدانی ژمارەیەکی زۆر پۆلیس و هێزی ئەمنییەوە تا ڕادەیەک گرنتیی بردنەوەی ژمارەیەک شوێنی بەدەستهێناوە.**

لەگەڵ ئەوەشدا زیادبوونی کارەکتەری سیاسی لە مەیدانی باکووری کوردستاندا؛ هەم ڕکابەری و هەم گرژییەکانیش زیاددەکات، لە بنەڕەتدا دەمپارتی وەک بەشێک لە حیزبوڵڵای کوردی لە هوداپار دەڕوانێت و بە هۆی ئەوەوە پێی وایە حیزبوڵڵا لە ڕابردوودا بەرپرس بووە لە هێرشەکانی سەر پارتەکانی پێش دەمپارتی، کە لە سەر هەمان هێڵی کارکردنن، بۆیە هوداپار وەک پارتێکی ڕێگەپێدراوی سیاسی پەسەندناکات. بەرپرسانی هوداپاریش هەوڵدەدەن لە ئاستی تورکیاو بۆ ڕایگشتیی وڵات بسەلمێنن کە پارتەکەیان درێژکراوەی حیزبوڵڵا نییە، هاوپەیمانیەتییان لەگەڵ ئاکپارتیدا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ ئەم کارەی بۆ ئاسانکردن و جۆرێک لە دەرکەوتنی بە لایەنی ئەرێنی بۆ هێنانەئاراوە.

دەم پارتییش نیگەرانە لە گەورەبوونی هوداپار، بەڵام پێویستە بزانین ئەم حیزبانە هەم سوود لە ئەزموونی یەکدی و هەم سوود لە پرۆسەی سیاسی وەردەگرن، واتە زیادبوونی کاراکتەری سیاسی کاریگەریی لە سەر ڕەوتی سیاسی و ململانێکان هەیە. بۆ نموونە: چەندین ساڵە لەبەرئەوەی هەدەپە/ دەمپارتی داوای خوێندن بە زمانی دایک لە قوتابخانەکاندا دەکەن، بایەخیان بە وانەی بژاردەی کوردی نەداوە، بەڵام کاتێک هوداپار خۆی دەکات بە خاوەنی وانەی بژاردەی کوردی و کاری لە سەر دەکات، دەمپارتییش ئامادە نییە مەیدان بۆ هوداپار چۆڵبکات، بۆیە جۆرێک لە هاتنەپێشەوەی بۆ بابەتەکە پێوە دیارە.

لە لایەکی ترەوە، دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣، سەلاحەدین دەمیرتاش

بانگەشەی دەستپێکردنی گفتوگۆی لە نێوان هەدەپەو هوداپار کرد، بەڵام سەرۆکی هوداپار؛ زەکەریا یاپیجی ئۆغلو، ڕایگەیاند: "با سەرەتا دەستی خوێناویان بشۆن." ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو ڕوداوانەی کە هوداپار پێی وایە "ستەم بووە لەلایەن هەدەپەوە لە ئەنداماو لایەنگرانی هوداپار کراوە"، بەڵام لە چەند هەفتەیەک لەمەویێش یاپیجی ئۆغلو لە لێدوانێکی دیکەدا ئاماژەی بەوە داوە کە "نە هوداپار بەرپرسە لە کارەکانی حیزبوڵڵا، نە هەدەپە/دەمپارتییش بەرپرسە لە کارەکانی پەکەکە"، واتە بە هۆی بارودۆخی سیاسییەوە کاراکتەرەکان ناچارن ڕۆڵی نوێ بگێڕن لە مەیداندا.

لەو بڕوایەدا نیم پەکەکەو دەمپارتی، هەروەها حیزبوڵڵاو هوداپار لەم ڕوانگەیەوە خۆیان بدەنەبەر نەشتەری ڕەخنەی خۆیان، بەڵام دۆخی سیاسی سەرکردەی پارتە سیاسییەکان زیاتر ڕووبەڕووی یەکدی دەکاتەوە. ئەوەی دیارە دەمپارتی بە زمانێکی توندتر قسەدەکات، بەڵام هوداپار تا ڕادەیەک میانڕەوتر دەردەکەوێت، لێدوان و هەڵوێستی کەسایەتیو دامەزراوەکانی هەردوولا لە کاتو شوێنی خۆیدا نییە. هوداپار لە ٢٠١٨ داواکاری سەردانی هەدەپەی کرد، بەڵام هەدەپە ڕەزامەندیینەداوە. دەمیرتاش پرسەنامەی بۆ کوژرانی دوو بەرپرسی هوداپار لە ئەدەنە ڕاگەیاند، بەڵام هوداپار بەهەندیوەرنەگرت.

جگە لەمەش، پرسەنامەی ئاڕاستەی دەمیرتاش نەکرد بە بۆنەی کۆچیدوایی باوکیەوە. هوداپار لە باتمان سەردانی نوسینگەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی دەمپارتیی کرد، بەڵام لە بەرانبەر وێنەگرتنی کاندیدی هەردوولا دەمپارتی هۆشداریی توندی داوە بە کاندیدەکەی خۆی، واتە هەر لایەک وەڵامی پێویستی دەستپێشخەریی ئەرێنیی بەرانبەر لە کاتی خۆیدا نەداتەوە. لە بریی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردوو، ئەگەر بۆ داهاتوو بڕوانن، کارەکان ئاسانتردەبێت.

**سەرەڕای بەشداریکردنی یەک ملیۆن و نیو دەنگدەری نوێی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣، بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ یەک ملیۆن و ٦٢ هەزارو ٥٣٥ دەنگی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ کەمیکردووە.**

دەمپارتی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣، سەرقاڵی دووبارە خۆڕێکخستنەوەیە، بەڵام بە هۆی ئایدۆلۆژیاو ئەو سیاسەتەوە کە پەیڕەویدەکات، نەیتوانیوە کێشە ناوخۆییەکانی تێبپەڕێنێت. هوداپاریش وەک پارتێکی نەناسراو ئێستا لە ئاستی تورکیادا خەریکە دەناسرێت و پشتیوانیی سیاسی بەدەستدەهێنێت، بە تایبەت لە

ناوچە کوردییەکاندا، هەرچەندە لە ڕووی هێزو ژمارەوە جیاوازییان هەبێت، بەڵام دەمپارتیو هوداپار پێکەوە لە شەقامی باکووری کوردستاندا باسدەکرێن.

**تورکیاناسی:** ئایا کوردەکانی تورکیا دابەشبوون بە سەر گرووپو پارتی سیاسیی ئایینیو چەپڕەودا؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغلو:** پۆلێنکردنەکە بەم جۆرە دروست نییە، چونکە گەورەترین پارتی کوردەکان (دەمپارتی) سکۆلارو چەپڕەوە، بەڵام زۆرینەی ئەندامو لایەنگرانی ئایینداری، پارێزکارو کۆمەڵایەتین، واتە کۆمەڵگەی کوردی لە سەر بنەمای پشتیوانی لە کارەکتەرە سیاسییەکان دابەشنەبووە، بەڵکو خەڵک لە سەر بنەمای داکۆکی لە مافەکانیان پشتیوانی لە پارتێکی سیاسی دەکەن. دەمپارتی جەخت لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیا دەکاتەوە، بەڵام پەیوەندییەکانی لە ئایینەوە دوورە، هوداپار بە پێچەوانەوە. بەڵام ئێستا دەمپارتی هەوڵی نزیکبوونەوە لە ئایینو خەڵکی دیندار دەدات، هوداپاریش قسە لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کوردو پێویستیی دابینکردنیان دەدات.

**تورکیاناسی:** فاتیح ئەربەکانی کوڕی نەجمەدین ئەربەکان؛ پارتی خۆشگوزەرانی نوێ (یەرەپە)ی دامەزراندو لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ پشتیوانی لە ئەردۆغان کرد بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار، لە هەمان کاتدا توانیی ٥ کورسیی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا لەگەڵ ئەردۆغاندا نەگەیشتە ڕێککەوتن، کاندیدی بۆ شارەوانییەکان دیاریکردووە، بە زمانێکی توندتر لە ئۆپۆزسیۆنیش بەرانبەر بە حکومەت دەوەستێتەوە، باس لە هەڵکشانی زۆریی ئەندامو لایەنگری پارتەکەش دەکرێت. پێتان وایە ئەم هەڵبژاردنە وەرچەرخان لە سیاسەتی ناوخۆیی تورکیادا بهێنێتەئاراوە؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغلو:** فاتیح ئەربەکان پەندی لە پارتی دەڤای عەلی باباجانو پارتی ئایندەی ئەحمەد داودئۆغلو وەرگرتووەو ستراتیژێکی گرنگی دیاریکردووە. پارتی دەڤاو ئایندە دژی ئەردۆغان وەستانەوە، چوونە بەرەی جەهەپەو ئۆپۆزسیۆنەوە، ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەردۆغان سەرۆکی ئەو دوو حیزبە، کە پێشتر هاوڕێی خۆی بوون، بە دوژمن وێنابکات. ئەوانەی لە ئاکپارتی ڕەنجابوون، نەیاندەتوانی بچنەناو پارتی دەڤاو ئایندەوە، کە چووبوونە بەرەی جەهەپە-وە، ئەمەش هۆکار بوو بۆ لاوازبوونی ئەو دوو پارتە. فاتیح ئەربەکانیش لە ئاکپارتی نیگەرانە، بەڵام لە ڕێگەی پشتیوانی لە ئەردۆغانەوە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣دا توانیی مەیلی دەنگدەری دڵڕەنجاو لە ئاکپارتی بەدەستبهێنێت، بۆیە ئێستا ئەربەکان ڕوویدێت داوای دەنگ لە نارازییەکانی

ئاکپارتی بکات. لە چەندین شار ئەندامو بەرپرسە دەستلەکارکێشاوەکانی ئاکپارتی لەلایەن یەرەپەوە کاندیدکراون، بەڵام لە ناو یەرەپەیشدا سەرکردایەتییەکی بەهێز نییە. پێدەچێت کاندیدە هەڵبژێردراوەکانی یەرەپە لە پێناو سوودوەرگرتنی زیاتر لە بودجەو پرۆژەکانی حکومەت بچنەوە ریزەکانی ئاکپارتی. ڕەنگە یەرەپە بتوانێت لە ئەگەری تەقینەوەی دۆخی ناوخۆیی ئاکپارتیدا باڵی پارێزکاری پارتەکە بۆ خۆی ڕابکێشێت، بەڵام ئاماژەیەک دیار نییە بۆ هێشتنەوەی ئەو باڵە لە ناو حیزبەکەی فاتیح ئەربەکاندا.

**سەرەڕای بەشداریکردنی یەک ملیۆنو نیو دەنگدەری نوێی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣، بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ یەک ملیۆنو ٦٢ هەزارو ٥٣٥ دەنگی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ کەمیکردووە.**

**تورکیاناسی:** لە مانگەکانی ڕابردوودا پەکەکە چەند هێرشێکی خوێناویی کردەسەر سوپای تورکیا، ئەو هێرشانە تا چەند کاریگەریی لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەبێت؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغلو:** کۆمەڵگەی تورکیو سیاسەتەکەی تا ڕادەیەک ئەو دۆخەی قبوڵکردووە، بەڵام هەر کاتێک ژمارەی سەربازە کوژراوەکان زیاتربێت، دەمپارتی، جەهەپەو ئەو پارتانەی کە لەگەڵ دەمپارتیدا پەیوەندیو گفتوگۆیان هەیە، ئاسانتر تاوانباردەکرێن بە نزیکبوونەوەو پشتیوانییان لە تیرۆر. بە گشتی لە جیهاندا لێپێچینەوە لە دەسەڵات دەکرێت لە سەر کوژرانی ژمارەیەک سەرباز لە جەنگو هێرشی دوژمندا، بەڵام لە تورکیا لە ڕێگەی ستراتیژێکی باشی دەسەڵاتەوە هاوڵاتی لێپێچینەوە لە ئۆپۆزسیۆن دەکات. لە ئۆپراسیۆنەکانی شاخی گارەدا ئۆپۆزسیۆن پشتیوانیی دەسەڵاتی نەکرد، بە پێچەوانەوە تۆمەتباریکردو بەرپرسیاریەتیی دەروونیی خستەئەستۆ، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند، لەبەرئەوە کاریگەریی پێشهاتی لەو جۆرە لە سەر دەنگی لایەنەکان پەیوەستە بە هەڵوێستو ستراتیژی کارکردنیانەوە.

**تورکیاناسی:** نەتەوەپەرستیو فاشیزم ڕۆژبەڕۆژ لە تورکیا لە هەڵکشاندایە، باشترین نموونەش هێرشی هاندەرانە لە یاریگاکاندا بۆ سەر یاریزانانی یانەی ئامەدسپۆر. بە بۆچوونی ئێوە کێ بەرپرسە لەم دۆخە؟ تاچەند زیانی بۆ کورد دەبێت؟

**ڕیحا ڕوهاڤی ئۆغلو:** ئەوەی بە سەر ئامەدسپۆر هات لە سزادان، جیاکاریو هێرشەکان بۆ سەر یاریزانو هاندەرانی، ڕەنگدانەوەی نەتەوەپەرستیی دەمارگیرە لە بواری وەرزشدا. لەم

چوارچێوەیەدا هەریەک لە ئاماژەی سەکردە سیاسییەکان بۆ تاوانبارکردنی ئامەدسپۆر، ڕەفتاری بەرپرسانی دەوڵەت بەرانبەر بە ئامەدسپۆر وەک یانەیەکی دوژمن، سزا ئارەزووبازئاساکانی فیدراسیۆنی تۆپی پێی تورکیا بۆ سەر ئامەدسپۆر، پچڕانی پشتیوانیی شارەوانییەکان بۆ یانە وەرزشییەکان بە هۆی دانانی قەییومەوە، هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی ئەو دۆخە. بە گوێرەی پێوانەکانی ئێمە ئامەدسپۆر بە لایەنی کەمەوە یەک ملیۆن هاندەری هەیە، ئەمەش یانەکەی هێناوەتە ڕیزبەندیی یەک تا پێنجەمی یانەکانی تورکیا. ئامەدسپۆر تا گەورەتر بێت، پشتیوانیی زیاتری دەبێت، بۆ نموونە: کاندیدانی هوداپارو ئاکپارتی لە ئامەد پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکانی یانەکە دەکەن، ئەمەش کاریگەریی لە سەر ئاساییبوونەوەی دۆخی یانەکە دەبێتو دەریدەخات کە یانەکە تەنها موڵکی دەمپارتی نییە.

خوێندنەوەی کتێب

تورکیاناسی

# سەحەر
# ڕۆژنەیەک لە بەندیخانەوە بەرەو خۆرەتاو

مەزهەر ئیبراهیمی

**پوختە**

سەحەر بەرهەمی تەنیاییەکانی سەڵاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)یە لە گرتووخانەی ئەدیرنەدا، دەقێکە هەڵگری کەڵکەڵەکانی مرۆڤێکی ئازادیخوازو بیرهێنەرەوەی کێشەو ئاریشەباو، بەڵام شاردراوەکانی ژیانی ئەمرۆمانە بە زمانێکی لە دڵ نزیکو هەروەها ناسراو بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە. هەر کام لە چیرۆکەکانی سەحەر دەمو دەرفەتێک بۆ بیستنو بینینو هەستپێکردنی ڕاستییەکانی دەوروبەرمان بۆ دەئافرێنن. دەمیرتاش کتێبەکەی پێشکەش بە هەموو ژنانی کوژراوو ستەملێکراو کردووە، هەر ئەمەش سەرواتاو تێمی زۆرینەی چیرۆکەکانمان بۆ دیاریدەکات.

ئەم خوێندنەوەیە بە پێی وەرگێڕدراوە کوردی/کرمانجییەکەیەتی بە پێنوسی پاراوی ڕێدوور دیژلەو پێداچوونەوەی وردبینانەی ئولاش گولدیکەن. بەرگی کتێبو لاپەڕەی سەرەتای چیرۆکەکان بە هونەری بەهار دەمیرتاش (خوشکە چکۆلەی سەلاحەدین)و سیا گوربوز ڕازاوەتەوەو لەلایەن وەشانخانەی ئارامەوە بە جوانیو ڕێکوپێکی چاپکراوە. چاپی کوردیی سەحەر بە گشتی لە پێشەکییەک بە پێنوسی نوسەر، دوازدە چیرۆکو ماڵئاواییەک پێکهاتووە. لە کۆتایی کتێبەکەیشدا چەند لاپەڕەی واڵا دانراوە، کە پێمان

دەڵێت: وەرن، ئێوەش چیرۆکی ڕوداوەکانی ژیانی خۆتان بنوسن. لەم نقیسارەدا چاوێک بە یازدە چیرۆکدا دەخشێنین‌و لە سەر یەکێکیان، کە کۆی دەقەکەی بە ناوەوە کراوە، ڕادەوەستین‌و هەندێک لایەنی شیدەکەینەوە.

## چیرۆکەکانی سەحەر؛ ڕەنگامەو ڕاچڵەکێنەر

نوسەر لە کورتەپێشەکیی چاپی کوردیی سەحەردا دەنوسێت:

دل دخوەست کو من ب زمانێ خوە کورمانجی ئان ژی دملکی بنڤیساندانا. لێ بەلێ وەکی کوردەکی نەسیبێ خوە ژ ئاسیملاسیۆنا کو پارچەیەکە ژ قرکرنا چاندی یا ل سەر گەلێ کوردە وەرگرتییە، مخابن ئەڤ یەک نە پێکان بوو. لەوما ئەڤ وەرگەر کێماسییەکە من ئا مەزن تەمامدکەو من روەتیاردکە. (حەزمدەکرد ئەم چیرۆکانەم بە زمانی خۆم؛ کرمانجی یان دملکی، بنوسیبان، بەڵام وەک کوردێک پشکی خۆم لە ئاسیملاسیۆن، کە پارچەیەکە لە سیاسەتی قڕکردنی کولتووری نەتەوەی کورد، وەرگرتووە، بە داخەوە ئەمەم بۆ نەچووەسەر، بۆیە ئەم وەرگێڕانە کەمایەسییەکی گەورەی من قەرەبوودەکاتەوەو شەرەفو سەربەرزیم پێ دەبەخشێت.)

لە چیرۆکی یەکەم بە ناونیشانی "مێرێ د هوندرێ مە دە" نوسەر لە دەلاقەی ژیانی ڕاستینی خۆیەوە سەیری ژیانی مێرووڵەو پاسارییەکانی هاوسێی لە بەندیخانەدا دەکات. ئەو بە گێڕانەوەی پەیوەندیی نێوان دایکەو باوکە پاساری‌و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەیان لە هەمبەر هاوباڵندەکانی دوژمنیاندا، پەنجەیخستووەتەسەر ڕەوشی داگیرکاری‌و بەرخۆدانی دایکانەو ژنانەی چۆلەکە مێیەکە لە پێناو پاراستنی هێلانە و هێلکەکانیدا، لەم ڕێگەیەشەوە بارودۆخی نیشتیمانیی داگیرکراوو پێویستیی بەرگری‌و بەرخۆدانی نواندووەتەوە.

چیرۆکی "نازۆیا پاقژڤان" ڕەنگاندنی بێوێنەی وێنەی ڕەش‌و سپیی نادادپەروەرییە لە مێشکی خوێنەراندا. نوسەر زۆر لێهاتووانە ڕەوشی ژیانی زۆرینەی هەژارو کەمینەی دەوڵەمەندی شار، ئاواتە نێژراوەکانی خەڵکانی کەمدەست‌و کرێکار، خەمساردیی خاوەنسەرمایەکان، سەرهەڵدانی چینی چەوساوەو سەرکوتکردنیان لەلایەن هێزی پۆلیسەوە، کە بۆ خۆیان سەر بە هەمان چینی هەژار، بەڵام بەکرێگیراوی خاوەن بەرژەوەندییەکانن، لە زارو کامێرای چاوی کچێک بە ناوی نازانەوە دەگێڕێتەوە. نازان کە بە بێنازیی باوک گەورەبووەو وەک باوکی خولیای ئوتۆمبێلە، نایەوێت دایکی بەو پیری‌و پەککەوتەییە کڵفەتیی ماڵی موراد بەگ بکات، بۆیە خۆی جێیدەگرێتەوە.

کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە هاوکات لەگەڵ بڕینی ڕێگەی ماڵی خۆیان لە گەڕەکی خوارووی شارەوە تا گەڕەکی سەرووی شوێنی کارەکەی، وێنەو دیمەنی شەقامو کەسو ئوتۆمبێلەکان دەکێشێتو دەیانخاتەبەرچاوی خوێنەران. ڕۆژێک لەو ڕۆژە دووپاتبوانە، نەخوازراوانە خۆی لە ئاپۆرەی خۆپیشاندانێکدا دەبینێتەوە، ئینجا پاش لێدانو قۆڵبەستکردنو توندکردنی لە گرتووخانەدا؛ چاوی زیاتر بە ڕووی حەقیقەتو ڕاستیی ڕەوشە داسەپاوەکەدا دەکرێتەوە.

چیرۆکی "نە وەکی وە یە" دەپەرژێتەسەر خەونو خولیا وەدینەهاتووەکانی کوڕە لاوێکی بێکاری هیوابڕاو، کە لە بەردەم تەوژمی ژیانپڕوکێنی سەرمایەداریو دنیای پارەتەوەرداو لەبەر بێبەشبوون لە گوزەرانێکی ئاسایی، بەرەو خۆکوژی پاڵی پێوە نراوە. نوسەر لە چیرۆکی دواییدا دیسان ئاماژە بۆ ڕەهەندی ڕەشی کۆمەڵگەی سەردەم دەکات. ئەم جارەیان ژیانی تژی لە چەرمەسەریی منداڵانی کار دەکاتە کەرەستەی گێڕانەوەکەی. حسێنو جەماڵ، کە تا پۆلی سێو چواریان خوێندووە، بە ناچاری دەستبەرداری خوێندن بوونەو ڕێی ئەستەنبوڵیان بە هیوای دۆزینەوەی کار گرتووەتەبەر، بەڵام حسێن هێشتا دڵی لە گوندەکەی خۆیان لە پارێزگای مووشو لە لای بەرفین بەجێماوە. حسێن بە یارمەتیی جەماڵی هاوڕێی نامەی دڵداری بۆ خۆشەویستە بچکۆلەکەی دەنێرێت و تێیدا "سلاڤ ل وان چاڤێن ڕەشو بەلەک" دەکات، بەڵام نە سڵاوی دەگاتە چاوە ڕەشەکانی بەرفینو نە بەرسڤێک دڵی دەلاوێنێتەوە.

لە گێڕانەوەی دواتردا بارودۆخی زیندانو بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی ڤەگێڕ (ڕاوی) لە دووتوێی کورتەنامەیەکدا دەخوێنینەوە. کەڵکەڵەی ئەم جارەشی، چارەنوسی تاکێکی چارەڕەشی ناو دنیای مۆدێرنی بێبەزەییە، کە ئەویش زیرەکترین هاوپۆلو هاوڕێی کاتی خوێندنیەتی لە قوتابخانەی سەرەتاییدا. پاشان نۆرە دێتەسەر "گولپەری"، کە دیالۆگی مینای پێنج ساڵانی خەڵکی حەمای سوریایە لەگەڵ خوێنەراندا، پاش ئەوەی لە باوەشی دایکیدا نغرۆی دەریای سپی دەبن. نوسەر لە "ئەزمەیا حەلەبێ" چەند دیمەنێک لە شارەکانی حەڵەب و هاتایو ژیانی ئاسایی وەستا حەمدوڵای کەبابچیو کۆنەئەوینی ساکارو بەئاکامنەگەیشتوویو هەروەها مردنی ئاسایی چەندین مرۆڤی ئاساییو سادەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە هۆی تەقینەوەیەکی ئاساییەوە دەهێنێتەبەرچاومان! دوو چیرۆکی دوای ئەمەش، دیسان دەپەرژێنەسەر بیرەوەرییەکانی ڕابوردوو. "ئاخ ئاسوومان" دەمەتەقەو پێڕابواردنو پێکگەیشتنەوەی پاش چەندین ساڵی شوفێریی پاسی ئامەد-ئەنقەرەو کەسایەتیی یەکەمی چیرۆکەکەیە، کە ئەوکات لە بەشی مافی زانکۆی ئەنقەرەدا

دەیخوێند. نوسەر لە "حساب دیتنا ل گەل دێ"دا ڕووی دەمی لە دایکی دەکاتو لە گۆشەنیگای کەسی دووەمەوە بیرەوەرییەکانی کاتی منداڵی خۆی وەبیردەهێنێتەوە.

سەلاحەدین دەمیرتاش لە درێژترین چیرۆکی ئەم کۆمەڵەیەدا بەناونیشانی "مینا دیرۆکێ تکو تەنێ" بە شێوەی بیرهەژێن سەرقاڵییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بە سەرمایەو پارەکۆکردنەوە وێنادەکات، هاوکات ڕەخنە لە پەیوەندیی ساردوسڕی نێوان مرۆڤە مژۆڵەکانی ئێستا دەگرێت؛ مرۆڤگەلی دەوڵەمەندی نابەختەوەر کە خەمو خولیای بەرزبوونەوەی پێگەو پاشەکەوتکردنی پارە، هەر بەو ڕادەیە لێکدووریکردوونەتەوەو لە ژینگەو ژیانی پێکەوەیی بێبەش و نامۆیکردوون. ئاوەهایە کە "مینا دیرۆکێ تکو تەنێ، جارنان ل دەڤەرێن هەری قەلەبالغ ژی مرۆڤ خوە ب تەنێ حیس دکە." (وێنەی دیرۆک تاکو تەنیا، مرۆڤ هەندێک جار لە شوێنە هەرە جەنجاڵەکانیشدا هەست بە تەنیایی دەکات." یان بەو جۆرەی فەرهادی هاوژینی نەرمین (ڤەگێڕی چیرۆکەکە) دەبێژێت: "کا لێ بفکرە، هلکەتنا د وارێ جڤاکی و چینیدا، عەینێ وەکی ژ ئاتمۆسفەرێ چووینا بەر ب فەزایێ یە. هەر کو مرۆڤ بەر ب ژۆر ڤە دچە، هەژمارا گیاندارێن ل ور کێم دبە. هەر دچە تو ژ مرۆڤان، ژ گەل دوور دکڤی و ل ڤالاهیا فەزایێ تەڤی تەنێتیا خوە سەیاحەت دکی." (بیری لێ بکەوە، بەرزبوونەوە لە بواری کۆمەڵایەتیو چینایەتیدا ڕێک وەکو ڕۆیشتنە لە ئەتمۆسفیرەوە بەرەو بۆشایی ئاسمان. هەرچی بەرەو سەرەوە دەچیت، ژمارەی گیانداران لەوێ کەمدەبنەوە. هەر دەچیتو لە مرۆڤەکانو لە خەڵک دووردەکەویتەوەو لە بۆشایی ئاسماندا لەگەڵ تەنیایی خۆتدا سەیراندەکەیت.) دوا چیرۆکیش بە ناونیشانی "وێ ئەنجام بێهەمپا بە" نوێنەرەوەی جیهانی خەونو ئاواتو ئامانجە سیاسییەکانی نوسەرە لە پێناو پێکهێنانی پەرگالو سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری، کە لە سەر بنەمای دادپەروەریو ئازادی، دیموکراسیی ڕادیکاڵ، پێکەوەژیانی ئاشتییانەو ژینگەپارێزی بونیادنرابێت.

### سەحەر: پاڵەوانە سەرەکییە بێدەنگکراوەکە

سەحەر ناوی کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکەو نوێنەرو نوێنەرەوەی ژنی قوربانیو قوربانیکراو، بێدەسەڵاتو بێدەسەڵاتکراو، کپو گوێڕایەڵ، بێزارو بێدەمو زارو بێدەنگکراوە. سەحەر کچە گەورەی ماڵباتێکی حەوت کەسییەو هاوسەرگیرینەکردووە. ماوەیەکە دەروویەکی لێ کراوەتەوەو لە دەرەوەی ماڵیشدا کاردەکات، بەڵام هەر ئەم دەرفەتە دەبێتە هۆی ڕوخانی هێلانەی ئاواتە کورتەمەوداکانی. ئەو لە ماڵەوە

لە بن پێی باوکسالاری/پیاوسالاریو ڕوانگەی کۆنەنەریتیو ئایینخوازیدا هیچ دەنگێکی لێ نابیسرێتو جەستەو کەسایەتییەکەی وەک تاکێکی سەربەخۆ نابینرێت. کەسایەتیی وی گرێدراوی باوکو کاکو بنەماڵەکەیەتی، بەڵام بە بۆنەی کارکردنەوە، بۆ چەند کاژێرێک دەرگای دەرەوەی بەڕووداکراوەتەوە. دەرکەوتنی سەحەر یان باشترە بڵێین: ڕێپێدانی بۆ دەرکەوتن، بۆ گوشاری ئابووریی سەر خێزانەکەیان دەگەڕێتەوە، بە تایبەت کە ئەم ٢٢ ساڵییەتیو هاوماڵەکانی بە منداڵی ماڵی باوکیان بە ماڵی شوو گۆڕیوەتەوەو بە مێردو مناڵەوە خەریکن. لە ڕاستیدا، کارکردن بۆ ئەو، قەرەبووی نانو تێچووی ئەو چەند ساڵەیە کە وەک هاوماڵەکانی لە یازدەو دوازدە ساڵیدا ماڵەباوانی چۆڵنەکردووە.

**سەحەر دەقێکە، هەڵگری کەڵکەڵەکانی مرۆڤێکی ئازادیخوازو بیرهێنەرەوەی کێشەو ئاریشەباو، بەڵام شاردراوەکانی ژیانی ئەمرۆمانە بە زمانێکی لە دڵ نزیکو هەروەها ناسراو بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە. هەرکام لە چیرۆکەکانی سەحەر دەمو دەرفەتێک بۆ بیستنو بینینو هەستپێکردنی ڕاستییەکانی دەوروبەرمان بۆ دەئافرێنن.**

سەحەر ماوەیەکە لە شوێنی کارەکەیدا لە چاوی هاوکارێکیدا هەست بە خۆشەویستیو خۆشویستن دەکات، هەست بە حەزکردنو حەزلێکردنی پیاوێک، کە ڕوانینو ڕوانگەو وتەو ئاکاری جیاوازە لەوەی باوکو کاکی. ئەو لاوە بە پێچەوانەی پیاوانی ماڵەوە، گرنگیی پێ دەداتو وەک کەسێک سەیریدەکات کە شیاوی دیتن، قسەبۆکردن، دواندنو گوێلێگرتنە. ئەم دۆخە نوێیە ورەو هیوا بە دڵی سەحەردا دەوروژێنێت. هەروەها گرنگبوونی وەک تاکو جەستەیەکی سەرنجڕاکێش، زۆر دڵخۆشیدەکات. ئاوەهایە کە بۆ یەکەم جار کردەیەکی بقەو قەدەغە تاقیدەکاتەوە؛ کردەیەک کە هی خۆیەتی، خۆی لێی بەرپرسەو خۆی بڕیاری لە سەر داوە. ئەم جارەیان، بە پێچەوانەی هەموو کردەوەکانی تری ناو تخوبی بنەماڵەو کۆمەڵگە، کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوو سنووردارییان بە سەریدا سەپاندووە، دەرکەی ژووری بیروباوەڕە بەگوێدادراوەکانی دەشکێنێتو دەردەکەوێت، نەک هەر لە ماڵ، لە زیندانی بیروبڕواکانیشی دەچێتەدەرەوە. بەم پێیە بە سەر ترسەکانیدا زاڵدەبێتو ڕۆژی جەژنی قوربان ڕوو لە جێژوانێ دەکات. یەکەم ژوانی ژیانی ئەزموونێکی تژی لە هیواو خۆشەویستییە، پڕ لە قسەی خۆشو دڵخۆشکەری کوڕێک، کە جیاواز سەیریدەکات. بەم جۆرە دوای دوو کاژێر، ژوانگە بەجێدەهێڵێتو بە دڵی

لێوانلێو لە خۆشیو خورپەو هەست بە ئازادیو هەروەها تاوان دەگەڕێتەوە.
ڕۆژی یەکەمی پاش پشووی جەژنی قوربان، دوای ئەوەی کرێکاران لە کارەکانیان بوونەوە، دۆستەکەی پێشنیاری پێ دەکات بە سەیارەی هاوڕێکانی بیگەیەننەوە ماڵێ. سەحەر بە دوودڵی پێشنیارەکەی دەپەژرێنێت، بەڵام داوای لێ دەکات لە سەر کۆڵانەکەو کەمێک دوورتر لە ماڵ دایببەزێنن. پاش کەمێک، سەحەر دەزانێت ئاژۆر بەرەو ئاڕاستەیەکی ترو بەرەو چۆڵیی دارستانێک دەئاژوێت. ئەودەم ڕوداوەکەی بۆ ڕووندەبێتەوە، کەچی داواو پاڕانەوەی تژی لە ترسی، چ سوودی نابێتو لە کۆتاییدا بە زۆر دایدەبەزێنن، "یەکی خوە ئاڤێت نەوقا سەحەرێو پێ دن هشکا ب پۆرێ وێ گرت. ب ئالیکارییا هایری ئەو ئاڤێتن عەردێ. یەکی ب لنگێ وێ، پێ دن ژی ب زەندێن وێ گرت. بێهنا وێ چکیابوو. خوەست بقیرە، لێ دەنگ ژ گەورییا وێ دەرنەدکەت. دنیا سەکنیبوو، هەر تشت سەکنیبوو، تەنێ هایری دلڤییا." (یەکیان خۆی ئاوقەی کردو ئەوی دی بە توندی قژی گرت. بە یارمەتیی هایری (کوڕە دۆستی سەحەر) خستیانەسەر عەردەکە. یەکێکیان قاچو ئەوی تریان قۆڵو مەچەکی گرت. هەناسەی لێ بڕابوو. ویستی بقیژێنێت، بەڵام دەنگ لە گەروویەوە دەرنەدەهات. دنیا ڕاوەستابوو، هەموو شتێک ڕاوەستابوو، تەنیا هایری دەجوڵا.)
سەحەر کە دێتەوەسەر خۆی، کەس نابینێت؛ لە جیهانێکی پڕ لە پیاودا تەنیا ماوە، بەڵام تەنیاییو بێکەسی ڕاکێشی لای ماڵو ماڵباتو نزیکترین کەسەکانی دەکات. بە داوێنی خوێناوییەوە لە دارستانە چۆڵەکە دەردەکەوێت، هێدی هێدی جادەو ڕێگەکان دەناسێتەوەو دوای ماوەیەک ڕێکردن، لە باوەشی گەرمی دایکیدا خەودەیباتەوە.

**دەمیرتاش بە دانپێدانانی خۆی وەک کوردێک پشکی لە ئەسیمیلاسیۆنی زماندا بەرکەوتووە، هەربۆیە نەیتوانیوە بە کوردی کتێبەکەی بنوسێت.**

دەنگی دایکی سەحەر لە بەرانبەر قیڕەو گوڕەگوڕی مێردو کوڕەگەورەکەیدا دەنگێکی نزمو ناسکە. داڵدەدانو سەرهەڵدانی بە تاکوتەنیایی ئەو بۆ پاراستنی کچەکەی لە دژی دوو سوژەی کارێکەری ئایدیۆلۆژیای کۆنەنەریتخوازیو پیاوسالاری، هیچ ئەنجامێکی نابێت. بۆ باوکو برای سەحەر، نەک وتەی مرۆڤە زیندووەکان، بەڵکو وتەی مردووانی پێشوو گرنگو پیرۆزن. ئەوەی ئێستا پێویستە، جێبەجێکردنی پراکتیسە نەگۆڕو پیرۆزکراوەکانە. کە وا بوو، ناموسپارێزان پاڕانەوەکانی دایکی سەحەرو وتەکانی

لە سەر بێتاوانیی کچەکەی نابیستن، کەسیش نابینن، نە سەحەری کچو نە سەحەری خوشکو نە "کادەر"و "پنار"ی چاوبەگریان (خوشکە زۆر چکۆلەکانی سەحەر)؛ خوێن بەرچاوی گرتوونو تەنیا داوێنی خوێناویی سەحەر دەبینن، خوێنی ڕژاوی سەحەر مێشکی تەنیونەتەوە، ئەوان تەنیا گەورەییو نامووسو شەرەفو بە تەنیا مرۆڤە گەورەکان دەبینن؛ بۆیە ڕاوێژ بە مامە گەورەکانی سەحەر دەکەنو دوایە بڕیاری مێرانەو نێرانەیان دەردەکەن؛ خوێن بە خوێن دەشۆردرێتەوە...

سەحەر بە شەکەتی و بێحاڵییەوە گوتی:

"ڕێمبدە دەستت ماچبکەم باوکە."

باوکی دەستی درێژکردەوە؛ کە ماچیکردو نایەسەر هەنیەی، گوتی:

"گەردنم ئازاکە باوکە."

باوکی کە بە دەستێک چاوەکانی دەسڕی، بە زۆر توانیی بڵێت:

"گەردنت ئازا کچم، تۆیش ئازامبکە."

"گەردنت ئازابێت."

ئاوڕی لە کاکی خۆی؛ هادی، دایەوە، باوەشی پێدا کردو گەردنئازایی لێ کرد. هادی وەک بت بێدەنگو جوڵە مایەوە. دواییش باوەشی بە ئەنگیندا کرد. ئەنگین دەمانچەکەی دەستی دانایە زەویو توند خوشکی لەئامێزگرت. سەحەر زۆرێک براکەی ماچکرد، پرپەگەروو بۆنی قژی هەڵمژی، بەرینەدا. سەحەر چۆکیدادا، ئەنگین دەمانچەکەی لە عەرد هەڵگرت، لوولەکەی نایە پشت ملیەوە، لوولەکە لەرزی. سەحەر گوتی:

"بە قوربانت بم ئەنگینم.

مەترسە، خوشکت بە قوربان بێت.

مەترسە، لە هیچ شتێکو لە هیچ کەسێک مەترسە. لە گرتووخانەدا ئاگات لە خۆت بێت."

... لە دوورەوە، لە سەر سپیدارەکانەوە، پۆلێک قەلەڕەشکە فڕین. سەحەر دەمەوڕوو کەوتەسەر زەوی، خوێنە گەرمەکەی ڕژایەسەر خاکی بەستراوی چوکورۆڤا (ناوی ناوچەیەک لە باشووری ڕۆژئاوای تورکیا)...

سێ پیاو، لای ئێوارە لە دارستان چاویان بەردایە خەیاڵەکانی سەحەر.

سێ پیاو، کاتی نیوەشەو لە ناو عەردێکی بەیاردا سەحەریان کوشت.

بەم چەشنە، دەستدرێژکردنەسەر ژیانی قوربانیو ڕشتنی خوێنی بە دەستی سێ پیاو، دەبێتە تەواوکەری کردەوەی سێ پیاوی دەستدرێژیکەری سەرەتای چیرۆکەکە. ئەمانیش ئەرکی پیاوانەی خۆیان بە سەرکەوتوویی‌و وێڕای هەستکردن بە سەربەرزیو مێرایەتی جێبەجێدەکەن.

لە ڕوداوی دەستدرێژییەوە بگرە هەتا ستاندنی ژیانی سەحەر، بێجگە لە دایکی، کە کردەوەو کاردانەوەشی لە پێناو پاراستنی کچەکەیدا بێئەنجام دەبێت، کەسی تر چ هەنگاوێک

هەڵناگرێت. لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەی سەیرکەری ڕوداوەکەنو لە خۆیان بەدووریدەزانن، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، بەڵام کاریگەر، ڕێخۆشکەری ئەو تاوانو ستەمانەن کە لە بۆسەی خۆشیاندایە. هەڵوێستی هەندێک کەسو لایەنی پەرەپێدەری پەیوەندیی چەوسێنەرانە، بۆ ئیمانی بێوەری لە بیرکردنەوەو باوەڕ بە حەقیقەتو حەقانیەتی کردەوەکانیان دەگەڕێتەوە، کە وەک پێوەرێکی نەگۆڕی دەبینن (وەک مامو باوکو کاکی سەحەر)، هەندێکیش لەبەر ترسو هەست بە بێدەسەڵاتیو لاوازی دەبنە ئاوردووی ئەم ئاگرە ژیانداگرە (وەک ئەنگینی ١٥ ساڵانی برای سەحەر کە بە بڕیاری گەورەکان دەمانچە بە خوشکە گەورەکەیەوە دەنێت، هەروەها دراوسێکان کە لە پشت پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە سەیری گەڕانەوەی سەحەری لەشخوێناوی دەکەنو دوایەش هەر وا دەستەوەستان لە بردنو گەڕاندنەوەی بۆ کوشتنگە دەڕوانن).

چەوسێنەرانی چیرۆکی "سەحەر"، هاوکات لەگەڵ تێپەڕاندنی ئەرکی چەوساندنەوە، بۆ خۆشیان چەوساوەی ئەم پەیوەندییە کۆیلەتەوەرانەیەن. مامو باوکو برای گەورە ئەگەرچی لە بەرەی بەهێزو خاوەن دەسەڵاتدانو بە ڕواڵەت خاوەن بڕیاری سەربەخۆن، لە ڕاستیدا گیرۆدەی بیرو بڕواو جیهانبینییەکن کە تێیدا ژیاونو لە خۆیاندا ژیاندوویانە؛ ئەوان سووژەی هەڵسازراوی ئایدیۆلۆژیایەکن کە لە هەمان کاتدا خۆیان لە چێکردنو بەرهەمهێنانەوەیدا بەشدارنو هاوکات ستەمکارو ستەملێکراوی پەیوەندییە ئامادەکانین. ئەم سووژەگەلە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانداا، دابینکەری ئاوردووی ئاگری کوورەیەکن کە تەڕو وشک پێکەوە دەسوتێنێتو بۆ خۆیشیان بەشێکن لەو سوتەمەنییە. هەروەها لایەنی ستەملێکراوو چەوساوەش بە هەمان شێوە لە بەردەوامیو بەرهەمهێنانەوەی دۆخی داسەپاودا بەشدارن.

**هەر لە یەکەم چیرۆکدا نوسەر، بە ڕوانین لە ململانێکانی باڵندەکانی ناو زیندانەکەی دەیەوێت ڕەوشی داگیرکراوی خاکو نیشتیمانەکەی بخاتەڕوو.**

پەیوەندیی دیالێکتیکیی هیگڵ، بوونی کۆیلەدار بە بوونی کۆیلەوە گرێدەدات، واتە چەوسێنەر بەبێ چەوساوە واتای نییەو ئەم دوو لایەنە دژبەرە لە ڕاستیدا تەواوکەری یەکدین. دوالیزمی ستەمتەوەرانەی نێوان دوو لایەنی سەردەستو بندەست، هەموو ژیانی مرۆڤەکانی گرتووەتەوە؛ لە لایەک پیاو، ڕەب، ئاغا، کۆیلەدار، دەوڵەتو دەسەڵات، ڕێبەر، شێخ، سەرکردەو ...هتدو لە بەرانبەردا ژن، بەندە، کۆیلە،

هاوڵاتی، ڕایەت، دەروێش و سۆفی، پیرەو، سەربازو ...هتد. ئەم چەشنە پەیوەندییە بە درێژایی مێژووی خۆی، سەرەڕای گۆڕینی شێوەو شێواز، بەردەوام لە گۆڕێدا بووەو هەر جارەو بە ڕواڵەتێکی نوێ خۆی دەرخستووە. هەر بە درێژایی ئەم مێژووەش مرۆڤ بیری لە ئازادی کردووەتەوەو هەوڵیداوە خۆی لەو داوە ڕزگاربکات، کە هەر خۆیشی بۆ خۆی تەنیوە. ئەم ململانێیە هەزاران ساڵە بەردەوامەو هیچ دەمو سەردەمێک بەبێ چەوسێنەر نەبووە، هەر بەو جۆرەی کە لە ئازادیخوازانی ئاواتەخوازی دادپەروەری و دژبەرانی چەوساندنەوەو کۆیلەباوەڕیش بێبەشنەبووە، ئەگەرچی زۆر جار لە پاش سەرکەوتن لە کەندێک؛ کەندەلانێک لە بەردەمیاندا سەریهەڵدابێت.

سەحەر وەک ڕەهەندێکی ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکە، سووژەیەکی هەڵسازاوی گوتارو ئایدیۆلۆژییە زاڵەکانی جڤاکەو ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، تەنانەت بە هەڵبژاردنی بێدەنگی و هەستکردن بە تاوانباری، یارمەتیدەری چەوساندنەوەیەو ڕێگە بۆ تاوانێکی زۆر گەورەتر لە دژی خۆی خۆشدەکات، هەر وا کە لە کاتی دەستدرێژیکردنەسەریشیدا گەرووی وشکبووبوو و هێزو وزەی قیژەو هاواری لێ بڕابوو. ئەم بێدەنگی و ناخگیرانە بۆ هەموو ئەو ترسە داسەپێنراوانە دەگەڕێنەوە کە بنەماڵەو کۆمەڵگە بە ناو ناموس و ئابڕوو و داوێنپاکی، لە ناخیدا چاندوویانەو خۆیشی بە درێژایی تەمەن ئاودێریکردووە. کە وا بوو، بەردەوامبوون و بەرهەمهێنانەوەی ئەم بارودۆخە چەوت، بەڵام ڕاستنوێنە، دەکەوێتە ئەستۆی گشت تاکەکان و هەموو پاژەچێکەرەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی لێی بەرپرسن. بە واتایەکی تر، چەرخی ستەم و چەوساندنەوە نەک هەر بە کردەوەو پراکتیسی ئەندامانی بەرەی چەوسێنەر، بەڵکو بە هاودەستی و هەماهەنگیی گشت لایەنە پێکهێنەرەکانی، لە گەڕان بەردەوامدەبێت و درێژە بە هاڕینی چەوساوەکان دەدات.

**لە چیرۆکەکانی سەحەردا ئەنجامەکانی داگیرکاری و ستەمی دەوڵەت بە سەر نیشتیمانەوە لە ڕووی ئازادی، ئەمنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە گەنگەشەکراوەو بە زمانێکی ئەدەبی خراوەتەبەردەم خوێنەران.**

شیاوی گوتنە کە بۆچوونە نوێیەکانی کۆمەڵناسی و وێژەناسی، بە پێچەوانەی ڕوانگە کلاسیکەکان، ئەدەبیات تەنیا بە کەرەستەی وەسف و نواندنەوەی ڕووت و شوێنی ڕەنگدانەوەی جڤات و کۆمەڵگە نازانن، بەڵکو ئەرکێکی هەرەهەستیاری دەخەنەئەستۆ، ئەویش ئەرکی کارتێکەری و گۆڕانکارییە لە دۆخە داسەپێنراوەکانی کۆمەڵگەدا. چیرۆکی "سەحەر" سەرەڕای

نواندنەوەی ڕەخنەکارانەو هەستهەژێنی پرسگرێکی لەمێژینەی پیاوسالاریو ئاشکراکردنی ڕووی گەمارو قرێژی ئەم ڕەهەندەی چەوساندنەوە، لە لایەکی ترەوە بە ئافراندنی پاڵەوانێکی قوربانیو بێدەسەڵات (لە حاندی دەستدرێژیکەراندا و لەبەر بارودۆخی بەسەرداداسەپاودا)، هەروەها خۆبەتاوانبارزان، خۆبەدەستەوەدەر، بەبێ کردەو ناچالاک لە پاراستنی مافی ژیانی خۆیدا (لە حاندی باوکو کاکیدا)، کە تەنانەت داوای گەردنئازادی لە بکوژانی دەکات، کاریگەریی ئەرێنیو کارای لە دژی دووپاتبوونەوەو بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی پەیوەندییە چەوسێنەرانەکان نابێت. کە وا بوو، لە پەرەپێدانو بڵاوکردنەوەی هەستی خۆباوەڕیو کردەباوەڕیدا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ستەمکارانو هەروەها لە گەشاندنەوەی خەبات لە پێناو بەدەستهێنانی مافی ژن، ژیان، ئازادیدا، بە پێچەوانەی چیرۆکەکانی تری وەک "مێرێ د هوندرێ مە دە" یان "نازۆیا پاقژڤان"، کە ورەبەخشانە پێمان دەڵێن "بەرخۆدان ژیانە"، لێرەدا چارەنوسی سەحەر ئەو مەترسییەمان بەگوێدادەدات کە "خۆبەدەستەوەدان، مەرگو نەمانە."

## ئەنجام

سەحەر بەرهەمی تەنیاییەکانی سەلاحەدین دەمیرتاش لە گرتووخانەی ئەدیرنەدایە، دەقێکە هەڵگری کەڵکەڵەکانی مرۆڤێکی ئازادیخوازو بیرهێنەرەوەی کێشەو ئاریشەباو، بەڵام شاردراوەکانی ژیانی ئەمرۆمانە بە زمانێکی لە دڵ نزیکو فامکراو بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە. هەر کام لە چیرۆکەکانی سەحەر دەمو دەرفەتێک بۆ بیستنو بینینو هەستپێکردنی ڕاستییەکانی دەوروبەرمان دەخوڵقێنن. لە لایەکەوە، بەرخۆدانی ژنانە لە دژی پیاوسالاریو ڕەهەندەکانی تری چەوساندنەوە وێنادەکەن، لە لایەکی دیکەوە، ڕەوشی داگیرکاریو ئەرکی بەرەنگاربوونەوەو نیشتیمانپەروەری وەبیردەهێننەوە، هەندێکیان ئاوڕ لە ژانەژیانی مرۆڤی سەردەمی سەرمایەسالاری دەدەنەوە، هەندێکیشیان هاوکات لەگەڵ گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی کەسیی نوسەر یان تاکی خەیاڵکردی هاوخەمی خۆی، تیشکدەخەنەسەر تاریکایی ژینو چەرمەسەرییەکانی چینی چەوساوەو بندەستکراوی کۆمەڵگە. لە کۆتاییشدا نوسەر ماڵی ئاواتو بیروباوەڕەکانی لە سەر بنەمای خۆبەڕێوەبەریو دیموکراسیی ڕادیکاڵ، لە پێناو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادی دوور لە هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی، نەتەوەییو دوور لە کۆیلایەتی، ژینگەدوژمنیو چەوساندنەوە بونیاددەنێت.

نوسەر هەروەها لە چیرۆکی "سەحەر"دا بە شێوەیەکی زۆر کارتێکەر پەیوەندیی

چەوسێنەرانەی نێوان ئافرەت و پیاو دەخاتەبەرچاو، پەیوەندییەک کە لە سەر بنەمای سەردەستیی ڕەهای دەسەڵاتدارو بندەستیی بێدەسەڵاتدا ڕاوەستاوە. سەردەستێک کە بە گەلێک هێزی پاساودەری بیروباوەڕی کۆنباو بەهێزکراوەو لە تێپەڕاندنی ئەرکە ئایدیۆلۆژییەکانیدا ئازادیی ڕەهای هەیەو دەستی بۆ دەستدرێژی والاکراوە.

**دەمیرتاش لە کتێبەکەیدا نەک تەنها دۆخی باکووری کوردستان، بەڵکو دۆخی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستانیشی خستووەتەناو چیرۆکەکانیەوەو نەهامەتی و ئازارەکانیانی لە ڕێگەی چیرۆکی منداڵ و دایکێکەوە لە ڕێی هاتونەهاتی هەندەراندا نەخشاندووە.**

هێزو دەسەڵات هەمیشە هەوڵی ئەوەیە هێزی بەرەنگاربوونەوەو هەستو هیواو هەڵوێستی کردەتەوەرانە لە تاکو کۆمەڵدا بکوژێت و تێکۆشان لەم پێناوەدا ناکاریگەر نیشانبدات. تێدەکۆشێت بە هاودەستیی هەموو هۆگرەکانی، چ ئەوانەی لەبەر بەرژەوەندی و بە ئاگادارییەوە لایەنگرییدەکەن، چ ئەوانەی نەزانانەو فریوخواردووانە، یان لەبەر هەست بە لاوازی و ترس ئاگرەکەی دەگەشێننەوە، دۆخی ئامادە وەک ڕاستییەکی سروشتی و نەگۆڕ پیشانبدات، بە جۆرێک بینوێنێت کە گوایە بارودۆخی هەیی و ئامادە هەرگیز ناگۆڕدرێت و هەوڵدان لەم پێناوەشدا نەک هەر بێئاکام، تەنانەت تاوانێکیشە لە دژی بەرژەوەندیی گشتی. وتەو کردەوەکانی دایکی سەحەر هەوڵێکە لە دژی ئەم ڕوانگەو باوەڕە باوە، بەو واتایە کە بە پێچەوانەی هەموو کاراکتەرەکانی تر، بە تاقی تەنیاو بە پێی هێزو توانستی خۆی هەوڵدەدات بەردێک بخاتەبەردەم گەڕانی چەرخی چەوساندنەوەو کۆیلایەتی.
هەوڵ و تێکۆشانی لەم ڕەنگە، ئەگەرچی بە ڕواڵەت ناکاریگەر دەنوێنن و لە دووتوێی چیرۆکەکەشدا وەک دەنگێکی کزی دژ بە هەراوهۆریای نەریتباوەڕی، ئیمانتەوەری و بێوەیخوازی دێتەبەرگوێمان، بەڵام ئەوەی گرنگو پێویستە، باوەڕهێنانە بەوەی کە بۆ بڕینی ڕێگەیەکی دووررودرێژ نەک هەر قەڵەمباز، تاقە هەنگاوو وردەهەنگاوەکانیش کاریگەری و بایەخی خۆیان هەیەو مەودای گەیشتن بە ئامانج کورتتردەکەنەوە. بە وتەی هاوارد زینل؛ مێژوونناسی ناسراوی ئەمریکی و نوسەری پەرتووکی ناکرێت بێلایەن بین، "مرۆڤە ئاساییەکان دەتوانن کاری بوێرانەی بێوێنە بکەن و بەرخۆدانە بچووکەکان لە دژی هێزو دەسەڵات، ئەگەر بەردەوامبن، دەتوانن ببن بە بزوتنەوەی گەورەی کۆمەڵایەتی."

چەمکناسی

تورکیاناسی

# هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا

## ئامادەکردنی: تورکیاناسی

بریتییە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانیو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیی شارە گەورەکانو پارێزگاو قەزاکان، ئەم هەڵبژاردنە ٥ ساڵ جارێک لە تورکیادا دەکرێت. شارەوانییەکان وەک بەشێک لە سیستەمی ناناوەندی (لامەرکەزی) لە تورکیادا ئەژماردەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەم دەستوورو هەم تێڕوانینی پارتو سەرکردە سایسییەکان جەخت لە سەر سیستەمی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتو حکومەتدا دەکەنەوە.

وەک هەموو جیهان، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیاشدا جێگەی بایەخەو پایەیەکی سەرەکیی سیستەمی دیموکراسییە. تەنانەت بەراورد بە هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماریش زیاتر جێگەی بایەخی دەنگدەرو پارتە سیاسییەکانیشە، ئەمەش لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا چەند پارتێکی سیاسی لە چەند ناوچەیەک سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، واتە تەواوی دەسەڵاتەکان لە دەستی پارتێک یاخود هاوپەیمانیەتییەکدا کۆنابێتەوە.

لە ماددەی ٦٧ی دەستووری تورکیادا هاتووە: "شارەوانییەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریدەکرێن." هەروەها بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی هەمان ماددە: "دەنگدان پڕۆسەیەکی

ئازاد، یەکسانو نهێنییە، هەر کەسێک لە هەڵبژاردنێکدا دەتوانێت یەک جار دەنگبدات، دەنگەکان لە کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردندا بە ئاشکرا دەژمێردرێن، لە ژێر چاودێریی دادگادا ئەنجامەکان دەکرێن بە بەڵگەنامەی فەرمی."

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەوە (یەسێکا) (Yüksek Seçim Kurulu) (YSK) وەک دامەزراوەیەکی سەر بە حکومەتی ناوەند سەرپەرشتیدەکرێت. ئەم دەستەیە بە گوێرەی "یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانتاران"، ژمارە ٥٥٤٥ لە ١٦ی شوباتی ١٩٥٠ دامەزراوەو لە ٢ی شوباتی هەمان ساڵ دەستبەکاربووە. بە گوێرەی ماددەی ٥٨ی یاساکە، بنکەی سەرەکیی دەستەکە لە ئەنقەرەیەو لە هەر پارێزگاو قەزایەکیش لقێکی هەیە.

لە ڕۆژی هەڵبژاردندا دەنگدان بۆ هەریەک لە سەرۆکی شارەوانیی شارە گەورەکان، سەرۆکی شارەوانیی پارێزگاکان، سەرۆکی شارەوانیی قەزاکان، ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، موختار (ئەنجومەنی گەڕەکەکان) بەڕێوەدەچێت. مەبەست لە شارە گەورەکان؛ ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیرو ٢٦ شارەوانیی گەورەی دیکەیە، کە هەریەک لە شارە گەورەکانی ئامەد، وان، ماردینو ئورفای باکووری کوردستانی تێدایە.

بۆ یەکەم جار لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا کراوەو تا ئێستا ١٢ هەڵبژاردنی شارەوانی لەو وڵاتە کراوە.

لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا کە وا بڕیارە لە ٣١ی ئازاری ٢٠٢٤ بەڕێوەبچێت، ٣٦ پارتی سیاسی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ڕێگەیان پێ دراوە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن. پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) بە سەرۆکایەتیی دەوڵەت باخچەلی، پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بە سەرۆکایەتیی ئۆزگور ئۆزێل، پارتی باش بە سەرۆکایەتیی مێراڵ ئاکشەنەر، پارتی خۆشگوزەرای نوێ (یەرەپە) بە سەرۆکایەتیی فاتیح ئەربەکانی کوڕی نەجمەدین ئەربەکان، پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی) بە سەرۆکایەتیی تونجار باکرهانو تولای هاتیم ئۆغولاری، پارتی داوای ئازاد (هوداپار) بە سەرۆکایەتیی زەکەریا یاپیجی ئۆغلو لە پارتە سەرەکییە بەشدارەکانی ئەم هەڵبژاردنەن. جگە لە ئاکپارتیو مەهەپە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی کۆماردا بەشداردەبن، هیچ هاوپەیمانیەتییەک لە نێوان پارتەکانی دیکەدا نییە.

دەمپارتیو هوداپار وەک دوو پارتی کوردی بەشداریدەکەنو چەقی ململانێکانیان هەم لە نێوان خۆیانو هەم لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا باکووری کوردستانە.

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بە گشتیو

هەڵبژاردنی شارەوانیی ئەستەنبوڵ بە تایبەتی هێندە کاریگەریی هەیە، "ئەو کەسەی ئەستەنبوڵ بەڕێوەببات، تورکیایش بەڕێوەدەبات." وەک پەندێک لە تورکیادا بڵاوبووەتەوە. بنەڕەتی پەندەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ١٩٩٤، کاتێک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک کاندیدی پارتی سەعادەت، کە لەلایەن نەجمەدین ئەربەکانەوە سەرۆکایەتیدەکرا، توانیی ببێتە سەرۆکی شارەوانیی ئەستەنبوڵ، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا ئەردۆغان پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە)ی دامەزراندو توانیی زۆرینەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەدەستبهێنێت.

---

Resmi Gazete, 09.11.1982, Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, https://www.icisleri.gov.tr/kurumlar/icisleri.gov.tr/IcSite/illeridaresi/Mevzuat/Kanunlar/Anayasa.pdf, 12.02.2024

YSK, 12.09.2007, YSK Tarihçesi, https://www.ysk.gov.tr/tr/tarihce/1510, 12.02.2014

TBMM, 26.12.2001, Milletvekilleri Seçim Kanunu, https://www5.tbmm.gov.tr/tutanaklar/KANUNLAR_KARARLAR/kanuntbmmc032/kanuntbmmc032/kanuntbmmc03205545.pdf, 12.02.2024

Wikipedia, Türkiye'de Büyükşehir Belediyeleri, https://tr.wikipedia.org/wiki/T%C3%BCrkiye%27de_b%C3%BCy%C3%BCk%C5%9Fehir_belediyeleri, 12.02.2024

YSK, 27.01.2024, 31 Mart 2024 Mahalli İdareler Seçimleri, https://www.ysk.gov.tr/doc/dosyalar/docs/2024MahalliIdareler/2024Mahalli-BirlesikOyPusulasi-KuraTutanagi.pdf, 12.02.2024

YSK, 10.01.2024, Siyasi Partilerin Birleşik Oy Pusulasındaki Yerleri, https://www.ysk.gov.tr/tr/31-mart-2024-secimi/46637316, 12.02.2024

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری توركیاناسی

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی

بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری تورکیاناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.یادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

## ٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمان شێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

### کتێب

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).
نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

**گۆڤارو توێژینەوە**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

ÖZTAY, Oğuz Han, (2022), 31 Mart 2019 Yerel Seçimleri Özelinde Bir Değerlendirme, İletişim Çalışmaları Dergisi, 4. Yıl, Sayı 1, Cilt 8, Sa 101

**ڕۆژنامە**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نموونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

**ماڵپەڕ**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نموونە: Adler, Katya (٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).

نموونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).

نموونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).

نموونە: محمد قراسويى، محمد (٢٨/١١/١٣٩٦)، "محور مقاومت اسلامى، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسى: ٣٠/١١/١٣٩٦).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و

ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەر بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (رۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















































CFS
Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵـیـنـەوەی ئایندەیی







































CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی
سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

ژمارە ( ٣ ) ساڵی یەکەم، ئازاری ٢٠٢٤